# خەنجەرە زێڕینەکەی عومەر قادر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# خەنجەرە زێڕینەکەی عومەر قادر

سەربردەی کوردێکی تێکۆشەر کە لە دوای جەنگی
جیهانی یەکەمدا ڕووی داوە

نووسینی: **جۆن هنری میولر**

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:

**ناصح ئیبراهیم عەبدوڕەحمان دزەیی**

بژارکردن و داڕشتنەوەی: **غەریب پشدەری**



ناوی کتێب: خەنجەرە زێڕینەکەی عومەر قادر
نووسینی: جۆن هنری میولر
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ناصح ئیبراهیم عەبدوڕەحمان دزەیی
بژارکردن و داڕشتنەوەی: غەریب پشدەری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٨٩
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق- دلاوەر سادق
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٩٥)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

## پاژی یەکەم

خەباتی کوردان چەند مانگێکە دژی تورکان بەردەوامە، سەرکەوتنیان زۆر ڕوون و ئاشکرایە و هەرگیزیش هیوای ڕزگارییان لە کورتیەی نەداوە، بەتایبەتی عومەر قادر کە سەرکردەیەکی زۆر نەبەز بوو نەیدەهێشت ئەو هیوا و ئاواتانە لە دڵ و دەروونادا بێتە خوارێ و لە کەمیە بدا.

هەر ئەوڕۆ بوو لە ناو ئەو پیاوانەدا دەنگێک بەرز بۆوە کە گوتی:

عومەر قادر گوێم لێ ڕاگرە...

ئەوا ئەوڕۆ لە کورستان ئەو دوژمنە تورکانە گوند و لادێیەکانیان داگیر کردوون و ماڵ و حاڵ و خانووبەران دەسووتێنن و پڕ دەدەنە ئافرەتان و منداڵان ئازار دەدەن. هەر تەنیا لە گوندی (بسمێل) (١٠٠) سەد کوردیان هەڵواسیوە. مەڕ و ماڵاتیان تاڵان کردوون و هەرچی دار و درەختە هەموویان بەبیور و تەورداسان داهێناون و بڕیویاننەوە و هەر مەپرسە ئەو گوندانەیان چۆن کاول و وێران کردووە.

بۆیە کاک عومەر تکات لێ دەکەم دەست لەو شۆڕشە هەڵگرە و وازی لێ بێنە، چونکە ئەو تورکانە زۆر بەهێزن و پشتیان قایمە.

ئەو پیاوەی کەوا بێ پەروا ڕووی دەمی کردبووە عومەر قادر و ئەو قسانەی دەکرد خەڵکی گوندی (زۆخ) بوو، خاوەن ژنێک و سێ کچ و چوار کوڕ و مەڕ و ماڵاتێکی زۆر بوو.

ئەو پێشمەرگانەی لە دەوروپشتی عومەر قادریش بوون دەیانزانی ئەو پیاوەی وا بەڕاشکاوی قسان لەگەڵ عومەر قادریدا دەکات، (٣) سێ کوڕی لە شۆڕشدا شەهید بووە و ژنەکەیان ڕاکێشاوە و کچەکانیشی بزرن و تا ئێستاش بێ سەر و شوێنن. ئەوە جگە لەوەی کە بۆ خۆشی لە ناو جلوبەرگی خاکی پێشمەرگایەتیدا توانی ئازایەتی خۆی بنوێنی و ئاوا لە بەردەمی سەرکردە عومەر قادردا باسی ئاریشەکە بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەسێک ئامادە نییە و نایەوێ خۆی تەسلیم بەدوژمن بکات و چەکی شۆڕش و خەبات دابنێ. چ پێشمەرگەیەک هەیە



خاوەنی دایک و باوک و خوشک و برا و کچی ونبوو و بێ سەر و شوێن نەبێ، چ ماوە بیری لێ بکەینەوە و بۆی بەپەرۆش بین جگە لە ڕزگاری و سەربەخۆیی و سەرکەوتنی ئەو نیشتمانە. هەر ئەوە باشتر نییە خوێنی خۆمان بڕێژین و هەرچی هەمانە و نیمانە بیکەینە قوربانی و لە ڕێگای ئازادیدا بمرین تا ئەوەی وەک (بەندە)یەکی ملکەچ لە ژێر سایەی دوژمندا لەو چۆڵ و لێڕەوارانەدا بژین.

دەو دەمەیدا عومەر قادر هەورییە ڕەشەکەی بەلا تیلاکی سەریەوە تا سەرچاوی هێنا خوارێ و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ تفەنگەکەی بڵند کرد و بەلا ڕوومەتی خۆیەوە نا و، بەچاوێکی تووڕە و تۆسن و ڕوویەکی گرژەوە سێرەی گرت و دەستی لە ماشەی کێشا و تەقەیەکی کرد، بەو شێوەیە فایەق ڕووی وەرگێڕا. کەس ورتەی لێوە نەهات بەڵام هەریەکە لە حاند خۆیەوە بەگورجی دەستی دا تفەنگەکەی و بەپێوە لە تەنیشت خۆیەوە تفەنگەکەی بەردایەوە و قۆنداغەی لە عەردی دا.

ئەوجا عومەر قادر گوتی: ئەوەی دەیەوێ بڕوا فەرموو با بڕوا، ئەوە ڕێی لە پێشە. بەڵام ئەو دەیزانی کەس نایەوێ تەک بێتەوە و بڕوا.

ئەوەی دەیەویست تەنیا هەر (کۆماییس) بوو. کە پیاوێکی ترسنۆک و ئەندامێکی زیانبەخش و بوودەڵە بوو کە بیری لەوە دەکردەوە واز لەم شۆڕشە پیرۆزە بێنێ بۆیە هەمیشە سەری دەخورا بۆ مردن و بۆ کوشتنێ. خۆ ئەوە هەر یەکێکی دیکە بایە لە جێی عومەر قادری هەر دەبوو وای لێ کردبایە.

پێشمەرگەکان هەروا لە جێگای خۆیان ڕاوەستابوون، هەموو گوتیان ئێمە دەمانەوێ هەر بەردەوام بین لە خەبات، بفەرموو بڕۆین: شیمۆن ئەوەی زۆر بەسادە و ساکارانە گوت ئەوجا بەخۆ و چەکەکانیانەوە بەرەو چیای ملیان لێنا تا بچن جێ و بارەگای خۆیان دابمەزرێنن. سەرۆک عومەر قادریش فەرمانی دا بەم چوار پێشمەرگانە:

ڕەشۆ، هۆرمز، محەمەد، نیسان... کە ئاگادار و وریایی ئەو ڕێگا و بانانە بن و چاوەدێری ئەو چەک و فیشەکانە بکەن، چونکە پێویستیمان

بەهەر فیشەکێک هەیە.

سەرۆک عومەریش بەخۆی و بە( ٣٠ ) سی پێشمەرگەوە بەرەو لووتکە بەچیاکەدا هەڵگەڕان تا بتوانن لەوێوە چاودێری ئەو بەرەو بەری چیاکە بکەن.

نزیکەی هەفتەیەک بوو چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد سەربازی تورکان بێنە ناو ئەو دۆڵەوە، کە بەزەحمەتیش لە ناو جلوبەرگە خاکیەکانیاندا دەگەڵ ڕەنگی ئەو خاکە لێک جودا دەکرانەوە، مەگەر جوولانەوە و پێشمەرگەکان بیاندیبان و بیانناسیبان و تەقەیان لێ کردبانایە، چونکە نەیاندەویست هەروا هەڕەمەکی تەقە بکەن، چونکە پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی دەنێو ئەو شاخ و داخەیدا زۆر گران و ئەستەم بوو.

(ئەرێ دەبێ خودا کوردستانی لە بیر کرد بێ؟!) شیمۆن ئەوەی بەگۆرانی دەگوت.

شیمۆن نەیدەهێشت لە چاوی ون بن، هەر هەوڵی ئەوەی بوو سێرەیان ڕاست لێ بگرێ و بەجاسووس پێیانەوەنێ. عومەر لە تەکیەوە پێدەکەنی بەڵام شیمۆن خۆی تێک نەدا و هەر زیاتری خۆ داویشتە سەر ئەو بەردەی پێشێی و سەری داویشتە سەر جاسووسێ، و لەبەر خۆشیەوە دەیگوت: (خوا بەڕەحمە، دەبێ ئێستا لێرە ژیان لەو تورکانە تاڵ کەم.)

هەر فیشەکیان ڕەپێش دەکردە ناو لوولەی تفەنگێ و گیانی سەربازەکانی کەمال پاشایان دروێنە دەکرد.

تا عومەر قادر لە تەنیشت (شیمۆن)ەوە هاواری کرد: (ئەڵڵاهو ئەکبەر، ئەڵڵاهو ئەکبەر کە توانیمان هەشت سەربازی تورک بکوژین)

پێشمەرگەکان یەکجار دڵخۆش و بەختەوەری ئەم سەرکەوتنە بوون زیاتر بەوەش خۆشحاڵ بوون کە سەریان لە لەشکری تورکان شێواندبوو، بۆیە عومەر قادر لە خۆشییان و بەبێ وچان سەر و ملی بۆ لای ڕاست و چەپ بادەدا و بەدەم زەردەخەنەوە هاواری دەکرد (ئەڵڵاهو ئەکبەر، ئەڵڵاهو ئەکبەر) و دەیگوت لێگەڕێ با هەموویان گوێیان لەوە بێ. بەخۆی و



هەردوو برایەکەی و شیمۆن لەسەر لووتکە چیای بوون و باوکیشی سەرکردەی (فەرماندەی) بیست پێشمەرگە بوو، لە گوندیش پێش نوێژی دەکرد. دوو ئامۆزاشی بەلاپاڵی شاخییەوە بوون و تاوێرە بەردیان خلۆر دەکردنەوە بەسەر سەربازە تورکەکاندا.

دەبێ هەموویان گوێیان لێ بێ کە دوژمنێک کەمتر بۆوە. ئەوا تەقەی تفەنگانیش دەنێو ئەو شاخ و دۆڵ و بەندەنەیدا هەروا دەنگ دەداتەوە، پێشمەرگەکان لەسەر زێی (گولود) کە ئاو و هەوای زۆر سارد بوو، پاڵتۆیان لە تووکی حوشتر و مووی بزنان دروست کردبوو و ئاڵای سەوزیان - کە نیشانەی سەیدایەتییە بوو - هەڵدا بوو.

***

لە ژێر ئەو ئاڵایەیدا دەیانگوت: با بمرێ کۆماری ئەو بێ دینانە لە (ئەنگۆرا)(١) و با هەر بژی شۆڕشی کوردستان لە نێو ئەو شاخ و داخ و کێو و بەندەنانە، بەسەرکردایەتی سوڵتان و خەلیفان. هەروەک چۆن پێش مانگێک (شێخ سەعیدی پیران)یش بانگی شۆڕشی بۆ میللەتی کورد دا. کە هەر لەو شەوەوە سەدەها و بەڵکە هەزارەها کورد ڕوویان لە چیای کرد و هێرشیان کردە سەر بەتالیۆنەکانی سوپای تورکان و یەک بەدوای یەکدا شکاندیانن و ڕاویان نان. تورکەکانیش لە گەڕانەوە و هەڵاتنێیاندا هەرچی گوند و ئاواییە هەموویان کاول و وێران کردن. هەر بۆیە ڕق و کینەی کوردەکانیش ڕۆژ بەڕۆژ تا دەهات توند و تیژتر دەبوو. شەڕ تا دەهات گەرم و گوڕتر دەبوو لە نێوان لەشکری تورک و پێشمەرگەی کورداندا، بەڵام هەرچەندە زۆریشیان لێ دەکوژرا، چونکە چەک و جبەخانە و بار و بنەی زۆریان پێ بوو دەیانتوانی پێشڕەوی بکەن و پێشمەرگەکان پاشەکشە پێ بکەن و شوێن و جێی دی بگرن.

شیمۆن بانگی عومەری دەکرد و دەیگوت: بەخودای هیوام زۆر کەمە، بەڵام خۆ هەر دەبێ بەردەوام بین، چونکە تورکەکان دەیانەوێ ئەوشۆ ئەو بەرزاییە بگرن، خۆ ئەگەر گرتیشیان زۆر زەحمەتە بتوانین هەڵیان

(١): ئەنگۆرا: واتا... پیاوانی کەمال پاشا لە ئەنقەرە.

کەنینەوە و دەریان کەینەوە و بەردەوام بین.

بێ ئەوەی هیچی دیکەی لەسەر برۆن عومەر قادر وتی زۆر زەحمەتە بتوانین پێشیان پێ بگرین و لە بەرامبەریان ڕاوەستین.

هەواڵیان دانێ کە دوژمنان چەک و جبەخانە و چەکێکی زۆر و قورسیان دەگەڵ زەبر و زەنگێکی زۆر بەرەو ئەو ناو چیا و دۆڵ و نشێوە وەڕێ خستووە و هەروا دێنە پێش، لە لایەکی دیشەوە پێشمەرگەکان لەو ناو چیا و چۆڵە سارد و سڕە، بەشەو و بەڕۆژ هەدادانیان نییە و بێ خەو و خۆراک لە نانە ڕەقەی بەولاوە شتێکی دیکەیان وەچنگ ناکەوێ بۆ خواردنێ.

کاک عومەر قادر لە مزگەوتی (سێرت)ێ گوتی: ئەوە ڕێگای مان و نەمانە، دەبێ تا مردنێ خەبات بکەین و تێبکۆشین و هەوڵدەین. وەختێ خۆی دەست لەسەر (قورئان)ی پیرۆز و خەنجەری زێڕ دادەنێ و پەیمان دەداتە شێخ سەعید کە هیچ کاتێک واز لە خەبات نەهێنێ بۆیە شێخ سەعیدیش ئەو خەنجەرە زێڕەی تەسلیم دەکات و پێی دەڵێ: کوڕی کوڕم عومەر وا من ئەو خەنجەرە زێڕە و ئەو ئاڵایە سەوزەت پێشکەش دەکەم، بۆ ئەوەی خەنجەرەکە هەڵگری و ئەو ئاڵایە سەوزەش لەسەر ئەو شاخ و داخە و کوردستانی نیشتمانی کورداندا هەڵدەی تا بتوانی سەرکردەی خەبات و بیروباوەڕی ئازادی بکەی و هەمیشە لەسەر ڕێگای (قورئان) و خوو و خدە و ڕێ و شوێنی ڕەچەڵەکی پێشوومان بڕۆی. دەبێ سەرکەوتنت بەپشتیوانی خودا و پێغەمبەر و یاسا و شەریعەتی ئیسلامی بێت و سوێندیش بخۆ کە سەریش کەوتی نابێ واز لە خەبات هەر بێنی. لەگەڵ قسەکانیشیدا زۆر لەسەرخۆ دەستی بەسەر مشتووی خەنجەرە زێڕەکەشدا دێنا کە لە لای چەپییەوە لەبەر پشتێندیی نابوو. ئەو خەنجەرە زێڕە پشتا و پشت و نەوە بە نەوە لە ناو خێزانی شێخ سەعیدا وەکو هێما (ڕەمز)ێک دەستا و دەستی پێ کرا بوو و هەر بەرەبابێکی کە سەرکردەی گەلی کوردی کردبایە لە هەموو شەڕ و شۆڕ و خەبات و تێکۆشانێکیاندا ئەو خەنجەرەیان هەڵدەگرت و بەهەزاران شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر سوێندیان لەسەر دەخوارد. شەڕ و شۆڕی پێشان دەگەڵ فارس و تورک و عەرەباندا لە چاو ئەو شەڕانەی ئێستا وەک



گەمەی منداڵان بوو لە لای کوردان. عومەر قادریش بۆیە دەیزانی کە ئەو شۆڕش و خەباتەی ئێستا ڕێگای مان و نەمانە چونکە ئەمجارە لەشکری نیزامی کەمال پاشا بەچەک و چۆڵێکی قورس و تازەوە و بەپاڵپشتی ئینگلیزەوە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە. هەر لە سەرەتای ئەم بارودۆخە نوێیەشدا کوردەکان فەرمانی کەمال پاشایان لە هەموو بارێکەوە پشتگوێ خستبوو، بۆیە سەرکردەی کورد دەیزانی بەماوەیەکی کەم لەگەڵیاندا بەیەک دادێن و شەڕ هەڵدەگیرسێ، بەتایبەتی کە شاخ و داخ و ناوچەی کوردان کەوتە ژێر ڕکێفی تورکیای نوێوە و سیاسەتی ئینگلیز میللەتی کوردی کردە گەمە زەردکەی نێوان بەردی دەستاڕ.

سەرکردەی کوردان لە هەموو شوێن و جێگایەک، لە مزگەوت و سەرقەڵایان، لە نێو شاخ و داخان کۆبوونەوەیان دەست پێ کرد و فەرمانی خەباتیان دا و داوایان لە کوردان کرد هەرگیز سەر بۆ دوژمن دانەنوێن. بەتایبەتی کە شێخ سەعید بانگی خەباتی دا (فتوای دا) کە ئەوە شەڕی پیرۆزە و عومەر قادری کردە سەرکردەی ئەو شۆڕشە پیرۆزە و دڵنیای کردەوە کە ئەو خەنجەرە زێڕە سەری دەخات، چونکە ئەو خەنجەرە لە زۆر لە شۆڕشەکانی دیکەدا بەشداری کردووە بەتایبەتی لە شۆڕشەکانی میزۆپۆتامیا (وادي الرافدين) و هەروەها عومەر قادریش زۆر شارەزای پیلان و فێڵ و دەهۆی تورکان بوو، زۆری نەبرد ئەو شاخ و داخە کڵپەی ئاگری شەڕ و شۆڕی لێ هەستا.

(جیهاد) ئەو وشەیەیە کە بەسەر هەموو یاسا و ڕێسایەکدا باز دەدا و ئەوەی ئۆممەتی (محمد)ە - دروودی خوای لێ بێ - ئەیکاتە (فەناتیکە) و ئامادە و لەسەر پێیە چونکە ئەوەی لە شەڕی جیهاددا شەهید بێ خوا لە هەموو گوناهەکانی دەبوورێ و دەیبەخشێ. وشەی جیهاد و بانگەوازی جیهاد ترسێکی زۆری خستە دڵی پیاوان و بەرپرسانی (ئەنگۆرا) و ئاریشەکەیان زۆر بەڕاشکاوییەوە و بەگرنگ وەرگرت، چونکە دەیانزانی (جیهاد) زۆر لە ڕاپەڕینی میللەتێک (گەلێک) بەهێزترە.

شەڕ لە وەرزێکی زۆر ڕوو بەرەو سەرمادا قەوما... شەڕێکی تا بڵێی

گەرم و گوڕ لەبەر ئەوەش کە لەشکری تورکان چەک و چۆڵ و تەقەمەنی و جبەخانەیان تێر و تەسەل و جلوبەرگی لەشکریان گەرم و گوڕ و پوختە و کۆک و پۆشتە بوون شۆڕشی کورد نەیتوانی بەرسینگەی بکات و ڕێی پێ بگرێ...

بۆیە ئەو ڕۆژە عومەر قادر فەرمانی بەپێشمەرگەکان دا، دەست لە شەڕ هەڵگرن و بەرەو نوێژان بچن و ڕوو لە خودای بکەن و لێی بپاڕێنەوە، شۆڕشەکەمان بپارێزێ و هەر بمێنێ و ناو و ناوبانگی نەسڕێتەوە و پشتیوانمان بێ لە خەبات.

عومەر قادر هەر هەوڵی ئەوەی دەدا کە بەدووربین ئاگاداری جموجۆڵی دوژمن بێت، بەڵکە ئێ لە لایەکەوە دە تەڵەیان خات، یا هەر نەبێ گیروگرفتیان بۆ دروست بکات، بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی هەواڵیان هێنا کە دوژمن خەریکی هێرشێکی گەورەیە لە سێ قوڵەوە بەناو سێ دۆڵاندا هێرش بێنێ، عومەر قادر زانی بەو جۆرە ڕێیان لێ دەگرێ و ئابڵووقە دەدرێن و ڕێی پاشەکشەیان نامێنێ، بۆیە هەر بەو شەوە کاک عومەر و پێشمەرگەکان خۆیان گەیاندە چیایەکەی ئەو بەر، ئێوارە بوو مەلا لە دەنگی بانگی ئێوارێی دا (ئەڵڵاهو ئەکبەر، ئەڵڵاهو ئەکبەر) لەو ناو چیا و چۆڵ و دۆڵ و نشێوەدا دەنگی دایەوە، کە بانگکردنی خەڵکی بوو بۆ نوێژی ئێوارێ، پێشمەرگەکان هەریەکە لە جێی خۆیەوە هەستا بەرەو نوێژی جەماعەت چوو:

(قد قامت الصلاة... قد قامت الصلاة) نوێژ دابەسترا.

دەنگی نوێژکردنەکەیان تا بڵێی ئارام هێن بوو بەتایبەتی لەو ناو چۆڵ و چیا و شاخ و داخەدا کە هەموو بەڕیز بەرەو ڕووگە (قیبلە) ڕاوەستابوون و سەری سوژدەیان بۆ یەزدانی پاک لە زەوی دەدا. هەر بەو جۆرە تا نوێژ تەواو بوو.

هەموو نوێژکەران باوەڕیان بەوە بوو کە سەرکەوتنیان لە شەهید بوونیاندایە. بۆیە هەرچەند جارێکی کە مەلا بەدەنگێکی بەرز نوێژی دادەبەست و پێش نوێژی بۆ دەکردن و خەنجەرە زێڕەکەی بەهەردوو دەستان دەخستە سەر سەری و بانگی خەڵکی دەکرد (حي على الفلاح) وەرن



خێراکەن بۆ سەرکەوتن... خێراکەن بۆ سەرکەوتن زیکر و تەهلیلە هێندەی دی گەرم و گوڕتر دەبوو و دڵ و دەروونی دەجۆشاندن و ئەوەندەی دیکەی بیروباوەڕ و ورە بەهێزتر دەکردن.

***

هەر بەو شەوە سارد و سۆڵ و سەرما و سامالە کە ئەستێرە گرشە گرشیان بوو ئاگریان کردەوە و دەستیان کرد بەچا لێنان و خەپلەی جۆ دروستکردنێ، هەر لە بەیانی زووشەوە ئافرەتانی لادێکانی دەوروبەر، ماست و پەنیریان بۆ هەناردبوونە نێو شاخی. بەرە بەری دوای نوێژی عەسریش چەند کاوڕێکیان بۆ نانی ئێوارێ سەربڕین و ئێوارێش کە نانیان خوارد ئاگری نێو ئاگردانەکانیان مراندنەوە.

کە هەستیان ڕاگرت زانیان ئەوە ڕمبە ڕمب و تەپە تەپی پێی سەربازە تورکەکانە هەوڵ دەدەن لەو دۆڵەوە بەشەوێ بارەگا و چەک و جبەخانە بگوێزنەوە ئەوبەری دۆڵەکە. بۆیە هەر زوو هەشت پێشمەرگە بەپێخواسی بەناو ئەو دار و بەرد و دڕک و داڵانەدا ڕۆیشتن و سەرو خەنجەر لە مشتدا و بەورتە ورتی ناوی خوا هێنانەوە دڵ و دەروونیان بۆ خۆشەویستی ئەو شاخ و داخ و بەندەنە و بۆ سەربەستی دەسووتایەوە. هەر هەشت پێشمەرگە دوو دوو دابەش بوون و پاڵتۆنەکانیان لەبەر خۆ کردەوە و بەتوێی شەرواڵ و کورتەکەوە، بەو شەوە قەسرۆکە، هەریەکە بەخۆ و بەنارنجۆکێکی بەر پشتێنیی دەستکردی خۆیان هەنگاویان دەنا.

کاک عومەر و شیمۆن پێکەوە و بەئەسپایی و بەوشیارییەوە بەناو ئەو گەرووەدا بەرەو پادگان (معسکر)ی تورکەکان دەچوونە پێش. کاک عومەر گوتیە شیمۆنی: سەیرکە، ئەوە لە لای ڕاستەوە سێ تفەنگی ئۆتۆماتیک هەڵپەسێوراون و لەو بەرەوەش دوو ژەندرمە بەرامبەر یەک ڕاوەستاون و تفەنگیان بەشانییەوەیە. بێ ئەوەی ئاگایان لە هیچ بێ لەگەڵ یەکدا دەدوێن.

پێشمەرگەکان هەوڵیان دا لە هەر چوار لاوە بچنە پێش و هێرش بەرن، چونکە پێویستیان بەچەکە، بەڵکە بتوانن لە دوژمنیان بفڕێنن، جا کاک عومەر زۆر بەزانایی بەردێکی هەڵدایە خوارێ بۆ ئەوەی ئێشکگرەکان

مشەوەش بن و لە جێی خۆیان بجووڵێن، بۆیە هەردوو ئێشکگرەکان هەر لەو شوێنەی لێی بوون تفەنگەکانیان لە شانی داگرت. کاک عومەر دووبارە بەردی دووەمی هاویشت، ئێشکگرەکان لە جێی خۆیان وەلاکەوتن و ویستیان قولاغێکی بزانن هەروا بەدەم ڕێوە بوون کە دوو پێشمەرگە توانیان دوو گاشە بەردیان لە پشتەوەڕا بەسەردا خلۆر کەنەوە و هەردووکیان بەئاسانی لەناوبەرن و پیلانەکەیان سەرکەوێ و چەکەکان بەدەست بێنن... ئەو چەکانەشیان هەر لەوێ لە ناو دۆڵەکەدا شاردنەوە. هەر ئەو شەوە کاک عومەر و شیمۆن وەکو دوو شێر بەرەو پادگان (معسکر)ەکە گەڕانەوە، دیتیان ئەوا سەربازە تورکەکان لەناو چادرەکانیاندا ئاگریان کردۆتەوە و لە سەرمان لە دەوری دانیشتوون. هەردووکیان پێکەوە هەوڵیان دا، تا ئەو شەش قونبولە پڕ لە داینامێتەی پێیان بوو، لە هەر چوار دەورەی ئەو پادگانەی بچێنن و فتیلەکانیان بەجگەرە داگیرسێنن، کە ئەمانەیان هەموو ئەنجام دا، شیمۆن بەهەموو هێز و توانای خۆیەوە بەردێکی ئاخێویە خێوەتەکەوە... سەربازە تورکەکان دەستوبرد دەستیان دایە چەکەکانیان و دەرپەڕینە دەرەوە. کاک عومەر و شیمۆن کە چاوەڕوانی ئەو دەرپەڕینەیان دەکرد، هەردووکیان وێکڕا هەوڵیان دا بگەڕێنەوە جێیەکەی پێشوویان، لە ماوەی چەند چرکەیەکدا، قونبولەکان تەقینەوە و لە ژەندرمە تورکەکان بوو بەدۆزەخ.

لە هەر چوار لاوە بوو بەئاگر باران، بەڵام لەبەر نەشارەزایی خۆیان هیچیان بەهیچ نەکرد. بەیانی زوو پێشمەرگەکان بۆ نوێژی بەیانی ڕوویان کردە مەککە و نوێژی بەیانیان کرد، ئەوجا دەستیان کردەوە بەداگرتنەوەی چەکەکانیان و بەو فیشەکانەیان داگرتنەوە کە لە دوژمنیان وەگیر کەوتبوو.

هەر بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە تورکەکان ئەو ناوەیان بەجێهێشتەوە و کشانەوە ناوچە دەشتاییەکان و سەر ڕاستە ڕێیەکان. بەو جۆرە مەیدان بۆ پێشمەرگەکان چۆڵ بوو و توانیان ئەو ناو شاخ و داخ و دۆڵ و لاپاڵانە زۆر بەباشی بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

کاتێ کەمال پاشا بەمەی زانی، فەرمانی دا هێزێکی یەکجار زۆر بێتە ئەو ناوەوە.



## پاژی دووهەم

### شێخ سەعید داوای ڕێنمایی لە خودای دەکا

کەمال پاشا ئافرەتەکەی بەتەک خۆیەوە ڕاگرت و پەڕە کاغەزەکانی فڕێدانە ئەو لاوە و فیشەی پۆکەرەکەشی کە لە ئێسک دروست کرابوون بەسەر مێزەکەدا بڵاو کردن و تێکی وەردان. دەو دەمەیدا نمایندەکانی نامەیەکی گرنگیان دایە. کەمال پاشا وەک پڵنگێکی بریندار لە دالانی ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. ئافرەتەکەی لێ دوورکەوتەوە یاوەرەکانی کەمال پاشاش بەتەک دیواریەوە ڕاوەستابوون و چاوەڕێی هەڵچوون و تووڕەیی پاشایان بوون.

هەروا لەبەر خۆیەوە مڕەی بوو و دەیگوت: پێویستە چەندی بتوانم تورکیا بەهێز بکەم و کۆمەڵگای تورکی بکەمە کۆمەڵگایەکی جیهانی و لە ناو میللەتاندا دیار بێ - هەروەها دەشی گوت: (دەبێ ئەو دەستەی شمشێر ڕادەوەشێنی، هەر ئەو دەستە لە سەروو هەموانەوە بێ و سەرکردایەتی بکات). ئەوە خۆشترین قسەی بوو کە بەباوەڕپێکراوەکانی خۆی دەگوتن. کەمال پاشا چاکی گوێ لە قسان ڕادەگرت و بۆ خۆشی قسەکەرێکی لێهاتوو بوو. دیسانەوە وەقسە هاتەوە و گوتی: من تا ئێستا تورکیام لە گەندەڵی و بەر و بەرتیل خواردن ڕزگار نەکردووە، بەڵام وا چاترە جارێ لە پێشەوە دەستێکی بەسەر سوڵتان و خەلیفان دابێنین و دەوڵەتی عوسمانی یەکجارەکی لە ڕیشەوە هەڵکەنین، ئەو دەم دەتوانین تورکیایەکی نوێ لە نوێ دروست بکەین. کەمال پاشا چاوێکی بەنەخشەکەیدا خشاند و زۆر لەسەرخۆ گوتی: (ئەوا من بەسەر دوژمنیشدا سەرکەوتم، باشە دەتوانم ئەو گەلە هەمووی بەلای خۆمدا ڕاکێشم؟).

ئەگەرچی دەیزانی سەرکەوتن وەدەست دێنێ، بەڵام نەیدەزانی ئەنجامەکەی چۆن دەبێ. بەڕاستی میللەت لە خەتەردایە.

ئێمە توانیمان یۆنانییەکان زۆر بەئاسانی لەناو بەرین، کەسیش پاڵپشتی شۆڕشی کوردان نییە، تەنیا ئینگلیز نەبێ کە دژی ئێمە چەک و پارەیان دەداتێ - جا بۆیە ئێمەی تورک دەبێ بەهەر شێوەیەک بووە،

لەسەرمان پێویستە ئەو ڕاپەڕینەیان دامرکێنینەوە و لە ناوی بەرین.

کەمال پاشا هەروا خەریکی تاوتوکردنی نامەکان بوو کە تیایاندا داوای کۆمەک و یارمەتی و فریاکەوتن کرابوو. ئەویش کە هەر وەک سەربازێک لە دایکی خۆی بەر ببۆوە، لە نەخشە دانانی پیلانی سەربازی لە لا وەک گەمەی منداڵان و وەک ئاو خواردنەوە وابوو. ئەوە هەر لەبەر خۆشیەوە دەیگوت: (لەناوبردنی ڕاپەڕینی ئەو گەلە دڕندەیەی دژی من پرسیارێکی گرانە. بەڵام هەر دەبێ بەتورک و بەدونیاش ڕاگەیەنم ئەوەی دژی من هەستاوە چۆنی تەفروتوونا دەکەم و لەناوی دەبەم.) کەمال پیلانی ئەوەی دادەنا، چۆن بەدەستێکی پۆلایین لێیان بدات، چونکە دەیزانی هەستانەوە و ڕاپەڕینی ئەمجارەی ئەو گەلە زۆر بەبیروباوەڕێکی پتەوەوەیە و زۆر سەرسەختانە خەبات دەکەن بۆ ڕزگاری و سەربەخۆییان. دەشیزانی کە ئینگلیزیش ئەو شۆڕشەی قۆزتۆتەوە و کار دەکاتە سەر پووچەڵکردنەوەی ئاواتەکانی لە دروستکردنی تورکیای نوێدا.

ئەمە ئاوا جا بێینەوە سەر باسی کورد و کوردستان:

تا چاو بڕ دەکا لووتکە چیا بەرزە سەرکەشەکان بەبەفر داپۆشراوە، لە داوێنیشەوە ئەوە هەزاران کانی و جۆگا و رووبارە هاژەیان دێ و تێکەڵ دەبنەوە. لەو لاپاڵ و قەدی شاخانەشەوە ئەوە هەر گوندی ماڵە کوردانە، پڕە لە دار و درەخت و باغ و باغاتی پڕ لە میوەی هەمەجۆر و سەوزەی چوار وەرزە. دانیشتوانەکانیشیان هەرگیز سەر بۆ کەس دانانەوێنن و بەرەقییان هەر دەڵێی لەسەر بەردی لە دایک بووینە. بەزیرەکی و لێهاتوویشیان دەڵێی گورگ و ڕێوی بەدەهۆن دادێنە مەڕ و بزنان. لە ئازایەتیەشدا هەر دەڵێی هەڵۆن بەسەر ئەو چیا و کێو و بەندەنانەوە. چەقیون وەک دار ئەسپینداری وڵاتەکەیان و کڕ و بێدەنگن وەک ئاوی وەستاوی ئەو کانی و رووبارانە و تووڕەن وەک تووڕەیی و هەڵچوونی شێر. ئەوانە ئەو کوردەن کە ڕاپەڕیون، شۆڕش دەکەن و تێدەکۆشن و لە پێناو سەربەستیدا ناسرەون و هەر یەکێکیان غەنیمی دە کەسانن.

تفەنگ... بەرامبەر مووشەک و تۆپ و بۆمبا، خۆشەویستی و هیوای



سەربەستی بەرامبەر شەڕی درێژ خایەن.

ئەوەی ئەوان لەسەری دەڕۆن تەنیا یاسای شەریعەت و خوو و خدە و نەریتی تۆرەمە و ڕەچەڵەکیانە، دەنا هەرگیز گوێ نادەنە ئەو قانوونەی تورکان کە لە (ئەنگۆرا) پیادە دەکرێ و هیچ نرخێکیشی بۆ دانانێن. گەلێک کە هەزاران هەزار ساڵە لەسەر ئەو خاک و ئاوەی خۆی نیشتەجێیە و هەرگیز پێویستی بەشەڕ و هەرای کەس نییە و تەنیا داوای ئازادی سەربەخۆیی خۆی دەکات. هەر بەو بیروباوەڕەشەوە ڕۆژێ پێنج جار سەری سوژدە بۆ خودای گەورە لە زەوی دەدات.

عومەر قادر و شیمۆن پێکەوە لە تەک یەک پاڵیان وەبەردیەوە دابوو، دەمە دەمی نوێژی نیوەڕۆیە بوو لەگەڵ یەک دەدوان. وەرز بەهار بوو مانگی گوڵانێ، ئاسمانێکی پاک و بێگەرد و ساف و شین، خۆر تیشکی بەسەر ئەو شاخ و دەشت و دۆڵ و نشێوەدا پەخش کردبوو، هێشتا ئاوەکان و سەرچاوە و کانیاوەکان بەتەواوی نەتەقیبوونەوە.

شیمۆن گوتیە عومەر قادری: ئەوە نزیکەی سێ هەفتە دەبێ دەسکەوتێکی وامان نەبووە، لۆمەی یەکتریان دەکرد لەسەر ئەوەی کە ڕۆژ بەڕۆژ تورکەکان پێشڕەوی دەکەن و دێنە پێش.

شیمۆن گوتی: ئەوە مەترسی ئەوەی پێوەیە کە دوژمن بەهاوەن ئەو شاخ و داخانە بوردوومان بکەن.

عومەر گوتی: دڵنیام کە ئەو شەڕە نادۆڕێنین، چونکە تۆپەکانیان کاریگەرییەکی وایان نابێ و هیچ سەرکەوتنێکیش وەدەست ناهێنن. ئەوەی کە سەری لە من تێکداوە، ئەوەیە کە نازانم تورکەکان بۆچی ئەوە دە ڕۆژی ڕەبەقە هیچ جووڵانەوەیەکیان نییە. ئێمەش زۆر کەم دەنگوباسمان دەگاتێ. لە هەفتەی ڕابووردووەوەش چوار کەسی زۆر چاک دیار نین، هەر لەو دەمەیدا گفتوگۆکەیان بڕی، دیتیان ئەوا ئافرەتێک بەخۆ و بەتریانە نانێک و دوو مەتارە ئاوەوە وەدەرکەوت و هات و زۆر لەسەرخۆ دەگەڵ عومەر قادریدا دەستی بەقسان کرد و گوتی: کاک عومەر بەخودای، زۆر خراپ بەسەر ئەو گوند و گوندنشینانەدا هاتووە، ئەو تورکانە دار و بەردی

دەسووتێنن، مەڕ و ماڵات هەروا قاڕە و باڕەی دێ، کەس نییە سەرپەرشتیان بکات و بەخێویان کات. هەروا لاشەی منداڵ و ئافرەتانە لەو ڕێ و بان و لا ڕێیانەدا کەوتووە، دەغڵ و دان هەمووی گەیوەتێ، بەڵام من لە تۆ دەپرسم کێ بیدروێتەوە؟!.

ئەو پیرێژنە کەنەفتە هەر ڕۆژێک نا ڕۆژێک دەهات و خواردنی لە بۆ دەبردنە ناو شاخ و داخانە و هەر جارەی چوار سەعاتێکان بەڕێوە دەبوو. هەر جارەش هاتبا دەنگوباس و هەواڵی تەواوی بۆ دێنان.

کە ئافرەتان هەواڵی مەرگی پیاوەکانیان پێ دەگەیی، یەخەی کراسیان تا دامەنێ لەبەر خۆیان دادەڕی و گڵ و خۆڵیان وە سەری خۆیان دەکرد و دەچوون تەرمەکانیان هەر لەناو ئەو شاخ و داخەدا دەشاردنەوە، چونکە لەبەر شەڕێ نەیاندەتوانی بیانهێننەوە و لە پشت گۆڕستانی مزگەوتێ بەخاکیان بسپێرن. جارێکی کە پیرێژن نانیان بۆ دەبا ئەز قەزا قونبولەیەک دێت و لە تەنیشتیە ویەوە لە عەردی دەدا و پیرەژنێ توورِ دەداتە ئەولاترەوە.

عومەر قادر وتی: دەبێ هەر ئەمشەو بچمە لای (شێخ سەعید) تا قسەی لەگەڵدا بکەم، چونکە لەوانەیە ئەو لە ئێمە باشتر بزانێ کە لە سەرەوەین. چونکە وا پێدەچێ لە لای ئێمە دەستێکی ناپاک هەبێ و کەوتبێتە ئەم دەوروبەرە. بەڵام کاک عومەر هیچ نەخشەیەکی ئەم ناوچەیەی لا نەبوو، خۆ ئەگەر لە لاشی بووایە هیچ سەرەدەرێکی لێ نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شارەزای کون و کەلێن و بەرد و بن بەردی ئەو شاخ و داخی ئەو وڵاتە بوو و گوتی: ئەگەر هاتوو دوژمنان توانیان لەسەرەوەڕا ڕێگامان لێ ببڕن و لە ناو ئەو سێ دۆڵەدا ئابڵوقەمان دەن، مانای وایە ئێمەی کورد دۆڕاندمان و دەبێ هەڵێین و ڕوو لە گەرمێنی ئەوبەری شاخەکان بکەین یانی دەشتاییەکانی کوردستانی عێراقێ. ئەوجا دەبێ بکەوینە بن دەستی عارەبان، بەڵام ئەمە هەرگیز نابێ ڕووبدات و نابێ بەهیچ جۆرێک ڕێگا بەدوژمن بدرێ لە باکورەوە هێرش بێنن. جا ئێستا دەبێ چاوەڕێی مانگە شەوێ بم بۆ ڕۆینێ.



پێشمەرگەکان بەبێ غەم دەورەیان لە ئاگری دابوو و پاڵیان دابۆوە و دەبۆرژانەوە و دەیانگوت ئەوە شەڕی ئەورۆ تەواو.

شێخ عومەر قادر هەر بەو شەوە هەواڵی بۆ هات کە تورکەکان چواردەوری ئەو شاخەیان گرتووە کە ئەوانی لێن و تەنیا یەک پادگان (معسکر)یان لەوبەرێ بەجێ هێشتووە.

کاک عومەر گوتی: دەبێ هەر بەو شەوە لێرە لەو جێیەی خۆمان بکشێینەوە. ئەوەش ویستی خودایە کە ڕژێمی کەمال پاشا بتوانێ سوڵتان و خەلیفان لە ناو ببات و ئافرەتان سەرقۆت کات خەتی قورئانێ بەزمانی عەرەبی نەفرەت لێ بکا.

بەڵام ئێمە نابێ لێبگەڕێین ئەو کافرانە فەرمانڕەواییمان بکەن، ئەدی شێخ سەعید بانگی جیهادی نەداوە. ئەدی هەر ئەو خوایە تا ئێستا بەڕەحمی خۆی یارمەتی نەداوین؟! بەحەول و قووەتی ئەو خودایە نابێ ئەو شەڕە بدۆڕێنین و دەبێ لە نێو ئەو شاخ و داخەدا خۆمان پێشانی دوژمن بدەین و نەیەڵێن تورکەکان سروودی گاڵتەجاڕیمان بەسەردا هەڵدەن و عارەبەکانیش پێمان پێبکەنن. ئەرکی سەرشانمانە و پێویستە بمێنینەوە و تێبکۆشین و هەوڵدەین، تا فەرمانمان لە شێخ سەعیدەوە بۆ دێت. پێشمەرگەکانیش هەموو هەر بیروڕایان لەسەر ئەمە بوو. ئەوجا کاک عومەر وەڕێکەوت، خەنجەری زێڕ لەبەر پشتی و بەشەش سەعاتان گەییە جێی مەبەست، ئەو دێیەی دەیەویست، پاش (٣) سێ ڕۆژان گەڕایەوە، کە گەییبەوە ناو پێشمەرگەکان، یەکە یەکە سەرنجی هەمووانی دەدا و دەیگوت: بڕیارمان وایە کە دەبێ لێرە بمێنینەوە و لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەردەوام بین و ئێرە بەجێ نەهێڵین.

یەکێک لە پێشمەرگەکان کە ناوی (مەحموود) بوو گوتی: (کاک عومەر ئێمە هەموو ملکەچی فەرمانین و ئامادەی گیانبازین، بەڵام وا وەرز بەرەو زستان دەچێ، ئەو زەوی و زارە هەمووی هەر وا ماوەتەوە و تۆو نەکراوە، ئەو ئافرەت و منداڵانەی نێو گوندەکان هەموو لە برسان دەمرن، لە لایەکی دیکەشەوە چ ئافرەتێک هەیە بتوانێ بەچلوان نان و پێخۆرێکمان بۆ

بگەیەنێتە ناو ئەو چیایانە.

کاک عومەر قادر گوتی: خودا گەورەیە کاک مەحموود دەرگایەکمان لێ بکاتەوە، ئێمە هەر لەسەر خەباتی خۆمان بەردەوام دەبین، تا شێخ سەعید بیرێکی لێ دەکاتەوە.

کاک عومەر قادر هیچی لە ڕووی ئەو پێشمەرگەیە نەدا و چ سزایەکی بەڕەوای ئەو نەزانی چونکە دەیزانی قسەکانی ڕاستن. بەڵام ئەوەشی بەئەرکێکی سەرشان دەزانی کە دەبێ هەر بەردەوام بن لە خەبات و بەرخودانداندا، چونکە فەرمانی شێخ سەعید بوو سەرپێچی لێ نەدەکرا و هەمووش سوێندیان بەقورئان و خەنجەری زێڕ خواردبوو.

ئەو شتانەی کاک (مەحموود) باسی کردن زۆر دوور بوون لە گیانی شەڕی پیرۆزەوە، بەڵام لە سەرێکی دیبەوە ئەی بەو زستانە چی بخۆین بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان ڕاگرین. کەچی شێخ سەعید و کاک عومەر باوەڕیان وابوو کە تا بەفر دەبارێ ئەوان دەتوانن بژێننەوە و خۆڕاگرن.

دیسانەوە کاک مەحموود هاتەوە قسە و وتی: مرۆڤ دەبێ بژی، تا بتوانێ بمرێ. چونکە تێکۆشان و خەباتێکی برسییانە بەرەکەتی نییە و بێ پیت و فەڕە. بۆیە دەڵێم کاک عومەر لێگەڕێ با شێخ سەعید مۆڵەتی چەند ڕۆژێکمان بداتێ، تا هەر نەبێ بتوانین کەم تاکورتێکی ئازووقەی زستانێ پەیداکەین.

کاک عومەر گوتی: ئەوەش بۆ خۆی پرسیارێکە... داخوا دەتوانین داوای مۆڵەتێ لە شێخ سەعیدی بکەین؟!. ئەوە دامان نا، ڕێگاشی پێ داین و مۆڵەتی داینێ، ئازووقەی لە کوێ وەدەست خەین و چەک و فیشەکی ئەم زستانە لە کوێ پەیدا کەین؟ کاک عومەر قادر هەمیشە هەر بیری بەلای ئەوەوە بوو کە ئەو شۆڕشەیان هەڵگیرساندۆتەوە ئێستا چۆن وازی لێ بێنن، یا بۆ ماوەیەک ڕایبگرن!.

سەرۆک تیرە و هۆزەکان (عەشیرەتەکان) بڕیاریان دا شاندێک بنێرنە لای شێخ سەعید و ئەو ئاریشەیەی دەگەڵدا باس بکەن، بەڵام کاک عومەر قادر زۆر و کەم بیروباوەڕی خۆی لەسەر ئەو شاند و گفتوگۆیانەیان



دەرنەبڕی و خۆی تێنەگەیاند.

شێخ سەعید لە ماڵی خۆی پێشوازی لەو شاندە کرد، کە بەشەرمەوە بەخۆ و بەقەد و دەمانچە و خەنجەری ژێر پاڵتۆیانەوە، لەسەر مافووری سوور دانیشتن و تفەنگەکانیشیان لە پشت خۆیانەوە بەدیواریەوە هەڵپەسارد.

شێخ سەعید فەرمووی: قاوەی بۆ میوانان بگێڕن – هەرچەندە پارە و قاوەش لەو وڵاتەیدا زۆر کەم بوو–.

شێخ سەعید لە هەورازی ژووری لەسەر دۆشەکێ دانیشتبوو و پاڵی وەسەرینی بەر دیواریەوە دابوو و دەیگوت: بەئومێد و بەپشتیوانی خودای گەورە، دەبێ ئێمە لەو شەڕە و بەزووترین کاتیش و ئازایەتی و هەڵمەتی ئێوە هەر سەرکەوین. بەیارمەتی ئەو خودایە دەبێ جێی ڕاستەقینەی گوللەکانتان سەردڵی دوژمن بێ و وەک گەنم و جۆی هاوینان چۆن بەدەم داسێوە دێن، ئاوایان بدروونەوە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە کاک عومەر پێشتر ئەوەی بەشێخ سەعید ڕاگەیاندبوو کە ئەو پیاوانە لە شەڕ و خەبات ماندوو نینە و تەنیا هەر بۆ سەردان و چاوپێکەوتن و گوێ لە فەرمان گرتن دێنە خزمەت.

لە کۆتاییدا شێخ سەعید سوپاسێکی زۆری کردن و بەشانازییەکی زۆرەوە ڕێزی لێنان و ئەو سەردانەی زۆر بەرز نرخاند، چونکە سەردانی پیاوانێکی خەباتگێڕانە بوو، نەک سەردانێکی دوژمنانەی ترسەنۆک. بۆیە لە کۆتایی سەردانەکەیدا شێخ سەعید گوتی: ئێمە دەبێ هەمیشە لە خەبات و تێکۆشانی ناو ئەم شاخ و داخانەدا بەردەوام بین، تا دوا سەربازی تورک دەرەتێنین و ئەم وڵاتەیان لێ پاک دەکەینەوە. دەبێ هەریەکە لە ئێمە بڕوامان تا بێ بەهێز و پتەوتر بێت لەو شەڕانەدا، ئێستاش بگەڕێنەوە ناو چیاکان و جێ و ڕێی خۆتان و خوا پشت و پەناتان بێت و دەست بەباڵتانەوە بگرێ.

کە شاندەکە شێخ سەعیدیان بەجێ هێشت، چوونە چایخانێکی و لەسەر لاتەختان دانیشتن و دەستیان بەڕاوێژ و قسان کرد و هەموو لەسەر ئەوە

کۆک بوون کە نابێ یاسا بشکێنن و لە دەستوور لادەن. هەرچەندە پێشیان خۆش بوو کە ئەو تووتن و دەغڵ و دانە بدروونەوە و سەروبەریان بکەن و کۆیان بکەنەوە، بەڵام لە شەرمی رووان هیچیان لەم بارەیەوە نەدرکاند. ئەوەشیان وە بیر یەکتر هێنایەوە، کە چۆن هەریەکەیان بەچاوی خۆی دیتوویەتی کە عومەر قادر (کۆماییسی) چۆن کوشت. هەشیان بوو دەیگوت... باشە ئەوە دەبێ ئەو شەڕە پیرۆزە هەر وا بەبگرە و بەردە و بێنە و بەرەوە بمێنێتەوە و هەر وا بێ! هەر چۆنێک بێ بۆ لا بەلا کردنەوەی ئەم ئاریشەیە هەر چاکتر وایە مل بنێینەوە شاخ و پێ هەڵگەڕێینەوە. عومەر قادر دەیزانی زۆری پێویستی بەو پیاوانەیە، بۆ بەردەوامی شۆڕش، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێکی باشیشی لە دەست دابوو.

کاک عومەر قادر بۆ زیاتر بروا و دڵنیایی خۆی بەرەو باکور هەڵکشی، هەر لەوێ گوتی: ئەگەر تورکەکان لێرەوە چوار دەورمان بگرن ئەوە مانای وایە دۆڕاین. ئەدی دوایە دەبێ چیمان بەسەر بێ. هەرچەندە کاک عومەر قادر دوو جارانیش کەوتبووە ناو بۆسەی تورکەکانەوە و تەقەیان لێ کردبوو، بەڵام هەردوو جاران بەساغی و سەلامەتی دەرچووبوو. جاروبار بەپێشمەرگەکانی دەگوت (مردن شتێکی زۆر ئاسانە بەڵام ژیان بەدیلی و بێ دەسەڵاتی و ملکەچی و سەرشۆڕی و دووری لەم شاخ و داخانەمان، کارێکی زۆر سەخت و تاڵە) تەنانەت شێخ سەعیدیش ئەمجارەیان وەک کاک عومەر قادر بڕوایان بەشۆڕشەکە زۆر نەبوو. هەرچەندە هیچ کەسێک وەک ئەو تێکۆشەر و موجاهید نەبوو بۆ خاکی ئەم کوردستانە و هەمیشە هەر دەیگوت: دەبێ ئەم کوردستانە سەربەست بێ، خۆ ئەگەر هەموومان خۆمان و ژیانمان لەسەر ئەم کوردستانە و لە پێناویدا دانابێ، ناکرێ بەهیچ جۆرێک پشتی تێکەین و وازی لێ بێنین.

هەموو جارێ بەپەرۆشەوە، وەک شێرێکی بێ دەسەڵاتی ناو قەفەز بیری لە دڕندایەتی دوژمن دەکردەوە، کە چیان لەو میللەتە کردووە لەو شەڕانەدا.

کاک عومەر قادر حەزی نەدەکرد زۆر دیار بێ و زۆر بێتە ناو خەڵکی، چونکە دەیزانی تورکەکان پارەیەکی زۆریان بۆ کوشتنی تەرخان کردووە،



بەتایبەتی لەو ناوچانەی سەرەوە، متمانەی بەکەس نەبوو... چونکە ناوچەیەکی عەشایەری بوو، شەڕیش لەو ناوچە عەشایەریانە و شەڕی عەشایریش گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە.

کاک عومەر وا ڕاهاتبوو کە هەر بەو نان و پەنیرەی ناو بەرکی پاڵتۆی قنیاتی تێ بکا، جار جارە نەبێ کە برادەرێکی جێی متمانەی خۆی هەبوو لە لای دەحەسایەوە و نانێکی پوختی لە لا دەخوارد، دەنا لە چ جێیانی لانەدەدا.

لە هەموو لایەکیشەوە گوێ بیست دەبوو و هەواڵی ئەوەی پێ دەگەیی کە تورکەکان لە باکورەوە هێرش دێنن و دەیانەوێ ئەو دەروو و گەرووانە بگرن و لێیانڕا وەسەرکەون. کاک عومەر قادر هەرگیز چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد و بەخەیاڵی دانەدەهات کە تورکەکان دەتوانن ئەو گەرووانە بگرن، کە ئەوەیان لە دەست بێ زۆر زەحمەتە پێشمەرگەکان بتوانن ئەو بەرە و بەرێ بکەن و بێن و بچن، ئەوە هەر بەردەوامیش سەرۆک عەشیرەتەکانیش خەریکی ئەوەن شێخ سەعید وادار بکەن بۆ ماوەیەک ئەو شەڕە ڕابگرێ.

***

داکێ شێخ سەعیدی خاتوونەکی کارامە و لێهاتوو نەبوو، هەر ئەو بوو ڕێی بۆ دز و جەردان خۆش دەکرد، هەر ئەو بوو پیاوکوژێکی لەژێر پەتی سێدارە لە مردن ڕزگار کرد هەر ئەو بوو بۆ هیچ شتێک پرس و ڕای بەشێخ سەعیدی نەدەکرد و هەر سواری قسەی خۆی دەبوو و بەگوێی خۆی نەبایە بەگوێی کەسی نەدەکرد. هەر ئەویش بوو سەرۆک عەشیرەتەکانی هان دەدا وا لە شێخ سەعید بکەن بۆ ماوەیەک شەڕ ڕاگرێ تا ئازووقەی زستانێ کۆ دەکرێتەوە و دوای ئەمە دەست دەنەوە چەک. کەسیش نەیدەزانی خاتوون چ دەنگوباسێکی بەکورەکانی دەگەیەنێ. بۆیە شێخ سەعید لە پێش حەساری مزگەوتێ گوتی: کورینە من ناتوانم بەتەنێ چ بڕیارێک لەسەر ئاریشەی شەڕ ڕاگرتنێ بدەم، تەنیا چاوەڕێی دلۆڤانی خودای گەورەم ڕێم پێشان بدات و بەهێرە نەچم. هەر دەو سەرووەختەشدا تورکەکان لە باکورەوە لە هەر چوار لاوە هێرشیان دەست پێ کرد و بەرەو پێشەوە دەهاتن و جێ و

ڕێ و سەنگەری پێشمەرگەکان کەوتە بەر مەترسییەکی زۆرەوە.

لە ئەنگۆراش کەمال پاشا بەدەستێکی دەستەکەی دیکەی خۆی دەخوراند و دەیگوت: تەنیا هەر چەند ڕۆژێک ماوە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو هەستانەوەیە. ئەو دەنگوباس و هەواڵانەشی لە ڕێی ئەو کوردە جاشە خۆفرۆشانەوە پێ دەگەیشت کە کەمال پاشا بۆ خۆی ڕایگرتبوون و پارەی دەدانێ.

عەلییە کەچەڵ ئەو فەرماندەیە بوو کە بەرەو دیاربەکر دەچوو، ئەوەش دەو دەمەیدا کە کوردەکان چەک و تەقەمەنییان هاتبووە بڕانێ و لە چ جێیانیان بەچنگ نەدەکەوت. هەر ئەوەندەیان پێ مابوو تەماشای لەشکری تورکان بکەن چۆن بەرەو پێشەوە دێن.

گوندییەکان (٣) سێ شەو و (٣) سێ ڕۆژ بوو لە بن دیواری مزگەوتێ خڕ دەبوونەوە تا بزانن ئەو شەڕە چی لێ دێتەوە.

***

کاک عومەر قادر زۆر بەدەستوبردی گەڕایەوە ناو چیای و پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە کە ئەوە هەموو لایەک بەچاوی خۆمان دەبینین شەڕ کۆتایی هات. تەنیا ڕێگایەکیش مابوو کە لێوەی دەرباز بن. تازە دەو دەمەیدا بیریشی لەوە نەدەکردەوە کە سەرپەرشتی و فەرماندەیی شەڕ بکات، چونکە بێگومان بوو لەوەی کە پاش چەند ڕۆژێکی دیکە هەر چوار دەوریان دەگیرێ.

ئەو شوێنانەی پێش چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر مەڕ و ماڵاتی لێ دەلەوەڕێنرا هەمووی بۆتە چادری سەربازی ژەندرمەی تورکان، بۆ ئەوەی نەشکەونە بەر دەست و بەر لوولەی تفەنگی دوژمنیش، دەبوایە ڕێگایەکی زۆر دوور و درێژ و پڕ پەناوپێچ ببڕن، چونکە لەشکری دوژمن دەتگوت پاپۆڕە دە دەریایەدا و شەپۆلان دەدا و بەناو ئەو شاخ و داخەدا پێشڕەوی دەکات و لەو جێیانەی کە بەرگری پێ لە خۆی دەکرێ ئۆردووی هەڵدەدا و دادەمەزرێ.

شێخ سەعید بەڕوویەکی گرژەوە و بەکوورە کووڕ لەبەر دەرکی مزگەوتێ



وەدەرکەوت و دەستی چەپەی خستە سەر لاشیپانی دەرکێ و دەستی ڕاستی وەک بۆ بەرەکەتی بڵند کات بەرز کردەوە و گوتی:

حەفسە خانم، خاتوونێ داکم، بۆ ئێوە پاڕاوەتەوە، بۆیە دەبێ ئەم جۆرە پیاوانەی وەک ئێوە بەر بدرێن. بەڵام قورئان دەفەرمووێ کە تاوانبار دەبێ سزا بدرێ و منیش نابێ سەرپێچی لە قسەی دایکمدا بکەم. لەبەر ئەوەی کە فەرمانی خودا وایە ئەو کەسەی خیانەت بکات دەبێ (١٠٠) سەد قامچی لێ بدرێ. هەموو سەریان لەو فتوایەی شێخ سەعید سوڕما. هەروەها شێخ سەعید گوتی: ئەو کەسەی کە یەکەم جار بەقسە خیانەتی لەگەڵ من کرد ئەوە دایکم بوو، لەبەر ئەوە دەبێ تووشی سزای (١٠٠) قامچی بکەم. خەڵکەکە کەوتنە چرپ و چۆپان و فسکە فسک لە ناو خۆیاندا و دەیانگوت، باشە خۆ ناتوانێ تەنانەت خۆی بۆ (٣٠) سی قامچیش ڕاگرێ، خۆ بەخودای حەفسە خان بە(١٠) دە قامچیان حەیاتێ ڕەش دەدات.

شێخ سەعید زۆر بەڕژدی پێی لەسەر ئەو فتوا و سزایە داگرت و گوتی: دایکم بێنن و لەسەر ئەو سەکۆیەی درێژ کەن تا بەگوێرەی فەرمایشتی قورئان سزای خۆی وەرگرێ. حەفسە خانیان هێنا، بەپشتی کووڕەوە لەسەر سەکۆی مزگەوتێ و لە پێش چاوی شێخ سەعیدی، جەللاد یەکەم قامچی داهێنایە پشتی داکێ شێخ سەعیدی.

ئەو دەم شێخ سەعید دەستی جەللادی گرت و ڕووی کردە خەڵکەکە و گوتی: خەڵکینە ئەی تێکۆشەرانی جیهاد، خودای گەورە ڕێی ئەوە ئەدات کە من ئەو سزایە بخەمە ئەستۆی خۆم لەجیاتی دایکم. بەڵام هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، لێبووردنی تێدا نییە. ئەوجا بەجەللادی گوت: ئەو (٩٩) نەوەد و نۆ قامچییەی ماوە لە منی بدە و (فەرمانیشت پێ دەکەم وام لێ بدە، وەک چۆن لە دزێک دەدرێت). ئینجا شێخ سەعید پشتی خۆی ڕووت کرد و لەسەر سەکۆی مزگەوتێ چەمیەوە. لەبەر ئەوەی قسەی ئەویش فەرمانێکی پیرۆز بوو، کەس نەیتوانی قامچی لە دەست جەللادی دەربێنێ. جەللاد دەستی کرد بەقامچی لێدانێ، دوای (٢٣)

قامچی شێخ سەعید لەخۆ چوو، هەر موچوڕکەی بەلەشیدا دەهات و خوێنی پشتی فیچقەی دەکردە سەر سەکۆی مزگەوتێ و پیاوان هەوری و مشکییەکانیان پێ سوور دەکرد تێیان هەڵدەسوین، چەند ئافرەتێکی زانا و حەکیم هەوڵیان دا پشتی بەهەتوانێ تیمار بکەن و بیپێچنەوە. دوایە هەموو ڕوویان کردە حەساری مزگەوتێ بۆ نوێژ و نزا و پاڕانەوە. کاک عومەر قادر لە ناو چیاکانەوە ئاماژەی کرد کە بگەڕێنەوە چونکە ئەو شەڕە پیرۆزەشیان دۆڕاند. کە هۆیەکەشی ئەوە بوو کوردێکی خائن هەموو جێگا و بنکە و سەنگەرەکانی پێشمەرگە و سەرکردەکانی بۆ تورکان دیاری کردووە و پێشیان کەوتووە و هەر لەگەڵ بوولێڵی ئێوارێدا پێشمەرگەکان بەدڵ و دەروونێکی غەمبار و سەر و چاوێکی گرژ و فیشەکدانی بەتاڵەوە، شتومەکەکانیان و ئازووقە و کانی و سەرچاوەکانیان دەسووتێنن و دەتەقێننەوە و جێگاکانیان بەجێ دێڵن.

کاک عومەر قادر دەگەڵ پێشمەرگەکان ڕوو لە چیاکانی کوردستانی ئێرانێ دەکەن و هەر لەوێ دەست دەکەنەوە بەخۆ ڕێکخستنەوێ و خۆ بۆ شۆڕشێکی نوێتر ئامادە و تەیار دەکەنەوە.

دەگەڵ ئەو هەموو کوشت و کوشتارەش کە لە لەشکری تورکان کرابوو و ئەوەی مابۆوەش زۆر شپرزە و هیلاک و شەکەت و ماندوو بوو، کەچی هەر توانیان شێخ سەعید دەستگیر و دەستبەسەر بکەن. کاتێ کەمال پاشا بەمەی زانی دەستی بەئاهەنگ و سەمای سەرکەوتنێ کرد و گوتی مادامەکی سەرۆکی گیانی شۆڕشەکە دەستبەسەر کرا و گیرا، ئیدی دەتوانین بەزووترین کات ئەو چەتانەی ناو ئەو شاخ و داخانە بەتەواوەتی لە ناو ببەین و ئەو کوردەوارییە هەموو بخەینە ژێر ڕکێفی خۆمانەوە.



## پاژی سێهەم

عومەر قادر دەگەڕێتەوە و هەر لەسەر دەستوور و پەیڕەوی قورئان و خدە و خوو و ڕەوشت و نەریتی ڕەچەڵەکی پێشوویان دەڕوات.

هەشت پێشمەرگە لەسەر لووتکە شاخێکی کە بەهەر چوار لایدا دەڕوانی، دەوریان لە ئاوردوێکی چکۆڵە دابوو.

(من چ ڕق و کینەیەکم لە تۆ نییە، چونکە تۆ خۆت و گەورەکەت نەفرەت لێکراوی لای خودای گەورەن و حیسابی ئێمە دەبێ لەبەردەمی دادگای تازە بکرێ و لێک هەڵاوێژرێ).

ئەوە شێخ سەعید پێش بەسێدارەی داکەن ئەمەی گوت و موحەممەد لۆریک بەگوێی خۆی گوێی لێ بووە، چونکە ئەو بۆ خۆی لە دیاربەکر بووە کە (٤٦) چل و شەش گەورە پیاوانی کوردیان لە سێدارە داوە، حەسەنیش (١٠٠) سەد جار زیاتری گێڕاوەتەوە کە پیاوانی کەمال پاشا سەرکردە جاشەکانیان لەبەر چاوی ئەوان لە سێدارە داوە. کاک عومەر و پێشمەرگەکان جارێکی دیش سوێندیان خواردەوە کە لە تێکۆشانی خۆیان نەکەون و هەر بەردەوام بن تا تۆڵەی هەموو ئەو شەهیدانەی ڕێی ڕزگاری لەو تورکە خائینانە دەکەنەوە و بەسزای ڕەوای خۆیانیان دەگەیەنن.

لەو لاشەوە کەمال پاشا زۆر بەدڵڕەقییەوە ئەو شۆڕشەی کوردی سەرکوت کردەوە و هەرچی گوند و پەخش و شارۆچکە هەبوون هەمووی تەخت و وێران کردن و دادگای سەربازی سزای مەرگی هەزاران کوردی دەرکرد، ئەوەی کە سزای مەرگیشی بەسەردا نەدرابایە ئەوا دەخرایە زیندانەوە و هەتا دەمرد لە ژێر بار و کاری قورسی زیندانا دەمایەوە و دەیناڵاند.

عەلییە کەچەڵ بەرپرسی لیژنەی لە سێدارەدان بوو، هەر ئەو بوو فەرمانی بەجەللاد کرد شێخ سەعید هەڵواسێ. کەس باوەڕی نەدەکرد، تەنانەت تورکەکانیش پێیان وا نەبوو دادگایەکی وا لە کوردستاندا دابنرێت و ئاوا بەم شێوەیەش شێخ سەعید لە سێدارە بدرێ. پاش لە داردانی شێخ سەعید، عەلییە کەچەڵ گەڕایەوە ئەنکەرە لای کەمال پاشا و موژدەی دایە کە ئەو ڕاپەڕینەشمان لەناوبرد و سەرکوتمان کردەوە و هێمنی و ئارامیمان

دووباره گێڕایەوە و جڵەوی بارودۆخەکەمان گرتەوە دەست.

***

هەرچەندە شۆڕش کۆتایی هاتبوو، بەڵام لەو ناو شاخ و داخ و کێو و بەندەنانەدا جووڵانەوە و جموجۆڵێکی شۆڕشگێڕانە هەر مابوو، هەرچەندە زەبر و زەنگ و هەڕەشە و گوڕەشەی تورکەکان لەو ناوچانەدا بێ سنوور بوو، بەڵام کاک عومەر قادر و پێشمەرگەکانی بوونە چەند دەستە و تاقمێک و بەو ناوەدا بڵاو بوونەوە، پەیوەندییان دەگەڵ یەکتردا بەبەردەوامی هەبوو. دەیانگوت... ئێمە دەتوانین هەمیشە لە خەبات و تێکۆشانی خۆماندا بەردەوام بین، ئەگەر جاران ڕووبەڕووی دوژمن شەڕی بەرە (جەبهە)مان دەکرد، ئێستا شەڕی پارتیزانییە و هەر شەوەی لە قوژلێکەوە وەک هەڵۆ هێرشیان دەبەینە سەرێ و ژیانیان پێ دەکەینە ژەهرە مار، خۆ ئەگەر بشیانەوێ بماندۆزنەوە، ئەوە دەبێ تاک تاکە وەدوامان کەون و بەدواماندا بێن، کە ئەوەش کارێکی یەکجار سەختە بۆ تورکەکان.

ئێمە کاتی خۆی لەبەردەمی شێخ سەعیددا سوێندمان بە(قورئان) و خەنجەری زێڕ خوارد، کە تا دوا ژەندرمەی تورک لە کوردستان دەردەکەین لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان هەر بەردەوام بین، بۆیە نابێ لەمەودوا هیچ بەزەییەکمان پێیاندا بێت و دەبێ بەدەستێکی پۆڵایین ئاگر و ئاسنیان بەسەردا ببارێنین. چونکە لەشکری تورکان لە هەموو لایەکیەوە ئۆردووی هەڵداوە خۆی دامەزراندووە و بڵاو بۆتەوە، و کەوتۆتە گەڕان و پشکنینی سەر شەقام و بازاڕ و نێو ماڵان و ئەوەی گومانی لێ بکەین کە دەستێکی دەگەڵ پێشمەرگەدا هەیە دەیبەن و لە زیندانێیدا ون دەکەن.

کاک عومەر قادر لەبەردەمی پێشمەرگەکان دووبارە سوێندی خواردەوە کە نابێ هەدا بدەین و بێدەنگ بین تا ئەو تورکە خائینانە هەموو لەناودەبەین و تۆڵەی شێخ سەعید دەکەینەوە. تورکەکان ئەو سوێندخواردنەی کاک عومەر قادریان بیستەوە و گاڵتەیان پێ دەهات چونکە ئەوان وڵاتەکەیان هەموو داگیر کردبوو. تورکان دەستیان کرد بەچاندنی دار و درەخت و تۆوی تازە و داری میوەی هەمەجۆر، کە زۆر جاران شەماڵ ئەو وردە تۆوانەی



هەڵدەگرت و دەیگەیاندنە کوردستانی عێراق و ئێرانێ.

کوردستان تا دەهات بەرەو نەمان دەچوو، خەڵکەکەی هەموو لە حەژمەتاندا دەکوڵان، هەستی تۆڵەیان لە دڵ و دەروون و قووڵایی ناخیاندا دەجۆشا، چونکە دەیاندیت ئەوا وردە وردە نرخ و پلە و پایەی خەڵکی تا دێت ڕوو لە کز بوونە و ژیانی خەڵکی زۆر سەخت و پڕ گرێ و گۆڵ بووە و هەر سەرلەئێوارێوە دەرگای ماڵان کلۆم دەدرێ و ژەندرمەی تورکان بەشەو و بەڕۆژ وە ناویان دەکەون و بێرە و بەوێدا دەسووڕێنەوە.

کاک عومەر قادریش هەروا خەریکی خۆ کۆکردنەوە و جۆشدانەوەی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانەی خۆیەتی، شەوانە دەهاتن و (مین)یان لەسەر ڕێگاوبانی هاتوچۆی ژەندرمەکان دەچاند و کانی و کانیاوی ژێر دەستی وانیان ژەهراوی دەکردن و هەندێ جارانیش لە هەڵکەوت و ڕێکەوتاندا بەسەر سەنگەر و ڕەبیەکانیاندا دەدان و ئێشکگرەکانیان دەکوشتن و بەم شێوەیە چەک و تەقەمەنییان وەدەست دێخست.

کەمال پاشا پارەی سەری عومەر قادری چەند هێندان کرد، بەڵام چ کوردێک ئامادە بوو ئەو خیانەتە بکات...؟ لە کاتێکدا کە بۆ خۆی لە ژێر چەپۆکی تورکاندا زیرەی بوو. بەتایبەتیش ئەو پیاوانەی کە سەرقاڵی شەڕی ناوخۆ بوون و ئەوانیش هەر دەربەدەر و بێ دەسەڵات و پەڕاگەندە بوون ئەمە جگە لەوەی کە کاک عومەر قادر لە لای هەموو ئەوانەش وەکو پیاوێکی زۆر پیرۆز ڕێزی لێ دەگیرا و خۆشەویست بوو. کاک عومەر قادر هیچ ڕۆژێک نەبوو خوێنی دوژمن نەکاتە کاسەوە، ژەندرمەکان زیرەی مەرگیان لێ هەستابوو، چونکە ئەو هەر بەبیر و باوەڕی شەڕی پیرۆزەوە دەجەنگا.

***

لە پڕ کاک عومەر قادر ون بوو و نزیکەی شەش مانگی ڕەبەق بێ سەر و سۆراغ قولاغی نەما.

کۆبوونەوە و گفتوگۆ لە ناو پێشمەرگەکان:

ئەرێ پێت وایە و لەو باوەڕەدایت حەمید بگەڕێتەوە؟

– حەمید یەکێک بوو لە پێشمەرگە متمانە پێکراوەکانی کاک عومەر قادر –

کاک نوری وەک شێر لەبەردەمی ئاگری نێو ئاگردانی پاڵی دابۆوە و چەسپی لە جگەرەی دەدا وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەوەش خوا دەزانێ، ئەگەر خودا بیەوێ ئەوە دەگەڕێتەوە، خودا چۆنی بوێ هەر وا دەبێ.

حەمدی لێی پرسیەوە: ئەتوو دەزانی چۆتە کوێ!

نوری گوتی: باشە حەمدی بۆ من دەزانم؟... ئەویش گوتی: بەخودای پێم وابێ بەتووی گوتووە نوری، کە دەچێتە کوێ.

ئینجا نوری گوتی: ئەرێ ئەوە بۆ هەریەکە لە ئێمە بەئارەزووی خۆی دێت و دەڕوا ون دەبێ، کەس ناڵێ و ناپرسێ لە کوێیە، کەچی تۆ ئاوا بەم جۆرەت پێ دەکەوشێ ناوە و دەتەوێ بزانی لە کوێیە!. بەڵام بەخودای نازانم، ئێمە هەر چاومان لە ڕەحمەتی خودایە، دەگەڵ قسانیشدا بەچیلکێکی وردە وردە ئاگری نێو ئاگردانەکەی تێک وەردەدا و دەستی برد جگەرەیەکی دیکەی پێکرد.

لەوەتەی عومەر قادر ڕۆییوە تا ئێستا ئێمە چالاکییەکمان نەنوواندووە، تەنیا کاک حەمید نەبێ کە پێشمەرگەیەکی بەزیبک و زاکون و ئازا و بەجەرگ بوو، ئەویش ئێستا ئەوا بێ سەر و شوێنە. – کەس باسی ئەوەشی نەدەکرد کە بەسەدەها لاوی کوردی خوێن گەرم هاتوونەتە ڕیزی خەبات و پێشمەرگایەتییەوە –

کاک نوری دەیزانی حەمید لە کوێیە بەڵام نەدەکرا لە لای هەموو کەسێکی باس بکات. کاک نوری گوتیە حەمدی، ئەرێ ئەوە تۆ چیت لە حەمیدی گەرەکە؟!

وەڵامی دایەوە و گوتی: چۆن...! ئەدی ئەویش یەکێک نییە لە ئێمە...! پێشمەرگەیەکی ئازا و دلێر و نەبەزە، لەوەتەی کاک عومەر قادر ڕۆییوە، ئەدی هەر حەمید نەبووە نەخشە و پیلانی داناون و لە هەموانیش سەرکەوتووە...!



کاک نوری سەرێکی بادا و گوتی: لەوانەیە، ئەگەر لێرە بڕۆین و بگەڕێینەوە، پاش دوو ڕۆژی دیکە بزانم و سۆراغی بکەم. هەر دەو دەمەیدا ڕووی خۆی وەرگێڕا و دە خەیاڵانەوە چوو. ئەدی کاک عومەر قادر نەیگوت... ئەگەر شەڕ چەند ساڵێکی تر بەردەوام بێ کەس نامێنێ، ئەوەی بشمێنێ شێت و سەرگەردان و ماڵوێران دەبێ!

کاک نوری زۆر بەدڵتەنگییەوە بەپێشمەرگەکانی گوت: ترووسکەی ئاگرەکەمان تا دێ بەرەو کزی و کوژانەوەیە (مەبەستی شۆڕشەکە بوو).

ئەوە دەبینێ ئەو میللەتە هەناسە ساردە هەر هەوڵی ئەوەیەتی خۆی لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا ڕابێنێ و بەناچاری باجی خۆی بدات. نوری هەر بەدەم قسانەوە درێژەی دایە و گوتی: خودای گەورە تا کەی تۆ ئەو هەموو زوڵم و زۆرییە قبوڵ دەکەی؟ بەڵام بەدەنگێکی بەرزەوەش گوتی: سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەر دەبێ سەرکەوین و هەر لەو دەمەشدا حەمید و کاک عومەر قادری وە بیر هاتنەوە کە هەر ئەم شەو لە دەوروبەری (ئەنگۆرا) یەک دەگرنەوە و تووشی یەکتر دەبنەوە و یەکتر دەبیننەوە.

***

بۆ بەیانی ئەوشەوە، پێشمەرگەکان بەسواری ئەسپ و تفەنگی حوسکە و جانبێزار بەدەستەوە و دەمانچە و نارنجۆک بەبەر پشتێندیەوە، بەناو ئەو چیا و چۆڵانەدا دەهاتن و دەچوون و دەسووڕانەوە و چەک و تەقەمەنی دیکەش دەخورجێنێدا بەو لاولای ئەسپاندا کرابوو.

کاک نوری بەپێشمەرگەکانی دەگوت: برادەران ئێستا تورکەکان ئێمە بەدز و جەردە و ڕێگر دەزانن.

(ئۆکران) کە پێشمەرگەیەکی گورج و گۆڵ و چالاک بوو گوتی: ئەوە لە سەرێکەوە زۆر باشە، چونکە ئێمە خواردن و چەک و تەقەمەنیمان چۆن دەست دەکەوێ ئەگەر ڕێ بەلۆرییەکانیان نەگرین کە خواردن و چەک و جبەخانە دەگوێزنەوە و نەیان تەقێنینەوە و تاڵانیان نەکەین. ئەگەر وا نەکەین ئەوا بەیەکجاری دەست بەرهەڵدا دەبن و دەمانخۆن، لێیان گەڕێ ئەوە سوژنی چاڵی چاویانە.

بەڵام لەسەرێکی ترەوە خراپە، خراپییەکی ئەوەیە تا ئێمە زیاتریان پەلامار دەین ئەوان سوپای ژەندرمە و چەک و چۆڵ زیاتر دێننە ناو خاک و وڵاتەکەمان، جا بۆیە چەندە زۆرتر بن، دەرپەڕاندنیان چەند هێندانە زەحمەتترە. کاک عومەر قادر هەروا لەخۆڕا نەیدەگوت، دەبێ پشوومان درێژ بێ، تا بتوانین، خۆمان بۆ شەڕی داهاتوو بەهێز و تەیار بکەین، تا بتوانین بیانشکێنین. جا ئەوە بۆچوونی منە و من وای تێدەگەم. ئۆکران هەر بەسواری وردە وردە خۆی لە کاک نوری نزیک دەکردەوە و بەکاک نوری دەگوت: باشە ئەگەر ئێمە لەو سەر سنوورەوە دەست بەهێرش و پەلاماردان بکەین چ سوودێکی وای هەیە و چمان دەست دەکەوێ؟!. ئەدی ئەگەر سەری نەگرت و شکاین، ڕوو لە کوێ بکەین و بەرەو کوێ بڕۆین، ئێمەی فێرە ناو ئەم شاخ و داخە کوا دەتوانین لە دەشتێ بژین، ئەوە بەچاوی خۆشمان دەبینین کە تورکەکان دەسەڵاتیان بەسەر هەموو لایەکدا دەڕوا و گرتن و لە سێدارەدانی خەڵکیان لە لا بۆتە مووچەی ڕۆژانە. ئەوەتا لە بیر چۆوە کە شێخ سەعید و (٤٦) چل و شەش سەرکردەی کوردیان لە دیاربەکر لە سێدارە دا، لە بیرتان چۆوە کە بەهەزاران پێشمەرگەیان شەهید کرد و خستیاننە زیندانە تاریکەکانیانەوە...؟! خودا دەزانێ ئەو دوژمنە تورکانە هەوڵ دەدەن تەفر و توونامان بکەن و گەل و وڵاتمان تێک بهاڕن.

***

سەرما و سۆڵە و بەند و بەستەڵەکی زستانێ کوردەکانی زۆر شپرزە و شەکەت کرد، بەڵام شکاندنی سوپای تورک وەرەی پێشمەرگەکانی چەند هێندانە بردە سەرێ و بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنانەشیانەوە، لە دەوری ئاگری هەڵدەپەڕین و سەمایان دەکرد ناو چیایان کردبووە شایی و لۆغانی سەرکەوتنێ.

حەمدی هەستی کرد ئەوا دوو سوار بەو شەوە بەرەو لای وان دێن، بەبێ ئەوەی بیانناسێ، خۆی لێ لە بۆ سەدان، تا نزیک بوونەوە، کە دیتی ئەو دوو سوارە کاک عومەر قادر و حەمیدن گەڕاونەتەوە، بەزم و ڕەزم و شایی هەڵپەڕین هێندەی دی گەرم بوو. دەستیان کرد بەپێداهەڵگوتنی ئازایەتی و



نەبەردی و سوارچاکی ئەو دووانە، لە خۆشیان هەر هاواریان بوو و دەیانگوت: خۆیەتی، خۆیەتی، یەکێکی دی دەیگوت ئەوە کاک عومەری دوژمن بەزێنە، ئەوە کاک عومەری دوژمن تۆقێنە.

عەلی کەچەڵ تۆپی

پێشمەرگەکان یەکە یەکە بەڕیز و بەڕێزەوە دەهاتن و بەخێرهاتنەوەی کاک عومەر قادریان دەکرد و شانیان ماچ دەکرد. کاک عومەر گوتی: (جیهاد) هەر بەردەوامە، هەر دەبێ سەرکەوین. لە ناو پێشمەرگە و ناو کوردەواری دەنگۆ بڵاو بۆوە کە کاک عومەر قادر سوێندەکەی خۆی گەیاندە جێ و تۆڵەی شێخ سەعیدی لە عەلییە کەچەڵی کردەوە.

دەو دەمەیدا کە کاک عومەر لە نێوانی کاک حەمید و کاک نوریدا دانیشتبوو، خەڵک و پێشمەرگە هەموو هاواریان کردێ و گوتیان چۆنیەتی تۆپینی عەلییە کەچەڵیمان بۆ باس بکە.

کاک عومەر دەستی پێ کرد و گوتی:

هێندێک دەڵێن عەلییە کەچەڵ دەرمانداو کراوە و هەندێک دەڵێن شەیتان دەستی لێ وەشاندووە و گیانی کێشاوە و هێندێکی دی دەڵێن، هەر لە ناو خۆیاندا کوژراوە، بەڵام لە ڕاستیدا کابرایەکی گێل و وێل و مارێک کوشتیان. خەڵکەکە سەیریان بەقسەی کاک عومەر هات. ئینجا گوتی: عەلی دەگەڵ پاسەوانەکانی لە دەوروپشتی شاری خەریکی گەڕان و سووڕانێ بوون چاوی بەپیاوێکی گێل و وێل دەکەوێ و خوداش وای کردووە کەس خۆی لە پیاوی گێل ناگەیەنێ و ئازاری نادا و زۆر شتان دەکات، کەس سزای نادات. جا عەلی ئەو پیاوەی دەگەڵە خۆی دێنێتەوە. عەلی پیاوێکی قەڵەوەی ناشیرن بوو لە قەڵەویان بەرغەبابەی سێ چوار جارانی چرچ و لۆچ لەسەر ملی دەکرد، دەموچاوێکی زۆر گرژ و مۆن و دزێوی هەبوو. ئەگەر دەمی کردبایەوە، ددانەکانی وەدەردەکەوتن کە دەتگوت دەم و ددانی شەیتانە.

عەلی جۆرکەیەکی قایشی هەبوو بەملی خۆیەوە دەکرد و مارێکی تێدا بوو، هەموو جارێ دەری دێنا و تاوێکی گەمە دەگەڵ دەکرد و بەسەر شان و

ملی خۆی دادێنا، بەڵام ددانە ژەهراوییەکانی ئەو مارەیان لە بنەوە ڕاکێشابوون و وەک کرمی بەر بارانێی لێ هاتبوو. گێلە پیاوەکە ناوی (مشمش) بوو، وەک بەردەستێک لە ناو خێوەتەکاندا دەهات و دەچوو. کە عەلی سەرخۆش دەبوو ئەو پیاوە گێلە نوکتەی خۆش و سەیر و سەمەرەی بۆ دەگێڕایەوە و عەلیش لە خۆ دەبۆوە لە خۆشیان و جار جارەش یەک دوو شوورکی دەگەیاندنە گێلەی. گێلە لە ناو پیاوانی دەوروبەری عەلییە کەچەڵی زۆر خۆشەویست بوو، چونکە بەزم و ڕەزمی ڕۆژانەیان بەوییەوە بوو.

ڕۆژێکیان مشمش خەریک دەبێ لێرە و لەوێ لە ناو کەڵەک و بن بەردان مارێکی وەبینێ و بیگرێ و دە جۆڕکەی کا، کە ژەندرمەکانی عەلی دەیبینن، هەر بەشەقان وە پێش خۆی دەدەن و دەیهێننەوە لای عەلی و پێی دەڵێن، کە گێلەش خەریکی مار گرتن و بەخێو کردنێیە وەک تۆ. عەلی زۆری ڕق لە مشمش هەڵدەستێ و دەڵێ: هەی کوڕی دێڵەسەی لە من بەولاوە کێ هەیە بتوانێ ماری ڕاگرێ و بەخێوی کات. ئەدی نازانی ئەگەر ماری ڕاگری ڕۆژێکی پێتەوە دەدات و دەت تۆپێنێ... بۆیە مشمشی دایە بەر شەقان و پێی گوت: هەی سەیە، وەرە دانیشە هەقایەتێکم بۆ بکە... مشمش بەترس و لەرزەوە لەسەر چۆکان بەرامبەر عەلی دادەنیشێ و دەست پێ دەکا. کە ئەو دەست بەگێڕانەوەی هەقایەتەکەی دەکات، عەلیش پێکێ تێ دەکات و دەست بەئارەق خواردنەوێ دەکا. مشمش دەیگێڕایەوە کە، جارێکیان پیاوێک هەبوو ناوی (کۆداش) بوو، خەریک دەبێ جلوبەرگەکانی خۆی بشوات، لە پڕ پیاوێک لە دەرگا دەدا و بەکۆداشی دەڵێ: ئەوە من ئەو تەرمەم بۆ هێناوی، تا سەر و ڕیشی جوان بتراشی و بەئاوی گەرمیش پاک و خاوێن بیشۆی و پاشان لە جاوی سپی وەرپێچی، ئەودەم کە لێبوویەوە، بانگم کە، تا بێم بیبەم و لە گۆڕستانێی بنێژم.

کۆداش گوتی: ئەوە نابینی جلوبەرگەکانی خۆم دەشۆم، بەڵام هەر قەیدی نییە، لە ڕاهی خودا، لەسەر ئەو تەختە شۆرەی دانێ دەیشۆم و کە لێشبوومەوە بانگت دەکەم.



کۆداش بانگی کابرای کردەوە و پێی گوت: ئەوەندە قوماشە بەشی خەڵاتی ئەو پیاوە ناکات. بەداخەوە ئاوە گەرمەکەشم لێ خەسار کرد. ئینجا کۆداش هێنای تەرمی مردووەکەی لەناو جۆگە ئاوێدا ڕاکێشا، تا بۆگەن نەکا.

کەس نازانێ ئەو مردووە کێیە، دزە، جەردە و ڕێگرە، لەسەر ڕێیە دیتراوەتەوە و بەس کەسیش نازانێ کێیە و چ کارەیە، لەبەر ئەوەشیان هەڵگرتۆتەوە، چونکە نابێ تەرمی مردوو هەروا لە گۆڕێ فڕێدرێت، با نەناسراویش بێت، هەر دەبێ بەخاک بسپێردرێت.

ئەوجا کۆداش گوتی: کاتێ کە تەرمەکەم دەشوشت، جندووکە بەدەم گۆرانی گوتنێوە هاتن و تەرمەکەیان بڵند کرد و گوێم لێیان بوو دەیان گوت، پیاوێکی باش بوو، کابرای هێنابووی گوتی... کۆداش درۆ دەکات، وەک من بزانم پیاوێکی خراپ بوو.

کۆداش گوتی: مادامەکی وایە بڕۆن ئەوە لە ناو جۆگەی ئاوێدایە بیهێننە دەرێ و بڕۆن لە گۆڕستانێیدا بنێژن، تا شتێکیشی لە ئێوە نەدزیوە.

عەلییە کەچەڵ دەستی کرد بەقاقای پێکەنینێ و گوتی: باشە مشمش، کۆداشیش ئاوا هەروەک تۆ زیرەک بوو.

عەلی بەسەرخۆشییەوە دەجێیدا خەوی لێ کەوت.

بەرەبەیانی، هێشتا هەر تاریکان بوو عەلی زیرەیەکی لێ هەستا و نۆبەتدارەکانی هەموو گوێیان لێی بوو، بەڵام گوتیان ئەوە ڕەنگە شەیتانی چووبێتە کەوڵی و ئازاری بدات. با هەر نەبێ سەرێکی لە خێوەتەکەی خوار کەینەوە بزانین چ باسە.

حوسێن و موحەممەد و موحەممەد عەلی، ڕایانکرد، دیتیان ئەوا عەلییە کەچەڵ وەک ئاژەڵێکی مردارەوە بوو لەسەر عەردی پان ڕابووە و دەمی بەش بۆتەوە و مارەکەش کەوتۆتە لای بن هەنگڵییەوە، نۆبەتدارەکان هەر خێرا مارەکەیان لێ دوور خستەوە، بەڵام کار لە کار ترازابوو. هەموو پێیان وابوو کە ئەوە شەیتان ددانە ژەهراوییەکانی بۆ مارەکە هێناوەتەوە و ئەویش

بەعەلییەوە داوە، کەس گومانی بۆ مشمشی نەدەچوو کە بەمارێکی دیکە عەلی کوشتبێ. لەبەر ئاڵۆز و بڵۆزی و دەستە پاچەی کەس نەپرژایە سەر مشمشی. بێگومان نە بۆ خۆیان و نە شەیتان هیچ کامێکیان عەلیان نەکوشت، ئەو پیاوە گێلە نەبێ.

دەو دەمیدا کاک نوری هەڵیدایە و گوتی ئەو گێلە پیاوەش کاک عومەر بوو. بەڵێ کاک عومەریش ددانی پێدانا کە ئەو بووە.

پاش چەند مانگێک کوردێکی خائین (زۆڵە کوردێک) کە دەستی لەگەڵ سوپای تورکان تێکەڵ کردبوو هات و خۆی تەسلیم کرد.

پێشمەرگەکان بەسواری بەنێوان ڕێچکەی جۆزەرداندا دەچوونە گوندی، چونکە هێندێک گوند هەبوون کەوتبوونە لاپەڕێ شاخییەوە و دوور بوو لە ژەندرمەی تورکانەوە، مەگەر یەکێک هەواڵی دابایە تورکان، ئەو دەمی ئەوان لەوێ گیر نەدەبوون و دەهاتنەوە نێو شاخی. منداڵانی ئەو گوندانە حەزیان دەکرد هەمیشە ئەو پێشمەرگانەیان هەر لە ناو بن، چونکە زۆر جارانیان ناوی پێشمەرگە بیستبۆوە و کە دەهاتنە گوندیش چاویان پێ دەکەوتن و ئەوانیش پێیان خۆش بوو لە دوارۆژدا کە گەورە بوون ببنە پێشمەرگە و کاتی نان خواردنێ تفەنگەکانیان لە تەنیشت خۆیانەوە دانێن.

یەکێک دێت:

ئەحمەد لە کەلێنی دەرکێوەیرا ڕوانی و هەواڵی دانێ کە ئەو پیاوەی چاوەڕوانی دەکەن وا گەییە جێ. پاشان ئەحمەد چووە دەرێ و لەسەر تەپۆلکێکی پشت خانووە بەردەکانەوە کە هەر چوار دەورەی قەرسیلە جۆ بوو، زۆر بەوریاییەوە بەدووربینێ کەوتە تەماشای ئەو دەوروبەر و تەلانانە و لەو ڕێچکە باریکانەوە سوارێکی بەدی کرد، بۆیە هەر خێرا خۆی لە منداڵە وردەکان تووڕە کرد کە هەریەکەیان بچتەوە ماڵە خۆی دەرکە و پەنجەران داخەن، بۆیەش ئافرەتان هەموو پەنجەرەی ماڵەکانیان پێوەدا.

مەلا گوتی، بەخودای، ئەوە ڕاست خۆیەتی، ئەوە چۆنت دەزانی دەگەڕێتەوە!؟



کاک عومەر زەردەیەکی هاتە سەر لێوان بەڵام هیچ شتێکیشی دەربارەی ئەمە نەدرکاند، چونکە ئەو خەفیەی خۆی هەبوو، و لەو وڵاتە شاخاوییەدا زۆر کەم هەبوو شتێک ڕووبدات و ئەو پێ نەزانێ.

زۆری نەخایاند، سوارەکەی بەسواری ئەسپێکی سپییەوە لە یەکەم دەرگای ماڵی ئەو گوندەی دا، بەڵام کەس دەرگای لێ نەکردەوە. خەڵکی هەوڵیان دەدا گوێیان لە دەنگی بێت بەڵام بێ هوودە بوو. تا هات لە دەرگای سێهەمین ماڵی گوندی دا، لەوێش کەس نەیکردەوە، بۆیە سەری جڵەوێی هەڵەنگاوت و چووە سەر جۆیە و لە ئەسپەکەی دابەزی و بەگۆلمێ تێر و پڕی ئاو خواردەوە. پاشان ڕووی لە ماڵێ (ئیمام)ی کرد، دیتی ئەوا پیاو ڕیزا و ڕیز دانیشتوون و لە دەرکێوە دەڕوانن. گوتی: ئەی ئیمام تکات لێ دەکەم ئەوە سێ ڕۆژە زادم لەت نەکردووە، بەنێو ئەو شاخ و داخانەدا هاتووم زۆرم برسییە، ئەگەر شتێکم بدەنێ.

بەڵام (ئیمام) ڕووی خۆی وەرگێڕا و پەنجەی خستە لێوی، یانی (بیر دەکاتەوە) بەڵام فەرمووی نەکرد. پیاوەی میوان و غەریبە بەسەرسوڕمانەوە دە ڕێگای گوندییەوە ڕامابوو دەیدیت ئەوە ئەسپ لە پشت ماڵان بەستراونەتەوە و کەچی ناو گوندیش کش و مات و بێدەنگە. جارێکی دیش غەریبە ڕووی لە ئیمامی کردەوە و گوتی:

ئەی (ئیمام) من (کۆستایەمەک)م هاتووم سزای گوناهەکانم وەرگرم.

ئەوجا (ئیمام) سونگی دەرکەی ڕاکێشا و کاک عومەر و پێشمەرگەکانی چوونە دەرێ، کۆستایەمەک ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. کاک عومەر قادریش هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبوو کە (کۆستایەمەک) ئاوا لێرە هەڵتۆقێ و وەدەرکەوێ. بۆیە یەکسەر فەرمانی دا دەست و پێی ببەستنەوە و بیهاوێنە زیندانێ، چونکە خائن تا دەمرێ ئەو خووەی بەرنادا و هەر خائینە.

کاک عومەر قادر لە کۆبوونەوەی لەگەڵ پێشمەرگەکانیدا گوتی: بەگوێرەی شەریعەت و ڕێوڕەسم و خووڕەوشتی پێشینانیشمان: (ئەو کەسەی خیانەت لە گەل و نیشتمانی خۆی بکات دەبێ زیندە بەچاڵ بکرێت).

کاک عومەر قادر هاواری کردە کۆستایەمەک و پێی گوت ئەرێ گوێت لێیە؟

کۆستایەمەک لە پەنجەرەی زیندانێوە دووبارەی کردەوە و گوتی: من بۆیە هاتووم سزا بدرێم و شەریعەت و داب و دەستوورمان چۆنە بەسزای خۆمم بگەیەنن، چونکە من دوژمنم هێنایە ناو ولات و خاک و ئاوی باو و باپیرمان و دژی ئێوەم شەڕ کرد و لەگەڵ دوژمندا کانیەکانم تەقاندنەوە و خانوو و دەغڵ و دان و دار و درەخت و مەڕ و مالاتم سووتاندن و وێرانم کردن، من ددان بەهەمموو ئەوانەدا دەنێم و دەزانم کە تاوانبارم و دەبێ سزا بدرێم. دیسانەوە لە پشت پەنجەرەی زیندانێوە، بەدەنگێکی زۆر ناساز گوتی: بەلام دەبێ بەگوێرەی قورئان و شەریعەتم لەگەلّدا بکەن و نابێ لێی لادەن. ئەدی ئەوە نییە شەرع دەلێ، ئەو کەسەی دەستی لە باوکی ڕاست کاتەوە دەبێ سزای مەرگی بدرێ...!؟. جا بۆیە داواتان لێ دەکەم کە هەردوو کوڕەکانم لەسەر گۆڕەکەم بکوژرێن. چونکە کوڕەکانم هاتنە پاڵ ئێوە و لەگەڵ ئێوەدا دژی من جوولانەوە و خەباتیان کرد.

دەستێکیان کەوتە ئەو لا و یەکێکیان کەوتە ئەو لا و تێمان، چونکە ئەو ولاتە لەسەر دەستووری قورئان و پەیڕەوی شەریعەت دەڕوا و ناشتوانن لێی لادەن. بەلام کۆستایەمەک بەوەی نەدەزانی کە کوڕێکیانی لە شۆڕشدا شەهید بووە و هەر یەکێکیان ماوە و ئەویش لە ڕیزی برا پێشمەرگەکانیدا ڕاوەستاوە.

کاک عومەر قادر ڕووی لە کوڕەکەی کرد و گوتی: خۆ ئەوە بۆ خۆت گوێت لێیە. کاک عومەر هەولی دا هەر چۆنێک بووە ڕێگایەک بدۆزێتەوە، ئەو کوڕەی پێ لە مردن ڕزگار کات. بەلام کۆستایەمەک گوتیەوە، ئەو کەسەی دەستوور و یاسای ئیسلام جێبەجێ بکات نابێ لێی لادات و هیچ جیاوازییەک بکات.

ئەوجا لە ناو گوندی، کوڕوکاڵ هاتن و چالێکیان لێدا و وەستا یەمەکیان بەزیندیە چاوان زیندە بەچاڵ کرد و هەر دەو دەمەیدا عومەر قادر بەناو دەغلّودانیدا بەشاخ و داخی هەلگەڕا و ئەویی بەجێ هێشت، چونکە



چاوی بەرایی ئەوەی نەدەدا لە پێش چاوی خۆی یەکێک لە هەڤالەکانی لەگەڵ خائینێکدا بمرێ.

تێبینی:

خوێنەری بەڕێز، من وەکو وەرگێڕێک زۆر بەئەمانەتەوە ئەوەم لە ئەلمانییەکەیەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و لەوێدا وا هاتووە، دەنا هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم ئەو جۆرە یاسا و ڕێسا و دەستوور و شەریعەتە لە قورئان و ئیسلامدا هەبێ کوڕ بەگوناهی باوکی و باوک بەگوناهی کوڕ و یا هەر کەسێکی دی بەگوناهی کەسێکی دیبەوە سزا بدرێت.

-وەرگێڕ-

## پاژی چوارەم

کاک عومەر بانگی خەباتێکی سەرلەنوێ دەدات، بەڵام سەربەستی سەردەنێتەوە (دەمرێ):

سێ ساڵی ڕەبەق بەسەر مردنی عەلی کەچەڵیدا ڕابردبوو، کاک عومەر قادر دەگەڵ نوری حەمیدیدا پێکەوە لە چایخانێکی نزیک سنووری عیراقیوە دانیشتبوون، ئەو دەمی ئاریشەی سنووری نێوان تورکیا و عێراقی لێک هەڵنەبڕابوو و ئەو ناوچەیە هەروا وەک خۆی مابۆوە و بەهیچ لایەکیدا نەکەوتبوو و وەکو ناوچەیەکی بێ لایەن (منطقة الحياد) وا بوو.

بەرە بەری خۆرئاوایە بوو ساماڵێکی شین و هەوایەکی سارد تازە دەهات وردە وردە دەستی پێ دەکرد. پیاوان دەستیان کرد بەکۆبوونەوە و یەک دەنگ بڕیاریان دا بەدەم ئەو بانگ و بانگەوازەی کاک عومەرەوە بچن و بەدڵ و بەگیان ئامادەی فەرمان بن. ئەو بڕیارەیان بەگوێی کاک عومەر قادری سەرۆک گەیشتەوە. کاک نوری گوتی: ئەوجارەیان دەبێ تورکەکان بزانن کە لێرە کەشوهەوایەکی دی دروست بووە، چونکە تورکەکان دەڵێن ئەو جەردە و ڕێگرە کوردانە دەبێ فێرە خوو و ڕەوشتی باش بکرێن.

کاک عومەر قادر گوتی: بەخودا ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەوان ئێمە بەجەردە و ڕێگر دادەنێن بۆیە هەموو ئەو ناوچە کوردەوارییانەیان ئاوا کاول و وێران و خاپوور کرد. بەڵام ئەوەش بۆ ئێمە هەر باشە، چونکە تورکەکانیش دەگەڵ سوریا و عێراقیدا هەرگیز لە ئاشتی و ئاسوودەییدا ناژین. دەبێ ئێمە هەمیشە کارێکی وا بکەین، هەر ڕۆژە یەکێکیان ئەویدیان بەئاریشەی سنوورەوە تاوانبار کەن.

ئەوجا کاک نوری بەپێکەنین و ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: زۆر بەختەوەرم بەسەرکردایەتیت و داوا لە خودای دەکەم هەر بۆمان بمێنی.

کاک عومەر زۆری سوپاسی هەڤاڵ نوری کرد و یەکسەر هەستایە سەر پێیان و دەقیقەیەک بۆ گیانی پاک و نەمری شەهیدان ڕاوەستان و پاشان ئەو بێدەنگی ماتییەیان شکاند و گوتی: شەهیدانی کورد هەرگیزا و هەرگیز دەنگ و ناو و ناوبانگیان نامرێ و سەرشۆڕی و مردن هەر بۆ



دوژمنانە. لە کۆبوونەوەی بەراییدا کاک عومەر گوتی: فەرەنسا لە پشت سوریایە و بەریتانیا لە پشت عێراق. تورکەکانیش دەسەڵاتیان بەسەر ئێمەدا هەیە، چونکە کەس نییە دەستیان بگرێ، بۆیە دەتوانن ئەو وڵاتەی ئێمە داگیر بکەن و ئەو گەلی کوردەمان لە ناو بەرن و ئازادی لێ زەوت بکەن و سەربەستییەکەی بکوژن. خۆ ئێمە هەر دەمرین، توخوا دەبا لە ڕێی تێکۆشان و خەباتدا بمرین و هەرگیز سەرشۆڕ نەکەین. ئێمە پەیمانی نیشتمانێکی سەربەخۆیان پێ داین، بەڵام وا دیارە تا ئێستا هەر فرت و فێڵە و چ بە چ نەکراوە. ئینگلیز پەیمانیشی بەئاسوورییەکان دا وڵاتێکی نەتەوەیی (قەومی)یان بۆ دابنێ، بەڵام عەرەبەکان ئاسوورییەکانیان قڕ کردن، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئینگلیز دەیتوانی بەرگرییان لێ بکات و نەهێڵێ ئاوا قڕانیان تێخەن. کاک نوریش بەدەنگێکی بەرزەوە گوتی: جا باشە هەتا ئێستا چ بەڵێن و پەیمانێکیان بەجێ هێناوە؟! بۆ سوێندخۆرەکان (حلفاء) سەربڕینی ئەرمەنییانیان ڕاگرت؟ هانی دەربەدەرکردنی یۆنانییەکانی تورکیایان نەدا؟! خۆ بەچاوی خۆمان دیتمان یۆنانییەکان چیان بەسەر هات. کاک عومەر چایەکەی تەواو کرد و دەستی بەقسان کردەوە: لە شەڕی گەورەی جیهانی هەبوون بەخۆشی و بەسوپاسەوە دەستی درێژ دەکرد و یارمەتی چەکی لە ئێمە وەردەگرت و کە شەڕیش تەواو بوو لە کۆمەڵەی نێو دەوڵەتان (عصبة الامم)دا، لێمان ڕاست بوونەوە و گوتیان، ئەو گەلە دڕندە و کێوییانە چۆن دەتوانن کاروباری فەرمانڕەوایی خۆیان بەڕێوەبەرن و هەموو دەمێ هەر خەریکی شەڕ و شۆڕ و ئاژاوەن! ئەوەتا ئەمڕۆ خاک و گەلی کورد کراوەتە پێنج بەش و هەر بەشەی لە ژێر فەرمانڕەوایی ڕژێمێکی بێگانەدایە و گەلی کورد بۆ خۆی هیچی بەدەست نییە. جا پرسیار لە ئێوە دەکەم:

کوا ئەو پەیمانانەی پێیان دابووین و هەر لەو دەمەشدا سەری بڵند کرد و دە ئاسمانی کوردستانی هەڵڕوانی، هەروەک تەماشای ئاسمانی هەر پێنج بەشەکە بکات. دیسانەوە گوتی: ئەو گەلەی ئێمە، تا ئاوا لە ژێر چەپۆکی تورک و فارس و سوریا و عێراق و ڕووسدا بژی، نابێ هەدا بدەین و بسرەوین و واز لە خەبات و تێکۆشان بێنین، ئەگەر بۆ خۆمان غەمێکی لە

خۆمان نەخۆین، کێ هەیە غەم لە ئێمە بخوا...! ئەوانەم هەموو لە دڵەوەیە و بەڕاستیمە. ئەو وڵاتە ئەوروپییانە سەیریان بەوە دێ، کە ئەم کوردستانە دابەشکراوەی سەر ئەو چەند وڵاتانە چۆن و هەمیشە و بێ وچان واز لە خەبات و تێکۆشان ناهێنن و لە چ جێیی ئەو وڵاتانەدا ئاسوودەییان نەهێشتووە.

هەرچەندە و بەردەوامیش هەوڵی ئەوەیانە کە دەنگ و ڕەنگی خەبات و تێکۆشانمان بسڕنەوە و شۆڕشمان لێ قەدەغە بکەن و نەیەڵن دەنگمان بەجیهانی دەرەوە ڕابگا، بەڵام ئێمەی کورد دە تا دێر زەمانێکی دوور و درێژ هەوڵدەین دەنگی شۆڕش و خەبات و تێکۆشانمان بگەیەنینە گوێی جیهانییان و تێیان بگەیەنین و پێیان بڵێین، کە ئێمەی کوردین لە بیر کراوین.

کێ هەیە لەوە بگات و گوێ شل کات تا بزانێ ئەو هەموو دەردی سەری و ناخۆشی و گیروگرفتانەی گەلی کوردی تێدایە، هەمووی هەر هەوڵی ڕزگارییە و هاتنە دەریەتی لە ژێر دەستی ڕژێمی بێگانە و هەرگیز شەڕفرۆش و جەردە و ڕێگر نییە و بەڵکە هەمیشە داوای ئاشتی و سەربەستی و ژیانێکی مرۆڤانەی ئاسوودە دەکات، تا ئەو (١٥) پازدە ملیۆنە کوردەش وڵاتێکی سەربەخۆی خۆیان هەبێت!!.

خاکی کوردستان پڕی سەروەت و سامانی سروشتی وەک: نەوت و ئاسن و نیکل و گۆگرد و مس و کەپەر و بەروبوومی کشتوکاڵە، کەچی کە قسە دێتە قسان... لە دانوسانانداا، ئەوە ئیدی خۆ گێل دەکەن و وەک ئەو کوردستانە بیابانێکی وشک و برینگ و قاقڕ بێت و جێی ژیان و گوزەران نەبێت و هەرچی سامانێکی سروشتییە لێی بێ بەش بێت.

بەڵام ئەو شۆڕشە، بەسەرکردایەتی شێخ سەعید سەلماندی کە پیاوی هێندە مەرد هەن گیانی خۆیان تەرخان بکەن، تا وشەی ئۆتۆنۆمی (حوکمی زاتی) بخەنە نێو فەرهەنگ (قاموس)ی دبلۆماسییەوە و سوور بێ لەسەر چەسپاندنی.

جێی داخە، کە خۆشەویستی و تەبایی بای هێندێ نییە بتوانێ ئەم گەلە



زۆرلێکراوە بگەیەنێتەوە یەک و پێکەوەیان جۆش بدا، تەنیا هەر چەوساندنەوەیە وای کردووە ئەم گەلە بەئاسانتری بگەیەنێتەوە یەک و لێکی گرێ بداتەوە. ئەوەتا بەهەزاران کەس لەگەڵ شێخ سەعیددا بوون و ئەوا ئیمڕۆش ئێمە بەهەزاران کەس دەبین و پاش یەک دووساڵی دیش لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە خۆ ئامادە دەکەن و چەک و فیشەک و تەقەمەنی و ئازووقە لێرە و لەوێ دە کونە ئەشکەوتاندا دەشێرنەوە، بەتایبەتی عەشیرەتە کوردەکانی عێراقێ و چاوەڕێی هەل دەکەن تا بێنە مەیدانێ و دەست پێ بکەن. لەو لاشەوە فارسەکان هەموو فشارێکیان بۆ سەر کوردستانی ئێرانێ هێناوە و لە لایەکی دیشەوە ئەوەتا بەسەدان کورد لە ڕووسیاوە، لە ماوەی ئەو دوو مانگانەدا بەلێشاو ڕژانە ناو شۆڕشەکەمانەوە و هاتنە ڕیزی ڕزگاری ئەم نیشتمانە.

خۆ ئەو هەموو زۆری و زۆرداربیەی ئەو تورکانە و چەوساندنەوەی ئەو هەموو گوند و وڵاتی کوردەوارییە بەچاوی خۆتان دەبینن، بەدەست ئەو تورکانەی کە لە جێ و ڕێ و وڵاتی خۆیاندا کەس بەهیچیان نازانێ. ئەوەش باشە، تا زۆر و ستەمی ئەو تورکانە توند و تیژ و بەر بڵاوتر بێت لە ناو کوردەواریدا، ئێمە ئەو خەڵکە کوردانەمان زیاتر دەگەڵدا دەبن و پاڵمان وێ دەدەن... ئەم وتارەی کاک عومەر قادر کە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی پێشمەرگەدا گوتی... نزیکەی کاتژمێرێکی تەواوی وەخراند و هەموو لایەکیشیان زۆر بەڕێزەوە گوێیان بۆ شل کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا کاک عومەر کوردێکی بێ شوێن و جێگای خۆی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی سەرکردایەتی شۆڕش و ڕاپەڕینێکی نوێ ڕێک بخاتەوە و ئەمجارە لە سنووری خۆشیان بەولاوەتر بۆ سنوورەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان تێپەڕێنن و پەیوەندی بەکوردپەروەرانی ئەو بەشانەشەوە بکات. جێ و ڕێی خۆی هەمیشە لە ژێر چاودێری پێشمەرگەدا دەپارێزرا. کاک عومەر قادر و پێشمەرگەکانیش هێندە شارەزای سنوورەکان و ئەم دیو ئەو دیوی کوردستان ببوون و وایان لەبەر کردبوو هەر دەتگوت ئەوە بە ڕاستە (مسطرة) لەسەر کاغەز نەخشە کێشراوە و زۆر

ئازادانە دەیانتوانی بەناو ئەو شاخ و داخ و گوند و ناو کوردەوارییەدا بێن و بچن و بسووڕێنەوە و ئازووقە و پیتاکی پارە و پوول و چەک و تەقەمەنییان دەستکەوێ و پەلاماری سوپای تورکان بدەن و دەسکەوتان وەدەست بێنن. هەروەک داب و نەریتی خۆشیان زۆر جاران کەوشەنیان دەبەزاند و ئاودیوی سنوورەکانی ئێران و عێراقان دەبوون و، بەتەواوی چەکەکانیانەوە دەچوون و لەوێش زۆر جاران پەلاماری سوپای ئێران و عێراقانیشیان دەدا.

کاک عومەر قادر دەیگوت، دەبێ ئێمە بەهەموو شێوەیەک هەوڵی ئەوەمان بێت کە خەبات و تێکۆشانمان ڕۆژ بەڕۆژ پتەوتر بێت و بەرەو پێشەوەتر بڕوات، ئێمە ناتوانین سوپایەکی ڕێکخراوی گەورە دابمەزرێنین و لە بەرەیەکی شەڕدا بەرسینگەی سوپای دوژمنی پێ بکەین، چونکە ئەو دەمی دوژمن دەتوانێ زەفەرمان پێ بەرێت و لە هەر چوار لاوە ئابلۆوقەماندات و لەو نێو چیا و کێو و بەندەنانەدا وەگیرمان بێنێ و یەکمان نەکاتەوە برای ئەوی دی بۆیە نابێ کارێکی وا بکەین ئەمجارەش بیدۆڕێنین. کاک عومەر لەو هەموو شەڕ و شۆڕ و جیهاد و بیر و باوەڕە سیاسی و ستراتیژییانەوە، ئەزموونێکی زۆری وەسەریەک نابوو تا بڵێی زانا و دانا و شارەزا ببوو، هەر بۆیەش هەوڵی دەدا هەڵەیەکی بچکۆلە نەبێتە هۆی کارەساتێکی گەورە و لەناوبردنەوەی دووبارەکیان.

ئەو وای بەباش دەزانی و بیروبۆچوونی وابوو ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون و دەیانزانی لە خۆیان ناترسن و ژەندرمەی تورکانیان بەدوادا ناگەڕێن و ناویان نییە، با بگەڕێنەوە ناو شار و گوند و لادێ و ئاوەدانییەکان و خەریکی کار و کاسبی و بەرهەمی کشتوکاڵی بن و لە ژێرەوەش ڕێکخراوی ناوخۆیی (التنظيم الداخلي) بن و یارمەتی شۆڕش بدەن، کە زۆر لەوە باشترە من بێم سوپایەکی چەند هەزار کەسی لە نێو ئەو دار و بەرد و چیا و چۆڵە بێنم و بەرم، کە ناشتوانم ئەوە هەر بکەم و بۆ خۆشتان ئەمە چاک دەزانن و ئاگاتان لێیە.

بەڵام کاک نوری لەگەڵ ئەو بیر و بۆچوونانە نەبوو و بەکاک عومەری



گوت: پێم وا بێ تۆ خۆت دەخەیە بەر مەترسییەکی گەورەوە، باشە تۆ دڵنیای لەوەی کە ئەو خەڵکە لە ناو ئەو شار و گوند و لادێ و ئاوایییانەدا بەئەمەک دەبن و دەگەڵماندا دەمێننەوە؟!. بەڵام ئەگەر ئەو خەڵکە هەروا دەنێو ئەو شاخ و داخ و کێوانەدا بن، ئەوە زۆر بەباشی دەتوانی چاودێریان بکەیت و لە ژێر ڕکێف و جڵەوی خۆتدا بن. بۆیەش ڕەخنەی لەو بیر و بۆچوونانە هەبوو، چونکە ئەو ئەزموونێکی زۆری لەسەر ئەو جۆرە کاروبارانەدا هەبوو.

چوو منداڵێکی هێنا و گوتی: (وا چاکە پیاو متمانە بەیەکێک بکات چاری ناچار بێ، نەک بەیەکێک کە چاری ناچار نەبێ). من وا بیر دەکەمەوە و واشی بۆ دەچم، کە ئەوڕۆ سەدەها کەسی وەکو کۆستایەمەک هەن ئەگەر هەلیان بۆ هەڵکەوێ خوێنت دەکەنە کاسەوە، و ئەو دە هەزار مسقاڵە زێڕەی تورکانت لە بیر نەچێ کە پارەیەکی کەم نییە و بۆ سەری تۆیان تەرخان کردووە.

کاک عومەر لەو دوو سێ ساڵانەی ڕابردوودا چەند جارێکان تێ کەوتبوو بەڵام بەسەیری ڕزگاری ببوو. جا بۆیە هەر خۆی لەبەر خۆیەوە پێدەکەنی و دەیگوت: من باوەڕم بەخودای گەورە هەیە و هەر ئەویشە دەمانپارێزێ، و هەتا ئەو خەنجەرەشم بەبەرپشتێوە بێ دڵنیام هیچ کوردێک خیانەتم لێ ناکات.

کاک نوری گوتی: کاک عومەر...! سەرەڕای ئەوەش دەبێ تۆ زۆر ئاگات لە خۆت بێت، چونکە ئەو شۆڕشە ڕاستەوخۆ بەتۆوە بەندە و تایبەتە بەتۆوە. کوا کێ هەیە لە ئێمە بتوانێ بەردەوامی بەو شۆڕشە بدات و وەک تۆ گوێڕایەڵی لێ بکرێت. خۆ تۆ هەر وا لە خۆوە نەوەی شێخ سەعید نیت. بەشێکی زۆر گەورەی پیرۆزیی ئەو زاتە بۆ تۆ بەجێماوە.

کاک عومەر قادر پیاوێکی کەڵەگەتی چوار شانەی چاو و برۆ ڕەش بوو، لاوێکی لێهاتووی قۆز بوو. لە جێگای ڕاست بۆوە دەستی بڵند کرد و تەماشایەکی ئەو لاولای کرد، بەڕاستی سەرۆکێکی لێهاتووی شۆڕشی کوردە و تا هەتایەش ناو و ناوبانگی وەک پاڵەوانێک لە مێژوودا

دەنووسرێ. دوایە بەکاک نوری گوت: ئێمە هەر ئەم شەو دەبێ بەسواری بگەینە نێوان پێشخابوور و دهۆک و پێشوازی لەو کوردە نیشتمانپەروەرانە بکەین کە دێنە ناو شۆڕشەوە و بەشداری لە خەبات دەکەن.

***

دوای چەند هەفتە و چەند مانگێک دەستیان کرد بەدەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئەو پێشمەرگانەی لەو شۆڕشە نوێیەی کاک عومەردا بەشداری دەکەن، گەڕان بەدوای ئەو کەسانەدا کە پێشتر شەهیدیان داوە و باوک و برا و ئامۆزایان شەهید بووە، چونکە ئەوانە لە پێشتر بوون بۆ هاتنە ناو ڕیزی پێشمەرگە و شۆڕشەوە، چونکە ئەوانە هەموو بەهەموو بیروباوەڕ و دڵێکەوە لەگەڵن بۆ تۆڵە.

کاک عومەر هەوڵی دا پێشمەرگەکان دەستە دەستە دابەش بکات، چونکە بەم جۆرە سەرپەرشتی و ئاگاداربیبان بۆ وان زۆر ئاسانتر بوو، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیشەوە وەک جندووکە دەیانتوانی لە هەر ناوچەیەک کە بۆ خۆیان دەیانەوێ تێیدا قوت ببنەوە و بەدەستکراوەیی بەناو وڵاتەکاندا بێن و بچن. ئەو کوردانەی لە شار و گوندەکانیشن دڵسۆزانە دەتوانن دەستی یارمەتی بۆ برا پێشمەرگەکانی کاک عومەر قادر درێژ بکەن.

کاک عومەر هیچ جێگایەکی دیاریکراویشی بۆ خۆی دەستنیشان نەکردبوو، بۆ یەکتر دیتن و ڕاوێژکردن و ئەو قسەیەی کاک نوریشی خستە پشت گوێی کە پێی گوتبوو تورکەکان ئەوەندەیان پارەی سەری تەرخان کردووە، (چونکە ئەو هەموو دەمێ ئامادەی ئەوە بوو کە گیانی خۆی لە ڕێی خەبات و تێکۆشاندا لە پێناو کورد و کوردستاندا دابنێ، بەو مەرجەی نەکەوێتە بەردەستی خائین و بەدەستی پیاوی نامەرد لە ناو نەچێ.)

***

پیلانەکانی شۆڕشی ئەمجارە سەری لە تورکان تێکدا و لێیان شێوا، چونکە هیچ کاتێ زانیاری و هەواڵی پێشمەرگەکانیان وەک جاران بۆ نەدەهات و قسە و هەواڵی ڕاستیان پێ نەدەگەیشت. کە لە خەڵکیان



دەپرسی، یەکێک دەیگوت پەنجا سوارم دیوە و ئەوی دی دەیگوت من لە (١٠٠) سەد چەکدارم زیاتر دیوە و یەکێکی دی سوێندی دەخوارد کە بەچاوی خۆی (٣٠٠) سێ سەد چەکداری سوارەی دیون کە بەسەر پردێدا پەڕیونەوە، لە ڕاستیشدا هیچ دەستەیەک ژمارەی پێشمەرگەکانی نەدەگەیشتنە (٢٠) بیست کەس.

***

کاک عومەر و هەڤاڵ حەمید لە قەد پاڵی شاخێک دانیشتبوون. کاک حەمید گوتی: زانیوتە دەڵێن لە ئەستەمبوڵێ، هەوڵی کوشتنی کەمال پاشایان داوە؟

کاک حەمید بەدەم پاڵدانەوێوە هەر دەیگوت: بڵێی ئەوە وابێ، خۆ ئەو کابرایە پیاوی وای هەبوون دەستیان بەزاری شێردا دەکرد، ئەدی هەر بەقسەی ئەو، ئەو پیاوانەی نەبوون کە چەندین کەسیان لەسەر (پردی گەلاتە) لە سێدارە دا، و هەر ئەوانیش نەبوون، شێخی دەروێشانیان بەتەمەنی هەشتا ساڵییەوە بەدارێدا کرد...؟. ئێستاش لە نێو گوند و شارەکاندا ئەو پیاوانەی ڕاوی باجگرەکان (مەئمووری ضریبە) دەنێن بۆ پارە و پوولێکی کۆیان کردبێتەوە ئەو دەنگ و باسانەش شتێکی خراپ نین و باشیشن کە لەوێوە دێن.

کاک عومەر دەستی بەپێکەنینێ کرد و گوتی: ئا کاک حەمید دەزانم دەڵێی چی... دەتەوێ بڵێی هێشتا زووە و دەبێ پشوومان درێژ بێ، هێشتا کاتی ئێمە نەهاتووە، بەڵام هێندەش دوور نییە. ئەمجارەیان هەر دەبێ سەرکەوین. دەنگوباسی ئەو دیوەکانی دیکەشمان بۆ هاتووە کە بارودۆخی کوردەکانی کوردستانی عێراق و ئێرانیش زۆر باش نییە و گوزەرانیان لە ئێمە باشتر نییە. ئەوەی کەسەریشە و کەسەرێکی گرانیشە ئەوەیە کە بێ نیشتمانین. دیسانەوە بەکاک حەمیدی گوت: ئێمە لە ناو شار و شارۆچکە و گوندەکاندا خەڵکمان هەیە لەوانەیە پاش چەند هەفتەیەکی دی ببینین کە لە ئەستەمبوڵ و ئەنگۆرادا چ دەقەومێ و چ ڕوو دەدا.

***

بەرە بەری ئێوارێ لە بن دار ئەسپینداری نێو ئەو شاخ و داخەدا وردە وردە تا دەهات خۆر بەرەو ئاوابوونێ دەچوو. منارەی مزگەوتێکی بچکۆلە بەسەر دار ئەسپیندارانیدا دەڕوانی و مەلا دەنگی بانگی هەڵدەدا کە ئەو دوو هەڤاڵانە بەرماڵ (دوگرد)یان ڕاخست و دەستیان بەنوێژکردنی ئێوارێ کرد. پاشان نوێژی جەماعەت لە مزگەوتێدا دابەسترا. دەو دەمەیدا هەڵۆیەک بەسەر گوندی کشوماتدا دەخولایەوە و باڵی لێک دەدان. یەکەمین ماڵی گوندی، ماڵی پیاوێکی باوەڕپێکراو و جێ متمانەی کاک عومەر قادری بوو کە ناوی (یۆرک) بوو، دوای تاریکان کاک عومەر و کاک حەمید چوونە ماڵێ ئەو پیاوەی و ئەسپەکانیان لە حەسارێ بەستەوە و ئالیکیان دان و کاک حەمید بەسەربانی کەوت و بەدووربین هەموو ئەو لاپاڵ و دۆڵ و تەلانانەی بەسەرکردنەوە، کە دڵنیا بوو هاتەوە خوارێ و چوو لەگەڵیان دانیشت. لە ناو گوندیش بووە چرپ و چۆپان کە شێخ عومەر لە ماڵێ (یۆرک)یە.

کاک عومەر گوتی: با هەستین بچینە مزگەوتێ، و هەر سێکیان پێکەوە ڕۆیشتن. کاک عومەر چەند ساڵێک بوو مەلای مزگەوتێی دەناسی، بەڵام هیچ کاتێ نەدەچووە ماڵێ مەلای و نەدەبووە میوانی، لەبەر ئەوە بەیۆرکی گوت کە ئەو شەو لای تۆ دەبین. بۆیە یۆرکیش دەستوبرد دەر و دراوسێکانی تێگەیاند کە دۆشەک و سەرین و ڕایەخان لە ماڵە خۆیانڕا بێن و لە ماڵە وانی لەسەر سەکۆیە ڕاخەن، چونکە بۆ خۆیان هێندە پێخەفیان نەبوون. ئەوجا گەنج و لاو و هەرزەکار و پیاوانی گوندی هەموو هاتنە مزگەوتێ خڕ بوونەوە و دەستکرا بەگفتوگۆ و پرسیار و وەڵامان. هەروا لەبەر چرا ڕەشکە و فانۆسان، کاک عومەر لەسەر سەکۆی مزگەوتێ لە ناو ئەو حەشیمەتەیدا کەوتە دوان.

لە پێشەوە باسی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کرد کە بەسەر تورکیا هاتوون و ئەو پەیمانانەی وە بیر هێنانەوە کە پێش چەند ساڵێک بەشێخ سەعید درابوون، لە قسەکانیشیدا دەشپاڕایەوە و تکا و هەڕەشەشی دەکردن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆریان هەر لە سەروسەکوتیانڕا دیار بوو پێیان



خۆشە دانیشن و واز بێنن، زۆر کەمیان نەبێ کە ئامادەیی خۆیان بۆ خەبات و بەردەوامبوون پێشان دا.

ئەوجا مەلای مزگەوتێ هەستا و چوو لە پێش کاک عومەر قادری ڕاوەستا و گوتی: ئەرێ کاک عومەر قادر ئەوە تۆ بۆ خۆت سەربەست و ئازادی و وەکو هەوا وەک باڵدارێکی بێ پەڕ و باڵ، نە باوکت هەیە و نە کوڕ و نە برا. نە باکت بەهەوا و ڕۆژ و بەفر و باران و تەرزە و سەرما و سۆڵەیە، ئێمەی هەژار لە ناو ئەو خانووە بەقوڕ و بەرد دروست کراوانەماندا کە خوا بۆ خۆی دەزانێ بەچ حاڵێکمان پێکەوە ناون و پێشی قایلین، چونکە خوا بڕیوبەتیەوە. ڕەنگە هەریەکەشمان سەر و گوێدرێژێکی هەبێ و زۆر کەمیشمان هەیە خاوەنی یەک دوو سەر مەڕ و بزن بێ، کاروبار و حاڵ و گوزەرانمان زۆر خراپە و دەستکەوتمان هەر بای هێندێیە قەوچ و قەڕاسێکی پێ بکڕین و لەو لاشەوە دەوڵەتی تورکان دێن باجی ساڵانەمان لێ داوا دەکەن... ئەوە هەر بەزەیی و دلۆڤانی خودایە کە پێش چوار ساڵ لەمەوپێش تورکان ئازاریان نەداین و گوندەکەمان نەسووتا. جا ئەی تێکۆشەری گەورە، ئێمە چمان لە دەست دێ بۆ تۆ، ئێمە چین، چۆن دەتوانین یارمەتیت بدەین. جا بۆ ئەوەی بتوانین کاروکاسبی خۆمان بکەین و پێی بەڕێوە بچین لێمان گەڕێ با بۆ خۆمان بەئاسوودەیی بژین. نەک سبەینێ بێن و هەموومان بەدارێوەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە مەلا هەر بەتکاوە ئەوانەی پێ دەگوت، هێندەی نەمابوو چرا ڕەشکە و فانۆسی نەوتێ بەسەر و چاوی کاک عومەری دابدرێ. کاک عومەر سەر و ڕووی گرژ بوو و بەرچاوی تاریک داهات، دەو دەمەیدا یۆرک بەتەمای قسان بوو، بەڵام کاک عومەر قسەکەی پێ بڕی و هاتەوە وەڵام و خەڵکەکە هەموو کشومات و بێدەنگ بوونەوە، ئەوجا گوتی: وا پێدەچێ خەڵکی ناو ئەو گوندانە دەیانەوێ بەملکەچی و سەرشۆڕی و کڕیبەوە دانیشن و بەدرێژایی ساڵێ کاروکاسبییە بکەن تا تەنیا بتوانن باجی حکومەتی تورکان بدەن و نایانەوێ ئامادەی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەیان بن.

بۆیە من وا پێتان ڕادەگەیەنم:

لەم وڵاتەی ئێوەدا لە پاڵەوانیەتی و جوامێری و سەربەرزی باب و باپیرتان بەو لاوە چی دیکەتان بۆ بەجێ نەماوە؟! (ئێوە کوردن، یا کورد نین؟) دیارە ئەوەتان بەلاوە گرنگ نییە منداڵەکانتان ببنە دیل و ژێردەستە و کۆیلەی تورکان و یان لە پاشەڕۆژدا وەک مرۆڤ بەسەربەستی بژین. یان دەتانەوێ گەنج و کوڕە لاوەکانی ناو ئەو شاخ و داخانەی کوردستان بەبێ دەنگی و بەکرێ و بێ کاروکاسبی دانیشێ و هەموو شتێکی لە بیر بچێتەوە. بەڵام ئەرکی سەرشانی یەکە یەکەی هەموو کوردێکە کە خەبات بکات و بۆ سەربەستی و ڕزگاری ئەم نیشتمانە هەوڵدات و تێبکۆشێ.

وەک لە داب و نەریت و دەستوور و یاسای پێشینانماندایە، ئێوە بەپێچەوانەوەن، بۆ خوێنتان لە شا دەمارەکانی پیاوەتیتاندا مەییوە!؟ یاخود تورکان هێندەیان خوێن مژیون و وشکیان کردوونەوە، خۆشەویستیتان بۆ ئەم مەرز و بووم و خاک و نیشتمانە لە دڵ و دەروونناندا مردووە! بێ ئاگان لەوەی کە منداڵتان لە دایک دەبێ و گەورە دەبێ تا بچێتە ناو سوپا و جەندرمەی تورکانەوە و سەرلەنوێ جارێکی تر بنێردرێتەوە کوردستان و خاک و ئاوی کوردستانی پێ کاول و وێران بکرێتەوە، دیارە زۆرتان حەز لەوەیە و بەئاواتیەوە دەژین...!؟ کاک عومەر قادر ئەم چەند قسانەی سەرەوەی زۆر بەحەماسەتەوە کردن.

خەڵکەکە زۆر بەگرژی و ناڕاحەتیەوە ڕوویان لە مەلای کرد، ئەو مەلایەی کە داوا و تکایەکەی تەنیا بۆ هێندێ بوو سەلامەتی ژن و پیاوی گوندی بپارێزێ و لە هێمنی و ئاسوودەیی و دوور لە شەڕ و هەڵڵایەدا بژین.

کاک عومەر دیسانەوە گوتی:

زۆر بەداخەوە کە ئێوە لە ڕیزی جووتیاران نەماون و ورەتان زۆر نزم و دابەزیوە و ترس و لەرز لە سەر و چاوتانڕا دیارە، بەڵام سەیرەکەی لەوەدایە، کە من بۆ خۆم بەکەسانێکی وەک ئێوەوە ماندوو دەکەم. ئێوە لە جیاتی هەوڵ و خەباتی ڕزگاری، ڕۆژانە بچن لە بن دیواری مزگەوتێ هەر خەریکی سیغار پێچانەوێ و سەبیلە تێکردنی بن و چەسپان لە قلیانان دەن و لەوێش فێری (پیت حینجەی زمانی ئەو بێ دینانە بن). سوێندیش



بەقورئانێ بخۆن کە لەمەودواش ڕێ نەدەن کەس نوێژی بەزمانی ئەو کتێبە پیرۆزە (قورئان) بکرێ. ئێوە ئەو سەربەستییەی ناو ئەم چیا و چۆڵ و شاخ و داخانەتان لە بیر چۆتەوە، ئەو سەربەستی و ئازادییەی لێرەدا هەناسەی دەدا و دەژیا. لەمەودوا خەنجەرەکانی بەر پشتێندێتان هەر بۆ بەرخ سەربڕین و پیاز وردکردنێ بەکار بێنن.

تورکەکان ئەو مزگەوتەشیان ڕووخاند کە خەڵکی بەردی سەر سەکۆکەیان بەموتفەرک ماچ دەکرد و دەچوونە زیارەتێی، چونکە شێخ سەعیدی لەسەر لە قامچی (جەڵدە) درا بوو. زۆر بەداخەوە کە ئەمڕۆ ئازایەتی و مەردایەتی باب و باپیران بەچاوێکی وا کەم و سووک سەیر بکرێ.

ئەو مەلایەی تکایەکەشی بۆ پاراستنی گوندی کردبوو، زۆر چاکی دەزانی کە شێخ عومەر قادر ڕاست دەکا. دیسانەوە گوتی: شێخ عومەر، دڵنیابە ئەوەمان لە بیر نەکردووە کە ئێمە میللەتی تۆین، بەڵام من وا لەبەر چاوی هەموو ئەو حەشیمەتەدا پێت دەڵێم، کە ڕاپەڕین و شۆڕشێکی دیکەی سەرلەنوێ هیچ سەرکەوتنێکی لێوە ڕەچاو ناکرێ و ناگاتە چ جێیان و ناتوانێ دژی هەموو ئەو هێز و سوپایە گەورە و پڕ چەکەی (پاشا) خۆی ڕاگرێ. چونکە تا بڵێی ژەندرمەی زۆرە و چەکی مەترسیداریان پێیە. من بۆ خۆم پیاوێکی پیر و کەنەفتم، و هیچم لەبەرە خۆم نییە و من ئامادەم ژیان و مانی خۆم لەو ڕێگەیەدا بکەمە قوربانی، بەمەرجێک بەئاستەم ترووسکەیەک هیوای سەرکەوتنمانی لێ بەدی بکرێ. بەڵام تۆ وەرە بچۆرە نێو گوندی و چاوێک بەگوزەران و بەر و خانووی خەڵکی گوندیدا بخشێنە، بزانم داخۆ ئۆباڵی هەتیو کەوتن و هەتیوباری ئەو ژن و منداڵە بێ دەرەتانانە چۆن بەگەردەنی خۆتدا دێنی و خۆت دەخەیتە بن باری ئەو بەرپرسیەتە. دڵنیابە ڕاپەڕین و شۆڕشێکی دیکەی سەرلەنوێ، یانی لەناوچوونی تێکڕای هەر هەموومان.

شێخ عومەر وەڵامی دایەوە: بەڵێ (کۆدشا) من زۆر چاک لە تۆ دەگەم، بەڵام پێم وایە هەموو ئەو پیاوانەی لێرەن هەموویان هەر بیروباوەڕ و بۆچوونی تۆیان نییە، ئەوانە ئەو پیاوانەن کە نەک هەر بۆ ئەمڕۆ، بۆ

سبەینێش دەژین. ئەو پیاوانەن کە نەک هەر بیر لە ئافرەت و منداڵەکانیان ناکەنەوە، بەڵکە سەریشیان لە ڕێی تێکۆشان و خەباتی ڕزگاریدا دادەنێن. ئەو کوردستانەی وا لە ژێر چەپۆک و پۆستاڵی ژەندرمەی دوژمندایە و ئەگەر لێی گەڕێین پاشی چەند ساڵێکی دیکە هەر ناو و ناونیشانیشی نامێنێ.

دیسانەوە ڕووی دەمی کردەوە مەلا و پێی گوت: وەرە بەناو کوردستاندا بگەڕێ و باکوور و ڕۆژئاوای هەموو ئەو کوردستانە لێک بدە و سەیرێکی ئەو گوندانە بکە، کە هیچیان دیوارێکیان بەپێوە نەماوە و هەر هەموو کاول و وێران و سووتێنراوە. چاوێک بەگۆڕی ئەو هەموو شەهیدە کوردانەشدا بگێڕە کە سەریان ناوەتەوە، باشە دەبێ هەمووی ئەوانە هەروا بەختوخۆڕایی بڕوا...؟!

ئەوە بەڕاستی باوەڕتان بەتوانای ئەو خودایە گەورەیە نەماوە، کە بە دەیان هەزار کەس سوێندیان خوارد، کە یان مردن یا مرۆڤ و میللەتێکی سەربەست لە ناو وڵاتێکی سەربەستدا؟ و دەشیان گوت، مردن خۆشترە لەوەی کە لە ئاشتیدا باخچەوانێکی ترسنۆکی ژێردەستەی دوژمن بیت. بۆیە دەبێ بەشەڕەفەوە بەسەربەرزی بژین. مەلا ئەو پیاوە پیر و کەنەفتەی کە ناوی (کۆداش) بوو قسەی بۆ نەهاتەوە و نەیزانی چ بڵێ!.

کاک عومەر لەسەر بەردی سەکۆی مزگەوتێ هەستایە سەرپێ و بەناو خەڵکەکەدا بەرەو دەرکی مزگەوتێوە چووە دەرێ. هەر بەدوای ویدا چوار کوڕە لاو یەکسەر بەدوایدا وەدەرکەوتن. دوایەش کۆمەڵە خەڵکێکی دی کە ژمارەیان حەوت کەسێک دەبوو ئەوانیش مزگەوتیان بەجێ هێشت و مەلا پیرەش هەر سەری لێ بادەدان و چەند جووتیارێکیش لە بن منارەی مزگەوتێ گفتوگۆیان لەسەر ئەو ئاریشەیە گەرم کردبوو.

دوای چەند ساتە وەختێکی کەم ئەو چوار لاوە کە گەڕانەوە، تا بچن تفەنگەکانیان بێنن. کاک عومەر هەر بەو شەوە بڕیاری دا کە لەو گوندە و لە ماڵێ هاوالەکەی نەمێنێ و بڕوا، سواری ئەسپان بوون، ئەو و کاک حەمید هەر بەو شەوە لە گوندی وەدەرکەوتن. خودا دەست بەباڵیانەوە



بگرێ. نیو سەعاتێک دەبوو ڕۆیشتبوون، دوو کەسی گوندی چەند نارنجۆکێکیان هەڵدایە حەساری ماڵە (یۆرک)ی بەو نیازەی کە کاک عومەر و کاک حەمید لەوێنە.

***

کاک عومەر قادر هەدادانی نەبوو بەشەو و بەڕۆژ بێرە و بەوێدا دەسووڕایەوە، بەڵام چ هەواڵێکی شەڕ و هەستانەوەیەکی نوێی دەناو خەڵکیدا بەدواوە نەبوو، هەرچەندە کاک عومەر هەر دەنێو ئەو شاخ و داخ و کێو و بەندەنانەدا مایەوە و ئەوێی بەجێ هەر نەهێشت، بەڵام ئەوەی بۆ ڕوون بۆوە کە هەر جێگایەکی ڕووی تێ دەکات و دەیچێتێ، خەڵکەکەی کەسیان بەلای شەڕ و ڕاپەڕین و خەبات و تێکۆشانێوە نین، بەڵکە هەموویان (ئاسوودەیی و ئارامییان پێ لە پێش سەربەستی و، پاڵدانەوە و ڕابواردنیان لە لا لە پێش کوردستانەوەیە). بەڵام چ ئارامی و ئاشتی و هێمنایەتییەک ئەوەی کە وازیان لێ بێنێ بژین، هەر بۆ ئەوەندەش تا بتوانن باجی دەوڵەتێ بدەن.

کاک حەمیدیش هەڵیدایە: بۆ هێندێش تا کچەکانیان بچنە ماڵە تورکان بۆ قەرەواشییە.

کاک نوری لە ناوچەکانی لای خوارێ بوو، سوێندی بەسوێند خواردبوو کە دەبێ میللەتی کورد هەر ڕاپەڕێتەوە و دەست داتەوە چەک. چەند گوندێکیش نەبێ پشتگیرییان دەکرد، دەنا زۆربەی زۆری گوندەکانی دیکە، دژی بوون، هەر بۆیە کاروباری کاک نوریش، لەوانەی کاک عومەر و کاک حەمید چاکتر نەبوو.

پیاو چۆن دەتوانێ متمانەی بەو خەڵکە هەبێ، کە وا بەم شێوەیە بێ دەسەڵات و ترسنۆک و بوودەڵە بووینە و زۆری بەلاوە ئاسانە تەنانەت خیانەت دەگەڵە خۆشیدا بکات هەر بۆ هێندێ سەری سەلامەت بێ و پێستەکەی دەرباز کا. بۆیە هەر دەیگوت، دەبێ هەر بۆ خۆم هەموو کارەکان ئەنجام بدەم، و هەمیشەش بیر و هۆشی لە لای برا کوردەکانی، ئەو بەشانەی تری کوردستان بوو، کە دەبێ چۆن بن و چی بکەن و کێ کۆمەک و یارمەتییان دەکات، چونکە دەیزانی دوژمن لە هەموو لایەکەوە هەر

هەوڵی قڕکردنێمان دەدات و دەیەوێ لە ناومان ببات.

***

کاک عومەر قادر کە بەڕاستی پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر و خەباتگێڕ بوو، و شۆڕشگێڕێکی ماندوو نەناس و لێوەشاوە بوو، خەو و خۆراکی نەبوو، هەمیشە هەر ئەوەی بەبیر و مێشکیدا دەهات: گەلێکی کوردی ئازاد و کوردستانێکی سەربەخۆ، کە کوردی تێدا بەئاسوودەیی بژی و هەمیشە هەوڵی دەدا کە دەنگی شۆڕش و خەبات بگەیەنێتە پارچەکانی تریش. لەو لاشەوە کاک نوری دەنگوباس و هەواڵی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی بێر و بەوێدا بلاو دەکردەوە و کاک حەمیدیش چەند گوندێکی بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو. هەر چۆنێک بوو سەرکردە کوردەکان توانیان ترووسکەی ئاگری شۆڕش لە ناو ئەو چیا و کێو و بەندەن و سەر لووتکەی شاخەکانی کوردستاندا هەڵایسێننەوە.

ناو و ناوبانگی کاک عومەر بەهەموو لایەکیدا بلاو ببۆوە و لە کۆبوونەواندا کە خەنجەرە زێڕەکەی وەک سونبولێک دەخستە سەر سەری، لەبەر تیشکی چرای دەبریسکایەوە و موژدەی سەربەستی دەدا و بەهەزاران کەسیش دەهاتن ئەو مستە خۆڵە بەخوێنەی ناو شەدەکەی سەریان ماچ دەکرد، کە پێچابوویەوە و هەمیشە دەگەڵ خۆیدا دەگێڕا. کاک عومەر قادر بەردەوام چایە و قاوەی لێ نەدەبڕا و بەدرێژایی شەوێ دەیخواردنەوە، تا خەوی نەیە، چونکە هەمیشە دەگەڵ ئەو سەرەک عەشیرەتانە سەرقاڵ بوو کە دەهاتنە لای، تا فەرمانی شۆڕشی لێ وەربگرن. لە ناو مزگەوتان نزا و پاڕانەوە و نوێژی سەرکەوتن و سەربەستی دەستی پێ کراوەیە و ئاڵای سەوزی ڕزگاری کورد لەسەر هەموو بەرزاییەکەوە شەکایەوە و هەڵدرا. پێشمەرگەکان بەدڵ و بەگیان و زۆر بەجگەرسۆزییەوە، ئامادەی ئەو شۆڕشە پیرۆزە بوونەوە. خەنجەریان زاخاو دانەوە و فیشەکدانیان پڕ کردنەوە لە فیشەک، لاوە خوێن گەرمەکان گوندەکانیان بەجێ هێشت و بەرەو لاپاڵ و ملەی ئەو کێوانە و، بەرەو دۆڵ و گەروو و لووتکەی شاخ ڕێیان دایە بەر، تا لەو ناوچانەیانەوە سوار بن بەسەر ئەو ڕێ و بانانەوە و جێ و ڕێی خۆشیان دیاری بکەن. لەو لاشەوە ئێران و عێراق پارەیەکی زۆریان بۆ



سەری کاک عومەر تەرخان کرد (بەگرتن یان بەکوشتن) لەبەر ئەوە چاوەدێری و پشکنین لە ناوچە سەر سنوورییەکاندا زۆر توند و تیژ و گەرم و گوڕتر کرا. سەرەڕای ئەو توند و تیژی و پشکنینانەی سەر سنووریش کاک نوری هەر توانی، چەک و فیشەک و دینامێت بەپشتی ئێستر و گوێدرێژان لەوبەری سنوورییەوە بێنێتە ئەو بەرێ. چونکە سەرما و سۆڵە و بەستەڵەک لە مانگی یازدەوە (November) دەستی پێ دەکرد. ئەفسەران لە ئەنگۆراوە دەستیان بەفەرمان دەرکردنێ کرد، کە لە کوردستان شۆڕشی سەرلەنوێ دەستی پێ کردۆتەوە و کوردەکان لە هەموو لایەکەوە دەستیان داوەتەوە چەک.

بۆ جارێکی تریش و بەبیروباوەڕ و وشەی ئەڵڵاهو ئەکبەر، ئەڵڵاهو ئەکبەر، هێرشیان کردە سەر سوپای تورکان و دەناو تانک و پادگانەکانیشیاندا لێیان نەپرینگانەوە و کوشتار و برینداریەکی زۆریان بەژەندرمەکان گەیاند و زیانێکی زۆریان لێدان.

پێشمەرگەکان زیاتر لە (١٠) دە جارانیان هێرش بردنە سەرێ و بەدروشمی (یان سەرکەوتن یان نەمان)ەوە بەخەنجەرەوە پەلاماریان دەدان و هەڵیان دەکوتایە سەریان. زۆر جاران وەبن پێچکەی تانکەکان دەکەوتن و تانکەکان زۆر جاران بەسەر لاشەی پێشمەرگەکاندا دەڕۆیشتن و لە شوێنە بەرزەکانەوە ئاڵا سەوزەکانیان دێنایە خوارێ و دەیاندڕاندن.

***

کە لە شەڕەکە گەڕانەوە، پێشمەرگە برسی و تینوو و بەدەستی خوێناوییەوە بەرەو بەرزاییەکان هەڵکشینەوە و لەوێرا دوا فیشەکی تفەنگەکانیان پێوەنانەوە و چاویان بەرایی نەدەدا تەماشای ئەو تورکانە بکەن کە ئەو شار و گوندانە دەسووتێنن و کاول و وێرانیان دەکەن...

بەڵێ ئەمجارەش کەمال پاشا بۆ دووەم جاری سەرکەوت و بردیەوە، و ئەو ڕۆژە ڕۆیی کە جارێکی تر لە ناو ئەم کوردستانەدا مرۆڤ بەئازادی و سەربەستی لە وڵاتێکی ئازاددا بژی... ڕێز و قەدر و قیمەتی شێخ و مەلا و ئاغا و پیاوچاکان ڕابورد و ئاگری ئەو خەبات و تێکۆشانەی سەربەستیش دامردەوە و ئازادیش مرد.

## پاژی پێنجەم

### دوو شۆڕە سواری کورد لە دەشتێ دەسووڕێنەوە

سەردەمی نوێ هاتە کایەوە و وای کرد تەنانەت مزگەوتەکانیش ئەو نرخ و پلە و پایە و ڕێزەی جارانیان نەمێنێ. مەلایەکان لە مزگەوتەکان، لەسەر مایکرۆفۆنی تازە و نوێوە هەر ئەوەندەیان پێ دەکرا، باس لە وتارەکانی وەزیری کشتوکاڵ بکەن و یان یاسای ماوەی کارکردن ڕابگەیەنن.

دەست کرا بەڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر و کیلۆمەتر بەدوای کیلۆمەتردا بەتایبەتی بەو جێگایانەدا کە کانگای سامانی سروشتی بوون و ڕێی لەبەردەم لێزان و ئەندازیاراندا خۆش کرد، تا بگەنە ئەو شوێنانە و کەوتنە جموجۆڵ کاری گەڕان و هەڵکەندن و دۆزینەوەی کانزاکان و تەقینەوەی دینامێت کەوتە هەڵتەکاندنی ئەو چیا و چۆڵانە و وەک پێشان دەهاتە بەرچاو کە کوردەکان ئەو چیایانەیان دەتەقەیدا کەڕ دەکرد.

***

پیاوان بەجلوبەرگی زەرد باوەوە لە چایخانان دادەنیشتن و قەڵەم بەسەر گیرفانێوە و دەفتەر لەسەر ڕانی. مەگەر سواڵکەرێک چووبایە و ڕووی لە قیبلە کردبایە و نوێژێکی ئێوارێی دابەستبایە، دەنا کەس نەمابوو بچنە مزگەوتێش. لەولاشەوە شۆفێری لۆرییەکان سەرقاڵی گریس کردنی لۆرییەکان دەبوون و پیرەمێردە کەنەفتەکانیش کە گوێیان لە حینجەی ئەو پیتە نوێیانە دەبوو کە لەسەر تەختە ڕەشێ دەیان نووسین هەموو بەڕووی یەکتریدا دەگرژینەوە.

لە جێی مزگەوتی شێخ سەعیدی کارگەی (دەستەسڕ و پەشتەماڵیان) دامەزراندبوو و لە نزیک ئەو کارگەیەشەوە جوولەکێکی ئەستەمبوڵی دۆندرمەی دەفرۆشت.

(کۆری) وای سەر بەکتێبێ دانەدەگرت بلێی ئۆخەی. ئەو هەر لەبەر خۆیەوە منگە منگ و خوتە و بۆڵەی بوو. خۆ هەر بەئاشکراش شتێکت لە نزیکیەوە بدرکاندبایە ئیدی ئەوە مەپرسە چ مەترسییەکی گەورەی بەدواوە بوو. ئەگەر چووبامایە سەردانی کوڕەکەم دەبوایە بچم لە بنکەی پۆلیس



مۆڵەت وەربگرم بۆ دیتن و سەردانی کوڕەکەم... های هەی...! کوان ئەو ڕۆژانەی کە لە وڵاتی خۆماندا بەسەربەستی دەهاتین و دەچووین و دەسووڕاینەوە. (کفری) کورسییەکەی بەلاوە نا و لەسەر چینچکان دانیشت و دەستی لە ئەژنۆی وەرێنان و دەو شاخانەی بەردەمیەوە ڕاما. چاوی لە دەرکی مزگەوتێ دەگێڕا، وردە وردە پێڵووەکانی کەوتنە سەریەک و چووە ناو دنیای بیر و خەیاڵانەوە و ئەو ڕۆژانەی وە بیر هاتنەوە کە شێخەکان بەکەوا و سەڵتەی ڕەشەوە خەنجەری زێڕیان لەبەر پشتێندێ دەچەقاند و بەنێو گوندیدا دەسووڕانەوە و دادیان دەبەشیەوە و دەستی یارمەتیان بۆ هەژاران و نەداران درێژ دەکرد و ستەمیان لە کەس نەدەکرد. ئەدی ئەورۆ، کوا کێ هەیە دەستی یارمەتی بۆ هەژاران درێژ بکات و بەهانایانەوە بێت، ئەوا ئەورۆ هەموومان دەست کورت و هەژار بووینە، کوان ئەو شێخانە، هەر دەڵێی یان مردوون یان هەڵاتوون.

(کۆری) بە(کفری) گوت: خوا گەورەیە و موحەممەد پێغەمبەر (د.خ) یاریدەدەرە. ئێمە دەبێ هەر ددان بەخۆماندا بگرین و بەو چارەنووسە قایل بین، لە کاتێکی وادا هاتە وەڵام هەروەک ڕێک لە ناو بیر و خەیاڵەکانی (کفری)دا بێت.

شێخ سەعیدیان وەک شتێکی زۆر پیرۆز هەر دەدڵ و دەروونانداا دەژیا، تا مانای خەبات و تێکۆشان و سەربەستی تێگەیشتن زۆری وەخراند و تازە بەسەر چوو. بەخودای هەموو قسەکانی کاک عومەر قادری یەکە بەیەکە هەمووی هاتنە دی. ئەوەتا ئەوا ئەورۆ هەردوو کوڕەکانم لە سوپای تورکاندا ژەندرمەن.

(کۆری) کتێبەکەی وێک نایەوە و لەسەر تەختەکەی دانا و کەوتە پرسیارکردنێ لە خۆی، باشە چ دەبێ ئەو پێنج و دوو ڕۆژەی تەمەنم کە ماوە، بەبێدەنگی و بەئاسوودەیی و خۆشی و دوور لە گێچەڵانی بەسەر بەرم؟! باشە وا چاکترە یان وەک کاک عومەر قادر ئاگرم لە هەناویدا بابیسێ و دەست وە کێوان دەم....

(کفری) گوتی: ئێمە تازە پیر بووین و بەسەر چووین، کەڵکی چمان

نەماوە. بەڵام (کۆری) گوتی:

دەبوایە ئێمە هەر خەباتمان کردبایە. زۆر بەشەکەتییەوە دەستی دایەوە قەڵەمەکەی تا چەند پیتێکی لاتینی بنووسێ و لەبەر خۆشییەوە هەر دەیگوت و پرسیاری لە خۆی دەکرد، باشە ئەوە من خەریکی چیم و بەتەمای چیم؟. بەڵام ئەو فێری ئەوە ببوو و ڕاهاتبوو کە سەر بۆ تورکان دانەوێنێت و بەوە ڕازی بێت کە خێزان و ئافرەتەکانی ناو ماڵێی بەسەری قۆتی بچنە ناو بازاڕ و وێنەی کەمال پاشا لە ماڵەوە بەدیوارییەوە هەڵواسێ. بەڵێ بەم جۆرە ئەو وڵاتە شاخاوییە هەمووی داگیر کرا.

***

سەرەتای وەرزی بەهار بوو شوانکارەی دەوروبەری دەشتی (موصل)ێ لە عێراقێ بەمەڕ و ماڵاتەوە بەرەو ناوچەی (ڕەواندز) کە دەکەوێتە ناو چیاکانی کوردستانی عێراقێوە پەزیان وەپێشە خۆیان دا، ئەو گیا ڕەشەی بەهارێ سەوز دەچۆوە و گوڵیلکەی زەرد و سوور ئەو خاک و ئەو مەرز و بوومەی هەمووی داپۆشیبوو و هەر دەتگوت مافورە ڕاخراوە. لە بەرەبەری مانگی گوڵانێ (نیسان)دا گەرمی دەزێتە ناو ئەو سروشتەوە و دەبێتە جێ بازرەقەی مامز و کارمامزان. ڕەشبەڵەکی بەفرێ بەسەر لووتکە چیاکانەوە هەر مابوو و لە داوێنی چیاش نەرمە بایەکی فێنک تێکەڵ بەباق و بریقی تیشکی ئەو ڕۆژە خۆشانە دەبوو، و دەبووە هەنگامەیەک لە نێو ئەو شاخ و داخەدا هەر مەپرسە.

دەوڵەتی عێراقێ دەستی بەکردنەوە و ڕاکێشانی جادەیەکی بەناو ئەو چیا و کێو و بەندەن و دۆڵ و لاپاڵە ڕەقەنە کرد، گوایە تا خەڵکی ناو ئەو چیا و دوورە دەستانە کاریان ئاسان بێت و بەرهەمی میوە و مەڕ و ماڵاتیان بەئاسانی بگەیەننە بازاڕی شارەکان.

بەڵام کوردەکان پێکەنینیان بەو قسانە دەهات و دەیانگوت، چ ئەو جادە قیرتاوەش نەبووە، ئێمە بەرهەمی میوەی ترێ و هەنار و هەرمێ و بەرهەمەکانی دیکەی وەک تووتن و مازوو و کەتیرە و زۆر شتی ترمان هەر گەیاندۆتە بازاڕەکانی هەولێر و مووسڵ و کەرکوک.



دەوڵەتی تورکانیش وەک دەوڵەتی عێراقێ دەستی کرد بەکردنەوەی قوتابخانە بەزمانی تورکی، هەروەک چاولێکەرییەکی دەوڵەتی عێراقێ تورک ئەم کارەی ئەنجام دا.

دەشیانزانی کە لە نزیک و ناوچە سەر سنوورییەکانەوە، پەناهەندەی کوردەکانی تورکیا و ئێران کەوشەنیان بەزاندووە و هاتوونەتە دیوی عێراقێوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پۆلیسی عەرەب و پاسەوانەکانی سنوور لە پێدەشتەکان زیاتر بەولاوەترەوە نەدەچوون و نەیان دەوێرا خۆ لە ناو چیا سەختەکان بدەن، بۆیە هەمیشە دەنگوباس و زانیارییان لەم بارەیەوە زۆر کەم بوو، بۆیە هەمیشە ئەو کوردانەیان بەجەردە و ڕێگر ناو دەبردن. لەو ناوەشدا ڕێکەوتنێکی سێ قۆڵی نێوان تورکیا و ئێران و عێراقیش دەربارەی سنوور و ئەو کوردانەی سەر سنوور هەبوو، کە هەر لایەک کوردی لایەکەی دیکەی لەو سەر سنوورانە گرت، ئەوە ڕاستەوخۆ بیداتەوە بەوی دی. بۆیە زۆر جاران تا سنوور نەشێوێ خۆیان لێ بێدەنگ دەکردن.

***

قەیرە پیاوێکی مەیلەو بەتەمەن کە جلوبەرگێکی ڕەشی ڕێکوپێکی لەبەردا بوو و کەڵانگوچکی کراسەکەی وەک نەخش لە مەچەکەکانیەوە ئاڵاندبوو، بەتەنیشت کوڕە لاوێکەوە. تەختی ناوچەوانی لۆچی کردبوو، هەر دەتگوت بەچەقوێت قاش قاش کردووە، ڕەنگ ڕەشتاڵە، وەک لەبەر ڕۆژێ ڕەش داگەڕابێ. شتێکی گرانبەهای بەگوێیەکانیەوە بوو پێیان دەگوت (تورکیزن) یان (فەیرۆزە).

کوڕە لاوەکە چەکدار نەبوو، بەڵام قەیرە پیاوەکە تفەنگێکی بەشانیەوە بوو و زۆر بەدڵنیاییەوە بەنێو ئەو شاخ و داخەیدا دەڕۆیشتن و هەر دەتگوت نێرینە کێوین.

کوڕە لاوەکە گوتی: (ئەبو نیسان)! بڵێی ئەوەش فرت و فێڵێک نەبێ لێیان کردبێ، تا بۆیان تێکەوین؟.

قەیرە پیاوەکە (ئەبو نیسان) هەروەک جنێوی پێ درابێ، سەری بڵند کرد و گوتی: بێدەنگ بە(عومەر قادر) هەموو شت لە جێی خۆیەتی. ئەدی من

بۆ خۆم ئەو نامەیەم نەدیت کە شێخ نوری بریفکانی ئیمزای کردبوو...؟

عومەر قادر بێدەنگ بوو.

کاک عومەر قادر سێ ساڵان لە کوردستانی عێراقێ لە لای برادەرێکی زۆر خۆشەویستی (شێخ سەعید)ی باپیری دەمێنێتەوە کە وەختی خۆی باپیری سوێندی بۆ دەخوا کە ئەو کورە خزمێکی دووری خۆیەتی و خەڵکی کوردستانی ئێرانە و ناوی (شێرکۆ یۆنانە)، لەگەڵ ئەوەشدا هەر نەیدەتوانی دڵنیا بێ، نەک لێرەش زمانی لێ بدرێ، چونکە میری عێراقێش پارەیەکی زۆری بۆ لە ناوبردنی تەرخان کرد بوو و هەمیشە بەدوایدا دەگەڕا. بۆیە هەرگیز نەیدەتوانی خۆی ئاشکرا بکات نەکو بکەوێتە بەر پیلانی پیاوی نامەرد، خواش هەڵناگرێ عێراقییەکان هەمیشە هەوڵی ئەوەشیان دەدا کە خوێن نەڕژێ.

کاک عومەر گوتی: (ئەبو نیسان...) تۆ دەزانی من لە دەشتێ بەسواری زۆر پەرێشانم و هەمیشە هەست بەدڵتەنگی دەکەم، پێم وابێ من لێرە هەر دەگلێم.

نەخێر، نەخێر، من لێرە ناسراوم و هەموو دەزانن کە من دۆستی حوکمەتم. تۆ لەگەڵ من بی هیچت بەسەر نایە.

دیسانەوە (ئەبو نیسان) بەپێکەنینەوە گوتی: ئەو کوردانە سوودیان لەو ئەزموون و تاقیکردنەوانە زۆر دەکەن کە لە تورکیاوە دەگەڵە خۆیان هێناون. وەک ئەو پەندەی پێشینان کە دەڵێ: (ئەو جێیەی لێی چاوەڕوان ناکەی ڕێوی لێ دەردەپەڕێ)، هەر بۆیەش کوردەکان لە ناو خۆیاندا هەمیشە پیلانەکانیان بەنهێنی ماوەتەوە.

دوو پۆلیسی عێراقی بەسواری لەو سەر جادەیە دەسووڕانەوە و زۆر بەڕێزەوە سەلاوی ئەو دوو کوردەیان وەرگرتەوە. هەر دەو دەمەیدا دیتیان ئەوا لۆرییەک بەهەورازی هەڵدەگەڕێ و خەڵکەکەی ناوی بەگۆرانییەوە بەرەو ڕوویان دێن.

***



کاک عومەر قادر وەک خەونێ ببینێ لەو وڵاتە دەشتەکییەدا کە لە دووڕا دەبریسکێتەوە... گوتی: زۆرم پێخۆشە بمزانیبایە داخوا هەڤاڵان چارەنووسیان بەچی گەیشت و چییان بەسەر هات، بەتایبەتی... دینکا، و سامانۆ، و کۆشابا، و شیمۆن، و یاکۆ، و ماکۆ، و زەبیبا، و کەواڵە، و بێرک، و ئەشتار، و مالمۆک، و دارێک. هەریەکەمان بەلایەکیدا، ئەوا من لە عێراقێ و ئەوانی دی هەموو وەک ئاردی نێو دڕوێ لێک پەرت و بڵاو بووین. دەڵێن هێندێکیان چوونەتە ڕووسیا و لەوێ چوونەتە ناو سوپای ڕووسیاوە و دەوێدا بوونەتە سەربازی ڕووسیان. گوایە هەندێکیشیان بەرەو (بەیرووت و ئالیپۆ)وە چوون و سێ چوار کەسێکیشیان گەیوونەتە ئەورووپا و ئەوانەی دیش لەوانەیە هەموو شەهید بووبن. هەستانەوە و ڕاپەڕینی دووەم جار کەسەرێکی زۆر گرانی بەداخەوە لە دڵی کوردی کوردستانی تورکیادا بەجێهێشت.

کەمال پاشا بەدەستێکی پۆلایین و زۆر بێ بەزەییانە و بێ ویژدانانە و بەبێ ئەوەی هیچ بپارێزێ لێی دان و بەهەزارانیشی لە سێدارە دا. وەک سەرۆکی دەوڵەت بەپێویستی دەزانی هێمنی و ئاسایش و بێدەنگی بچەسپێنێ. هەر زوو بانگەشەی بڵاوکردنەوەی ئیدیۆلۆژی خۆی ڕاگەیاند تا زۆربەی زۆری بۆ لای بیر و بۆچوونەکانی خۆی ڕاکێشی و لایەنگیری بن، تا بوو بەدیکتاتۆری وڵات و ئەو کەسانەی تەفروتوونا کرد کە بەرهەڵستیان دەکرد و وای لێ کردن تا هەتایە سەربەستی و ئازادی بەچاوی خۆیان نەبیننەوە. ئەو کوردە پەناهندانەش کە چوونە ناو کوردستانی عێراقێوە، بۆیان بوونە مایەی دەردەسەری و ناڕاحەتیەکی یەکجار زۆر، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو، کە ئەو پەناهندانە هەروا بەئارامی و بێ جموجۆڵ دانەدەنیشتن و ئاژاوەیان دەنایەوە. بەڵام لە بەشی لای سنووری تورکیاوە ئارامی زیاتر پێوە دیار بوو و بێدەنگی و کپبوون دەستی پێ کرد.

کاک عومەر قادر هەمیشە هەست و هۆش و بیری هەر بەلای ناوچەکانی لای خۆیانەوە بوو و هەمیشە ئامادەی خەبات و تێکۆشان بوو و هەرگیز ورەشی دانەدەبەزی، بەڵام تازە لەوە دەرچووە بتوانێ لەو ناوچانەی خۆیاندا

جێی ببێتەوە. هەر ئەوەش بوو ئەو کوردە پەناهندانەی لە ناو برا کوردە عێراقییەکانیان زیاتر بەنرخ و بەڕێز و قەدر و گەورە کردبوو.

پاشان بڕیار درا کە کاک عومەر قادر وەک نمایندەیەک بچێتە لای مووسڵ، هەرچەندە ئەو ناوەش هەمیشە لە ژێر چاودێری حوکمەتدا بوو، و هەرچەندە ناوچەیەکی مەترسیداریش بوو بەڵام هەر قبوڵی کرد، چونکە دەیگوت... لەوانەیە بیانەوێ تاقیم کەنەوە. بەڵام من لەم ناوچەی ڕەواندزە کشومات و بێدەنگ و هەست و خوستە زۆر بێزارم، و بۆیە پێم خۆشە بچمە ناوچەیەکی تر و خەڵکی تر بناسم. خۆ ئەگەر هات و گیراشم ئەوە هەموو شتێکی من یەکسەرە تەواو دەبێت و دەسڕێتەوە.

سەیری کرد وا (ئەبو نیسان) کەوتۆتە ناو دەریای بیر و خەیاڵێکی قووڵەوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێ: کەرە مەمرە بەهارە، جۆت بۆ دێنم بەبارە، کورتانت بۆ دێ لە شارە... بەهار و هاوین بێنەوە و سەوزە گیای دەر و دەشتان شین ببنەوە ئەو دەمی، بەساغ و سەلامەتی بەسەربەستییەوە دەگەڕێیەوە ناو چیاکان و وەک ئێستا بەسواری دەوێشدا دەسووڕێیەوە. باشە تۆ بەچاوی خۆت نەتدیت چۆن لە (٣) سێ بنکەی پۆلیسانڕا پەڕینەوە؟. لە ناو عارەبان کەس تۆ ناناسێ و لەو پێدەشتانەشدا برادەری کوردمان زۆرن، بەڵام کاک عومەر قادر زۆری متمانە و باوەڕ بەقسەکانی ئەبو نیسان نەبوو و گوتی: کێ دەڵێ ئەو کوردانەی مووسڵێش هەموویان لە ژێر چاودێریدا نین! بۆیە ئەبو نیسان نەیتوانی هیچ وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی بداتەوە قەناعەتی پێ بێنێ، چونکە ئەوە پرسیارێکە پیاو ناتوانێ بەقەناعەتەوە وەڵام بداتەوە.

هەروا دوو بەدوو و بەسواری بەلای قەڵاتی (بانەمان)ێدا تێپەڕین و بەلێواری زێیەدا هەڵکشان تا ملیان لە شاخی نا. تووشی کۆمەڵە کوردێکان بوون، کەلوپەل و ئازووقەیان لە وڵاغان بار کردبوو و وەپێشە خۆیانیان دابوون.

کاک عومەر قادر بەپەنجە ڕاوەشاندنێوە ڕووی لە ئەبو نیسان کردبوو و دەیگوت: ئەبو نیسان ئەتۆ پیر بوویت و دەتەوێ بچیە مووسڵێ و لەوێ



خانووێکی بکڕی و ژنێکی گەنج و جاحێڵ بێنی و بەئارامی و بێ دەردەسەری بژیت. بەڵام کاک عومەر قادر نەیدەزانی کە هەموو کەسێک دەزانێ ئەبو نیسان کۆیلەی ژێردەستی ژنەکەیەتی و هەر بۆیەش پێی خۆش بوو هەروا بۆ چەند ماوەیەکی دیش دەگەڵ کاک عومەر قادردا لەو چیا و چۆڵ و پێدەشتانەدا بسووڕێتەوە. ئەبو نیسان لە وەڵامدا گوتی: بەخودای ئەمن تازە بەهیچ شێوەیەک نامەوێ جارێکی دی لە دەشت و ناو چیا و چۆڵاندا بژیم. چونکە جارێکیان لە بەغدایە بەو هۆیەوە خراپ تێ کەوتم.

کاک عومەر گوتی: ئاوا، چما ئەتوو لە ناو عەرەبانیشدا ژیاوی و ئەمن نەمزانیوە!؟.

دا دەی توخودا باسێکی ئەوەم بۆ بێگێڕەوە، ڕێیەکە دوورە و بەو جۆرە قسانەوە نەبێ لەبەر ناچێ.

ئەبو نیسان گوتی: ئەوە هەقایەتێکی کۆنە. ئەوە جارێکیان لە بەغدایەم و زۆر بێ پارە و پوول و دەستکورت و نەدارم، بازرگانە کوردە دار فرۆشەکانیش بەهیچ جۆرێک یارمەتیان نەدەدام و باربوویان نەدەکردم، هەرواشە کێ گوێ دەداتە پیاوێکی بچکۆلەی کەرەکرمانجی ناو ئەو شاخ و داخەی... هەستام لە لای پیاوێکی عەرەب بەخزمەتکار دامەزرام. کەم و زۆر ڕێکدەکەوێ کوردێک و عارەبێک جار جارە وەک سە و پشیلان لێک بمڕێنن، بەڵام من هەر دەبوایە ددان بەخۆمدا بگرم و بەسەرە خۆمی نەینم، چونکە زۆر نەدار بووم دەمگوت قەیدێ ناکا هەرچۆنێکی بێ دەیگوزەرێنم. ئەز قەزا ڕۆژێکیان لە ماڵێ پاشام زێڕ دزرا، گومانیان بردمە سەرێ، ئەمنیش هێندەم سوێند بەخوا و پێغەمبەران خوارد کە ئاگام لەو زێڕەی نییە، هەر مەپرسە، بەڵام کێ بەکوردێکی وەک من ڕووت و ڕەجاڵ باوەڕ دەکات، هەر بۆیە گرتیانم و هەشت هەفتانیان دە بەندیخانەی هاویشتم، تا دەرکەوت زێڕەکەیان لە ناو سندوقی چێشتکەرەکەیان دیتەوە و پێنج ساڵیان هاویشتە ژوورێ. منیش سوێندم خوارد جارێکی دی نەچمەوە ماڵێ ئەربابم، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرم پێویست بەپارەی سەفەری گەڕانەوێ هەبوو چەند هەفتەیەکی دیش لەوێ هەر مامەوە.

زۆر سەیر بوو هەر ڕۆژەی شتێک دەو ماڵەیدا دەدزرا. دوا جار سەعاتێکی دەستی کە لە دیامانت دروست کرابوو دزرا و پاشا ئەو ماڵەی سەر و بن کرد نەیدیتەوە. بۆیە بەهیچ جۆرێک نەمدەتوانی دەو ماڵەیدا وەمێنم.

کاک عومەر چ قسێکی نەکرد. بەڵکە بەڕەنگ و ڕواژایەکی خەماوییەوە سەیرێکی شاری هەولێری کرد، کە لە باوەشی ئەو دەشتاییيە پان و پۆڕ و بەرینەدا هەڵکەوتبوو و دەو خانووە کەونە ڕووخاوانەوە ڕامابوو کە هەندێکیان چاک کرابوونەوە. سەری بڵند کرد و گوتی: هەولێر وەک هێما (ڕەمز)ێکە لە کوردستاندا، ئەوەی فەرمانڕەوایی هەولێر بکات، دەسەڵاتی بەسەر هەموو کورستاندا دەشکێ. چونکە هەموو ڕێگایەکان لێرە تێک دەکەنەوە، و نیوەی زیاتری ئەو شارەش کوردن.

ئەبو نیسان گوتی: کاک عومەر قادر... وا چاترە کە تۆ ئەو شارە و ئەم ناوچەیە بەجێ بێڵی و بەرەو مووسڵ بچیت.

باشە وا من دەڕۆم، ئەی تۆ بەهەویای چەندی دی لێرە وەمێنی؟!.

ئەبو نیسان گوتی: لەوانەیە هەر سەعاتێک و دەستی بۆ گیرفانی برد و سەعاتێکی دەرێنا و گوتی: ئەوە ئێستا سەعات دەیە، پاشی دوو سەعاتی دی لەو چایخانەی پێش مووسڵێ پێک دەگەینەوە.

کاک عومەر سەعاتەکەی دیت و زانیشی کە ئەو سەعاتە، سەعاتێکی زۆر بەنرخە و لە دیامانت دروست کراوە، بۆیە کاک عومەر سەری بادا و پێکەنی و سەیرێکی ئەبو نیسانی کرد... هەی فێڵباز.

ئەوجا بەو دەشتاییيەدا و هەر بەسواری کەوتە ڕێ.

***

لەبەر ئەوەی هیچ پەلەی نەبوو، جڵەوی ئەسپەکەی بەردایەوە، تا بەئارەزووی خۆی بڕوات. هەر بیریشی لەوە دەکردەوە: دوای سێ ساڵی ڕەبەق دەربەدەری و پەناهندەیی، دەبێ وەک بێدەسەڵاتێکی هەر ئاگاداری خۆی بێت.



زۆری خایاند تا توانی بێتەوە سەر بیروباوەڕ و متمانەی جارانی و چوونە ڕیزی کۆمەڵەی یەکیەتی کوردی عێراقیش وای لە ژیانی کرد کە تا ماوە هەر لەسەر ئەو ڕێیە بڕوا. بەڵام هیچ شتێکی نوێی تری لە ژیانی ئەو مرۆڤەدا نەگۆڕی بەڵکو هەر گوێڕایەڵی ئەو بیروباوەڕ و مەبدەئەی دەکرد کە لە لای پیرۆز (مقدس) بوو.

دەیدیت کە کەف و کوڵی ڕاپەڕین و هەستانەوە و شۆڕشگێڕی لە نێو کوردی کوردستانی عێراقێدا بەبەراورد لەگەڵ کوردی نیشتمانەکەی خۆیدا زۆر لەسەرخۆیە، بۆیە زۆر جارانی هەست بەغەریبیە دەکرد دە نێویاندا. بیروباوەڕی بەسەرکەوتنێ زۆر کەم بوو، کاتێ کە دەگەڵ شۆڕشی نێو چیاکانی نیشتمانی خۆیدا بەراورد دەکرد، لە هیندەی دیش دەبوو. بەڵام خوێنی ناو شا دەمارەکانی لێناگەڕێن نکوڵی لە بوون و مانی خۆی بکات و دەبێ بزانێ کوڕی کێیە و لە چ تۆرەمەیەکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕە.

لەبەر خۆیەوە دەیگوت: من هێشتا لاوم و جحێڵ، لێناگەڕێم دەستەوستان و دەست لە ئەژنۆ دانیشم، دەبێ بەزووترین کات واز لە بێکاری و چایخانەکانی لای ڕەواندز بێنم و هەرچۆنێک بووە پەیوەندییەک دەگەڵ کوردەکانی لای مووسڵێ پەیدا کەم.

***

بەبێ ئەوە هەستی هیچ بکات و ئاگاداری بێ، ئەسپەکەی ساتمەیەکی کرد و بەسەر جڵەوێدا هات، بەڵام کاک عومەر کارامانە جڵەوی توند کردەوە و ئەسپەکەی هەستاندەوە و کەوتەوە ڕێ.

***

تا گەیشتە گوندێکی بچکۆلەی سەر ڕێی نزیک شاری مووسڵێ، کە دەگەڵ ئەبو نیساندا بەڵێن وابوو لەوێ پێک بگەنەوە.

ئەسپەکەی لە بنە دارێکی ئێخست و بۆخۆشی لەسەر لاتەختێکی چاخانەکەی کە پارچە لبادێکی لەسەر ڕاخرابوو دانیشت، نزیکەی سەد (١٠٠) هەنگاوێک بەولاوەترەوە چەند خانوو و بەرەیەکی بەقوڕ و بەردان دروستکراو قوت کرابوونەوە و (١٠-١٥) دە پازدە کەسێکیان تێدا دەژیا،

خەڵکەکەی هەموو وەرزێر بوون، بەدەغڵ و دان، پیاز و تەڕەتووڵە و ئەو جۆرە شینایییانەوە بەڕێوە دەچوون و بەهەمووان خاوەنی شەش حەوت سەر مەڕ و بزن بوون و بەهەموو گوندەکەش گوێدرێژێکی تێدا بوو.

یەکێک لە پیاوەکانی ئەو گوندە دەغڵ و دان و سەوزە و شینایی نەبوو، لەبەر ئەوە، هەموو ڕۆژێ خێزانەکەی دەنارده سەر جۆخینان بەڕۆژانە کرێ و بۆخۆشی هەستا هۆدەیەکی ژیکەڵەی دروست کرد و ساباتێکی جوانیشی لەبەر دەرکێ دامەزراند. دوایە بەسواری گوێدرێژەکەی، مافوورە دەستکردەی خۆیانی بردە شاری و فرۆشتنی و بەپارەکەی دەرزەنێک پیاڵە و ژێر پیاڵە و (٣) سێ چوار فنجانی قاوە و سەماوەرێک و هەندێ کەوچکە چای کڕین و بەم جۆرە بووە خاوەنی ئەو چایخانە، شوفێری ئۆتۆمبێلەکان لەوێیان لادەدا بۆ چا خواردنەوێ و پارەیەکی باشیان بەجێدەهێشت، تەنانەت وای لێهات حوکومەت باجی لەسەر دابنێ. کابرای خاوەن چایخانە پێی لەسەر پێ دانابوون و بیری دە ساڵ پێش ئەوڕۆی دەکردەوە کە فەرمانی کوشتنی درابوو، و ئەو لەو دەشتە پان و پۆڕەدا حەوابۆوە.

***

کاک عومەر قادر بەرامبەر ئەو کابرایە دانیشتبوو و چای تێک دەدا، دەو دەمەیدا هەر ئەو بەتەنێ و تاقە میوانی چاخانەکە بوو. دەکابرایەوە هەڵڕوانی، چ ببینێ کراسێکی چڵکن و پیس و پێڵاوێکی دڕاوی وا پەنجەی پێی لێ هاتبوونە دەرێ و مێزەرێکی دەسەریەوە پێچا بوو، ئەو ئەو دەمانە بوو کە کاک عومەر قادر چاوەڕوانی ئەبو نیسانی دەکرد بگاتە جێ. کاک عومەر بیری لەوە دەکردەوە، کە ئەم جۆرە مرۆڤانەش، مرۆڤی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرن کە لە وەرزێرییەوە دەتوانن ببنە خاوەن چایخانەیەک، بۆیە هیچ بەزەیییەکی پێیدا نەهاتەوە مایەی زگ پێ سووتانەوە بێ.

کاک عومەر نەیدەزانی و شارەزای ئەوە نەبوو کە هەموو کوردێک دەتوانرێ وەک شلکە نەمامێکی ساوا بچێندرێ و بەروبووم بدا، خەڵکی



دەشتێ پێیان وابوو چیاییەکان وا بیر دەکەنەوە کە خەڵکی دەشتێیان پێ گەوج و گێل و نەزانن و بەکەم و زۆر، هەر ڕازین. هەرچەندە ئەوەش هەبوو کە خەڵکی ئەو دەشتاییانە وەک چیاییەکانیان خۆ ماندوو نەدەکرد. خاوەن چایخانەکە بەکاک عومەری گوت: یاشێخ پاش هەفتەی دی دەغڵ و دانمان دەدرووینەوە. بەڵام وشەی یاشێخ کە کابرا بەکاری هێنا هیچ مەترسییەکی نەخستە دڵی کاک عومەر قادریەوە، چونکە هەر غەریبەیەکی جلوبەرگ پۆشتە و پەرداخ و پاک و خاوێن و ڕێکوپێک لەو ناوچە دەشتەکییانە پێی دەگوترا یاشێخ.

کابرای چایخانەی دووبارەی کردەوە: بەشەش هەفتەی دی.

کاک عومەر وەڵامی دایەوە و گوتی: بەخودای لە لای ئێمەش ڕەنگە دوای شەش هەفتەی دیکە بدرووینەوە.

دیسانەوە کابرا هاتەوە قسە و گوتی: بۆ یاشێخ ئێوەش دەغڵ و دانتان هەیە ؟!.

کاک عومەر گوتی: نەخێر، ئێمە توتنمان هەیە.

کابرا گوتی: یاشێخ ناوی خوای بێنە، شەش هەفتەی دی بۆ تووتنێ یەکجار زووە، بەلای کەمیەوە (١٠) دە هەفتەی دیکەی دەوێ بۆ تووتن لێکردنەوێ.

کاک عومەر گوتی: لەوانەیە، بەڵام عەرد و بەردی لای ئێمە زۆر چاک و بەبڕشتە، لە سبەینێوە تا ئێوارێ هەتاوی لێ دەدا.

کاک عومەر پارەی چایەکەی دا و چوو قەوچی ئەسپەکەی کردەوە و دەو دەمەشدا ئەبو نیسان وەدەرکەوت و بەیەکەوە وەڕێ کەوتن.

کابرای چایەچی تەماشایەکی کردن و سەری بادا و لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەو پیاوە شێتە بەشەش هەفتەی دی تووتنێ دەبڕێتەوە. پیاڵەی چایەکەی کاک عومەری هەڵگرتەوە و بردیە بەر ئاوی سەماوەرێ بۆ شوشتنەوێی.

***

کە گەیشتە سەر پردی مووسڵێ، دەنگی سمی ئەسپەکانیان ئەو پردەی

که سەرەکەی تەختە بوو و ئەوانی بەسەردا دەڕۆیشتن ئەو پردەی وە گرمە گرم ئێخستبوو، و لە ژێرەوەش ڕووباری دیجلە هەروا هاژە هاژی بوو و پردەکەی وە جووڵە هێنابوو. هەر بەو شەوە تاریک و ئەنگوستە چاوە دەنگی سێ تەقەیان وە بەر گوێیان هات. لەوبەرێش لە دەم زێیەڕا دەنگە دەنگی خەڵکی دەهات و گڕەی ئۆتۆمبێلێکیش بەهۆڕین لێدانەوە لەوبەری زێیە بەهەشتاوی دەڕۆیی. بەو درەنگ وەختەی شەوێ لەوان زیاتر کەس لەسەر پردەکە نەبوو، نۆبەتدارەکانی پردەکەش لەناو قوللغەکانیاندا دانیشتبوون و هەستیان پێ نەدەکردن، یان هەر لە ترسان گوێیان نەدانێ و خۆیان لێ گێل کردن.

کاک عومەر قادر و ئەبو نیسان توانیان زۆر بەلەز خۆیان دەرباز بکەن و خۆیان بشارنەوە، هێشتا هەر بەیانییەکی زوو بوو پۆلیسەکان کەوتنە شوێن پێ هەڵگرتنیان، بەڵام نەیاندیتنەوە، هەرچەندە جێ سمی ئەسپەکانیان لەسەر ڕێیەکەوە بەئاشکرا دیار بوو، بەڵام چونکە ئەبو نیسان شارەزاییەکی تەواوی هەبوو، ڕێیەکەی گۆڕی و چیدی بەسەر ڕاستە ڕێیەدا نەڕۆیشتن، و چوونە پشت مزگەوتی (نەبی یونس)ی و لەوێڕا قەدبڕ دایان قەڵاشت و بەناو گوندێکی چکۆڵەدا تێپەڕین. زۆری نەبرد بولێڵ ئەنگوت.

***

ئەوجا ئەبو نیسان گوتیە کاک عومەری، دەبێ چاوەڕوان بین و تا ئێوارێ هەر لێرە بین، چونکە بەڕۆژ سواری ئەسپان بەڕێیەدا بڕۆین کارێکی پڕ مەترسییە. دیسانەوە گوتی: لێرە لە ناو ئەو داروبار و زەمەندانەدا دەمێنینەوە.

زینی ئەسپەکانیان کردنەوە و بۆخۆشیان هاتن و پاڵیان دایەوە، کاک عومەر زۆر شەکەت و ماندوو دیار بوو، کەوتنە باسکردنی دەرباز بوونی ئەو شەوەیان.

کاک عومەر گوتی: ئەبو نیسان ئەمن پێم گوتی لەو ڕێیەی دڵنیا نیم.

ئەبو نیسان هەڵیدایە: نا، نەخێر کاک عومەر ئەگەر بیانزانیبایە ئەوە



تۆی و بیاناسیبای لەسەر هیچ ڕانەدەوەستان تا ئێمە ئاوا بەسواری لە پردێ بپەڕینەوە. بەڵام کاک عومەر قەناعەتی بەوە نەبوو و گوتی: لە ڕاستیدا تاریکی شەو ئێمەی دەرباز کرد، بەتایبەتی لەو کوچە و کۆڵانانەی مووسڵێدا، هەرچەندە چەند تفەنگێکیشیان پێوەنایین. ئەبو نیسان قەننەیەکی ئاور دا و لێی کەوتە چەسپان و تا دەشهات وردە وردە چێشتەنگاو گەرم دەبوو.

ئەبو نیسان گوتی: ئەگەر هەموو شتێکمان ئاوا بۆ بڕوا، ئەوە لە مووسڵێ سەرو ئیشێکی دەبینینەوە.

کاک عومەر گوتی: ئەگەر دەتەوێ قسەی دڵی من بزانی، من بۆیە نەهاتووم لێرە کار بکەم و بەڕوو بۆ ئێوە لە ئاگرێ دەربێنم. چونکە هەر ئاشکرا ببم دەبێ ئێرەش بەجێ بێڵم، و ئەوەی مابێتەوەش یان ئێرانە یان سوریایە، کە لە هەردووکیشیان قاچاغم.

ئەبو نیسان گوتی: تۆ نابێ هێندە بێ ئومێد بیت. دەبێ باوەڕیشت بەقەدەر هەبێ.

کاک عومەر گوتی: (قەدەر؟!). جا ئەوەی بۆ چییە، هەرکە هاتوو منیان ناسی ئەوە یەکسەر تەقەم لێ دەکەن، خۆ ئەگەر دەستگیریشیان بووم ئەوە یەکسەر دەمدەنەوە دەست تورکیا و هەر ئەو ڕۆژە لە سێدارەم دەدەن.

ئەبو نیسان گوتی: نا کاک عومەر وا مەڵێ، هەمووی ئەو شتانە قەدەر دیاریان دەکات داخوا کەنگێ و لە چ شوێنێکدا و بەچی دەمری. ئەوجا گوتی: کاک عومەر زۆرم خەو دێ ئەگەر نوستبووم بەرەبەری نیوەڕۆیە هەڵمستێنە، بەڵکە هەوڵی پاروە نانێکی بدەم. ئەوجا خۆی لێ لەگەز دا و شەدەکەی بەسەر دەموچاویدا هەڵکێشا، تا بنوێ. کاک عومەریش دەستی دایە دووربینێ و لای خوارێی دایە بەر تەماشاکردنێ و تا چاو بڕ دەکا هەموو لایەکی بەسەر کردەوە، تەنانەت گیانلەبەرێکیشی لەو هەموو پانتاییانەدا بەدی نەکرد، کە ئەوە بووە مایەی دڵنیاییی. ئەو قسە و باس و خواسانەی وە بیر هاتنەوە کە پێیان لەو دەدوان، بەگرژییەکەوە گوتی: ئەگەر دەستم دەڕۆیشت و خودا توانایەکی دەدام و دەمتوانی، دەزانم چۆنیان

تەمبێ کەم و خاک و خۆڵیان لە تورەگان کەم... باشە بۆ دەبێ لە هەموو لایەکیەوە هەروا بێ... لە تورکیا کەمال پاشا، لە ئێران ڕەزا شای پەهلەوی، لە عێراقێ شا فەیسەڵ، کە بەناوی نەتەوەچییەتی عەرەبییەوە و بەیارمەتی و پشتیوانی خەڵکییەوە تاجی شایەتی لەسەر نا.

ئایا لە ڕاستیدا ئەو کوردە مافی ژیانی نییە؟.

هەر بیریشی لەوە دەکردەوە، داخوا ئەو هەموو کارەسات و ڕووداو و بەسەرهاتانەی بەسەر ئێمە هاتووە، بەهیچ جۆرێک دە ڕۆژنامەکانی بەغدا و شامێدا نووسراون؟.

یان خەڵکی ئەو چۆڵ و بیابانە قاقڕانە گوایە نیشتمان و هەوارگەی باب و باپیرانیانە کەچی ئەمەکیان بۆ ویش نییە، و هەر ڕۆژ لە جێیەکی بارگە و بنەی دەخەن و ڕەشماڵیان هەڵدەدەن، ئەمە جگە لەوەش کە ئەو شوێنە تازەیەی بۆی دەچن لە جێی پێشوویان بیابانتر و وشک و قاقڕترە. باشە ئەو جۆرە مرۆیانە بۆ نایانەوێ لەمە بگەن کە گەلی کورد هەرگیز واز لە نیشتمانە بەهەشتەکەی خۆی ناهێنێ و بەدڵ و بەگیان و سەر و ماڵەوە خۆی بەقوربانی ئەو نیشتمانەی دەکا.

ئێمەی گەلی کوردیش هەرگیز لەوە تێناگەین کە خوێنی باب و باپیر و ڕەچەڵەک و بنەچەمان هەمووی هەریەکە و ئێمە یەک نەتەوەین کە ئەویش گەلی کوردە، نازانم کەنگی تێدەگەین...!؟.

کاک عومەر قادر خۆی زۆر بەبێ دەسەڵاتی هاتە بەرچاو و وردە وردە سەری سووڕاند و بەرەو لای باکور دەو چیایە بەرزە شینکەڵانە ڕاما کە بەزنجیرەیەک بەتەنیشت یەکەوە ریز بووینە. زۆر پەرێشان بوو، چونکە لەو دیوی ئەو ریزە چیایانەوە، نیشتمانەکەی وی بوو، ئەمجارەشی بەدووربین تێهەڵڕوانینەوە. لەگەڵ تەماشا کردن و تێڕوانیندا دوورا و دوور پیکابێکی مەفرەزەی پۆلیسانی بەدی کرد کە شەستیرێکی لەسەردا بەسترا بوو، و بەتۆز و غوبارەکەیڕا دیار بوو کە دەڕوا دەنا چاو بڕی نەدەکرد، چونکە یەکجار زۆر دوور بوو.

کاک عومەر گوتی: هەی زۆڵینە، ئەو مەلعوونانە دەگەڵ یەکتریشدا هەر



زۆڵ و بیچمن. ئەبو نیسانی لە خەوێ هەستاند و گوتی: هەستە من دەمەوێ هەر ئێستا و بەزووترین کات لەم وڵاتە کاول بووە وەدەرکەوم.

ئەوجا هەردووکیان بەقرچەی نوێژی نیوەڕۆیە سواری ئەسپان بوونەوە و بەرەو چیاکان هەڵکشان.

## پاژی شەشەم

## بڕیارێک لە سلێمانی درا

ئەگەر قەلەڕەشکە لە ڕەواندزەوە بۆ لای سلێمانی بفڕێ، ئەوا بەسەر ئەو بەرزایی و لووتکە شاخانە تێدەپەڕێ و لەو ئاسمانەوە دەڕوانێتە ئەو دۆڵ و هەوراز و نشێو و گەروو و دەربەند و ڕووبار و زێ و کانی و ئەو گوندە گچکانەی قەد پاڵی ئەو چیایانە، کە هەر یەکەیان لە قەد پاڵێکی پەرت و بڵاو و پڕ لە مزگەوتی سەر بەگومبەت دەڵێی خەویان لێکەوتووە. بێگومان نێوانی ئەو دوو شارە نزیکەی سەد و پەنجا (١٥٠) کیلۆمەترێک لێکترەوە دوورن و بەدوو شاری سەرەکی کوردان دەژمێردرێن و هەر لە کرۆک و ناوجەرگەی ئەو دوو شارانەشەوە هەستانەوە و ڕاپەڕینی دژی ڕژێم سەر هەڵدەدەن.

قەلەڕەش، ئەو ڕێ و بان و هەوراز و نشێوانە هەموو دەبینێ و شارەزای هەموویانە جگە لەو ڕێچکەبەندیانەی نێوان گوندەکان. هەروەها گوێی لە دەنگی تەهلیلەی ئەو خەڵکانەی نێو مزگەوتەکانیش نییە و نابێ، کە لە ناو ئەو مزگەوتانەدا کۆ دەبنەوە.

***

چوار پۆلیسی عارەب و بەسواری، بەو ڕێیە بەردەڵانی و پڕ لە قۆرت و پێچانەدا لە کەرکووکەوە بەڕێوەن بەرەو سلێمانی. گەیشتبوونە چەمچەماڵ و بەناو ئەو خانوو و بەرە بەقوڕ سواغ دراوانەدا و بەلای ئەو قەڵا کۆنە وێرانەدا تێپەڕین. بەڵام هێشتا سێ دەربەندی تەنگەبەریان مابوو پێیدا ڕەت بێن و بگەنە (کەڵاشکەران) کە لە نزیک بەرزاییەکانی سلێمانییەوەیە.

پەلە مەکەن، هێشتا برا و ئاواڵەکانمان نەگەیشتوونێ، ئێمە دەتوانین لێرە لەو ناوە پشوویەک بدەین و بسێینەوە، بەڕاستی شوێنێکی خۆشە و جێی وا هەر نابێتەوە. هەر چواریان لە شوێنێکی بەرزی ئەوتۆ دەگەڕان بەسەر هەموو ئەو دۆڵ و نشێوانەدا بڕوانێ. بەبێدەنگی بەڕاست و چەپەیدا وەسەر شاخی کەوتن. لەوێڕا شاری سلێمانی و ئەو خانووانەی بەڕیز یەکەوە



دروست کرابوون لە دوورڕا زۆر چاک دەبینران، بەتایبەتی ئەو خانووانەی کە دوو نهۆم بوون و پێش هەیوانی دوور و درێژیان لەبەر دەمیدا کرابوون. چوار منارەی سپیش لەو دوورەوە، لە نێو شاری بەدی دەکران.

سەرفەرماندەکەیان نەخشەیەکی هێنا و لەسەر عەردی لێکی بڵاو کردەوە و هێڵێکی سپی باریکی لەسەر نەخشەکە پێشاندان، کە نیشانە و هێمای ڕێگایەک بوو. ئەوجا کەوتە بەراوردکردنی نێوان: (کەرکووک، هەولێر – هەولێر، ڕەواندز – سلێمانی، کەرکوک) دەو دەمەیدا نۆبەتداری ڕێوبانان (مەفرەزەی پۆلیسان) بەردەوام لە هاتوچۆ و جووڵانەوە و چالاکیدا بوو.

کاک عومەر قادر لە مووسڵێ ئاشکرا ببوو و پێشیان ڕاگەیاندبوو کە زانیارییان دەربارەی وی داوەتە ڕەواندز و سلێمانیش، لەبەر ئەوە ژیانی کەوتە مەترسییەوە. بەڵام خەڵکی سلێمانی گیانی نیشتمانپەروەری و دەماری پیاوەتییان زۆر تێدا بوو.

سەرفەرماندەکەیان بیری لەوە دەکردەوە، کە بەهەزار مسقاڵ زێڕ دەتوانم ئەم باخچەیە بکڕم و خانووێکی تێدا دروست بکەم و بای ئۆتومبێلێکیشی دەمێنێتەوە، بۆیە هەمیشە خەو و خولیای هەر ئەوە بوو کە کاک عومەر قادری بەدەستکەوێ و بەوسەودایە ئەو خەڵاتە وەربگرێ و پێی ببێتە پیاوێکی دەوڵەمەند. ئەوەش بڵێین، کە دەوڵەت سام و دەنگ و ڕەنگ و ناوێکی بەربڵاوی لەم ناوچەیەدا هەبوو.

***

گەنجینە (مەخزەن)ە گەورەکانی سلێمانی هەمووی بەتەن پڕ بوون لە قەیسی وشک کراوە و مێوژ و تووتنی زەردی زەعفەرانی و تا بنمیچی هەڵدرابوونەوە. ئەو بەرەوبەری ئەو شەقامەی دەگەیشتەوە بەر دەرکی سەرا هەمووی گیا و گوڵ و سەوزایی بوو. خانوو سەرا ساختمانێکی سپی مەیلەو درێژکۆلە بوو، زۆری ژوور تێدا بوون، بەڵام زۆربەی ژوورەکانی بەتاڵ بوون. دەوڵەت ئەو ساختمانەی بۆ ساڵانێکی دوور و درێژی ئایندە وا دروست کردبوو. پۆلیسێک لەبەر دەرگای سەراکە ڕاوەستابوو و تفەنگەکەی بەسینگی خۆیەوە گرتبوو و پۆلیسەکانی دیش لە ژووری ناو

سەرایە خەریکی یاری و دۆمینەکردنێ بوون. هەرچەندە ژمارەشیان کەم بوو، بەڵام حوکومەتی عارەب هەر وەک هێمایەک لەناو ئەو وڵاتە شاخاوییەی دانابوون، تا کاروباری ناوچەکە هەڵسوورێنن.

هێشتا ڕۆژی دەما کە دووکاندارەکانی شار دووکانەکانیان دادەخست و کڵۆمیان دەدان و هەندێکیان بەرەو ماڵ و هەندێکیان بەرەو لای چایخانەکان پەرتەیان دەکرد. تا دەشهات سێبەر هەڵدەکشا و پێش ئەوەی مەلا بانگی دابایە، ئەوا خۆر لەو ناو شاخانەدا ئاوا دەبوو.

کاک عومەر دەستی دایە دووربینێ و کەوتە گەڕان بەناو ئەو تەلانانەی شاخییەوە، ڕاست هەر چوار پۆلیسی لەو پۆلیسانە بەدی کردن کە سوارێکی خەڵکی چەمچەماڵ پێی گوتبوو، کە بەڕێوەن، بەڵێ ڕاست ئەو چوار پۆلیسەی ئەو لێیان دەگەڕا و چاوەڕێی دەکردن.

***

لەناو ئەو شیو و دۆڵ و تەلانانەی سلێمانیدا لە هاشەی بایەکی سارد بەولاوە ڕووبار و جۆگەلەکانیش دەنگیان لێوە نەدەهات. لێرە و لەوێ دەگەڵ بایەکە، پەنجەرەی دووکان و ماڵەکان وە لەقە لەق کەوتبوون و دەهاتن و دەچوون و دەجووڵانەوە. دەنگی ناسازی کوندەبەبۆیەک بەو شەوە دەهاتە گوێ و دەگەڵ دەنگی ناڵی سمی ئەسپێکدا تێکەڵاو دەبوو. ئێشکچی شەوێ (حەسحەس) کە پێڵاوێکی بن لاستیکی لە پێدا بوو زۆر لەسەرخۆ بەکۆڵانەکان و ناو بازاڕیدا سەرەتاتکەی بوو، تا بزانێ داخوا لە چ لایەکیڕا ترووسکەی ئاگرێک نابیسێ، دوایەش چوو قفڵ و کڵۆمی دووکانەکانی هەموو بەسەر کردنەوە، تا دڵنیا بێ کە هەموویان داخراون و قفڵ و زنجیر کراون.

نیوە شەوێ مانگ هەڵهات و ئەو زنجیرە شاخانەی قەرەداغی ڕووناک کردەوە و لە دوورەوەش هەروا گورگە لوور بوو دەنگی دەهات و ئەسپی ناو تەویلەکانیش هەروا پڕمەیان بوو و بایەکیش تا دەهات توندتر دەبوو.

ئێشکچییەکە چۆوە ناو قوللغەکەی و سەری هێنایە دەرێ، لەوێوە سوارێکی زۆر دووری بەدی کرد، هێندە دوور هەر ئەوەتا دەبیندرا، لەبەر خۆیەوە گوتی دەبێ بزانم ئەو سوارە کێیە وا بەو مانگە شەوە لە لای هەڵەبجەوە بەسواری بەرەو ئێرە دێت. ئێشکچی جگەرەیەکی پێکرد و کەوتە چەسپ لێدانی و هەموو جارێ دووکەڵەکەی لە لووتییەوە دەردەدایەوە. بەو سارد و سەرما و سۆڵەیە هەر چاوەڕوانی ئەو ئەسپ سوارەی دەکرد بگاتە جێ. سوارەکە لە جەمسەری یەکەمین کۆڵانی خانووەکانی ناو شاری وەدەرکەوت.

ئێشکچییەکە گوتی، بەدوای مندا وەرە من ماڵێ (کاک ئەحمەدی شێخ)ت پێشان دەدەم، وەپێشی کەوت تا بردیە حەسارێکی و دەرگای لەسەر پێوەدا و چوو پیاوێکی لە ماڵێ کاک ئەحمەدی شێخ ڕا هێنا. مانگەشەو ئەسپ و سوارەکەی زۆر جوان وەدەر دێخست و بەتایبەتی سەر و چاوی زۆر ئاشکرا دیار بوو. پیاوەکە گوتی: ئەمن ئەوەی چاک دەناسم (سەلام و عەلەیکوم) شێخ عومەر قادر.

تاریک و ڕوونی بەیانیان کە ئەو ڕەنگە مزاوییە لەسەر چیایەکان ون بوو، وردە وردە ڕەنگێکی دیکەی شینباوی تاریک بەسەر چیاکانەوە دەبریسکێتەوە و لەسەر لووتکەی ئەو چیایانەوە ڕەنگێکی سوور پەیدا دەکات و بەرەبەری لای نیوەڕۆیانیش دەبێتە زیوی قاڵ. بەردی ناو دۆڵەکان وەک دیامانتێ دەبریسکانەوە و لاپاڵەکان وەک ڕەنگی مسێکی تێری دەنواند و سێبەریان قورس و تاریک دەبوو. خۆرەتاو تیشکە زێڕینەکانی بەهەموو لایەکی ئەو دۆڵ و تەلانانەدا پەخش و پەرێشان دەکرد. ئەو خۆرەش، ئەو خۆرە بوو کە لە (١٩٣١/٨/٩)دا هەڵهات کە ئەویش دەستپێکردنەوەی شۆڕش و ڕاپەڕین و هەستانەوە بوو.

***

دەو کاتیدا چوار پۆلیسی سوارە لە بەرزاییەکانەوە بەرەو شاری سلێمانی دەهاتن و لە شەقامەکانی (هەڵەبجە)شدا مەفرەزەی پۆلیسان دەسووڕایەوە و چوار پۆلیسی دیش نۆبەداری ڕێی ناو زنجیرە چیایەکانی (بەرانان)یان دەکرد.

***

پیاوان هەریەکە لە ماڵەکەی خۆیدا چاوەڕێی خواردنێکی هەمە جۆرەی وەک گۆشتی برژاو و ماست و زەڵاتە و ئارویی بەخوێوە و سەوزە بوون... دوای نان خواردنێ هەر کەسە شەمچەی نایە گیرفانی بەر کورتەکێی و بەکۆمەڵ ڕوویان دەکردە گۆڕەپانی گەورەی ناو شاری و لەوێ زۆر بەگەرم و گوڕیەکی یەکجار زۆر دڵسۆزانەوە سڵاویان لێک دەکرد و دەست و مستی یەکتری دەبوون و نزای تەمەن درێژیان بۆ یەکتری لە دلۆڤانی خودای گەورە دەکرد.

دەنکە ئارەقەی پەنا گوێ و خەنجەری مشت و زیوی بەر پشتێندییان بەتیشکی ڕۆژێ هەروا بریسکە بریسکی بوو. شەدەو جامەدانی تێکەڵاوی سەریان وەک کارگی ناو بێستانی دیار بوو. کەلانگوچکی (سۆرانی – فەقێیانە) کراسی سپییان دەتگوت هێمای نەفس بەرزی و کەرامەتی پیاوەتی و مەردایەتیان لە مەچەک و قۆڵ و بازوویانەوە پێچراوە.

نزیکەی (٤٠٠) چوار سەد پیاوێک دەبوون، کە لەو گۆڕەپانە کۆ ببوونەوە و چاوەڕوانی گەیشتنی (شێخ ئەحمەدی بارزانییان) دەکرد.

لە پڕ دەنگی تەقەی ناڵی ژێر پێی ئەسپان هات. خەڵکەکە هەمووی قوشقی بوون و لە هەموو لایەکەوە ڕوانیان و تەماشای ئەو چوار پۆلیسانەیان کرد، کە کەلێنیان دانێ بەناویاندا تێپەڕن.

پۆلیسەکان بەبێدەنگی و بەبێ ئەوەی هیچ گرنگییەک بەوخڕبوونەوەیە بدەن، زۆر بەچاوێکی کەمەوە سەیری ئەو کۆبوونەوەی کوردانیان کرد و بەسپایی بەرەو سەرا چوون.

ئینجا شێخ ئەحمەدی بارزان لە شەقامی سەرڕاجخانە (زیندرووان) وەدەرکەوت، پیاوێکی باڵابەرزی بەخۆوە بوو، جامەدانەیەکی گەورەی لەسەری پێچا بوو چوار پیاوی عەشیرەتەکەی خۆی لە دوو دەڕۆیشتن. دوو لەو پیاوانە تەزبێحی (١٠١) سەد و یەک دەنکی زەردی نوێژییان بەدەستەوە بوو و دووەکەی دیش دەست لەسەر مشتووی خەنجەری بەر پشتێندێ.

کە شێخ ئەحمەد گەیشتە گۆڕەپانێ، یەکسەر بەناو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا



ڕۆیشت و بەڕاست و چەپەیدا بەسەری سەڵاوی لەو کوردانە دەکرد.

کە گەیشتە بارێ سەرەوەی گۆڕەپانەکە لەوێ لەسەر سەکۆیەک کە هەر چوار دەورەی بەگوڵی چاندراو ڕازابۆوە، ڕاوەستا.

لە دەستە ڕاستییەوە پیاوانی جێی متمانە و لە چەپیشیەوە پیاوانی خەنجەر لەبەر پشتێندێ ڕاوەستابوون.

ئینجا شێخ ئەحمەد دەستی برد نامەیەکی لە گیرفانی کراسەکەی دەرهێنا و لەسەرخۆ کردیەوە و زۆر بەڕێزەوە خوێندیەوە و گوتی:

سڵاوتان لێ بێ کوردینە. (بۆ ماوەیەک کشوماتی و بێدەنگی ئەو ناوەی داگرت، شەدەکانی سەریان نەبێ، جووڵە لەبەر هیچیەوە نەدەهات). دوایی... ئەمن ئەو نامەیەم لە گەورە پیاوانی مووسڵ و دهۆکەوە بۆ هاتووە، تا ئێمەی کورد هەموو پێکەوە بڕیاری چارەنووسی خۆمان بدەین. وا ئێستا نامەکەتان بۆ دەخوێنمەوە...

**بۆ هەموو کوردێک**

(شێخ ئەحمەد زۆر لەسەرخۆ و بەدەنگێکی بەرز خوێندییەوە، تا هەموو لێی تێبگەن.) ئاگادار بن، چاوتان بکەنەوە، و ئاوڕێک لە دەوروبەری خۆتان بدەنەوە. ئەوا ئینگلیز ئێستاکە دەگەڵ حوکومەتی عێراقییدا پەیمانێک بەستووە و دەگەڵی ڕێک کەوتووە کە چاو لە مافی نەتەوەی کورد بپۆشێ. دوای دوو ساڵی دیکەش (ئینتیدابی ئینگلیز) لە عێراقێ دەکشێتەوە. ئەو دەم چارەنووسی کوردان وەک ملکەچ و بێدەسەڵاتێک دەکەوێتە ژێر ڕکێف و دەستی عارەبانەوە، جا مایەی شەرمەزارییە، ئەگەر لێرەش وەکو کوردی ناوچەی سلێمانی داوای مافی نەتەوەی کورد نەکەین. ئێمە دەزانین کە خوشک و برایانی سلێمانی لەسەر ئەو بیروباوەڕەن کە ئێمەی کورد هەموو پێکەوە یەک دەنگ داوای مافی خۆمان بکەین... ئەوان توانیان کۆمەڵەی نێو نەتەوەیی و کۆمیساریاتی ئینگلیز لەم بارەیەوە وشیارکەنەوە. بۆیە دەبێ ئێمەش پشتی ئەو ڕاپەڕین و هەستانەوە سەرپێیەی سلێمانی بگرین. ئەگەر وا نەکەین ئەو بارودۆخەی ئێستا خراپتر دەبێ و هەلمان لە دەست دەچێ و مافی نەتەوەی کورد دەدۆڕێنین.

ئێمە، ئەو ناوانەی کە لەسەر ئەم نامەیە، مۆرمان کردووە: زندی، گولی، بەرواری، و عەشایەری دۆسکی... ئەرکی سەرشانمانە کە ئەو نامەیە بگەیەنینە گوێچکەی هەموو جیهان و جیهانیانەوە و ڕژد بین لەسەر مافی نەتەوەکەمان. مافی ئێمەش و مافی خەڵکی سلێمانیش هەمووی هەر مافی کوردانە و لە هیچ خاڵێکدا جیاوازیمان لە نێواندا نییە و ئێمەش هەروەکو خەڵکی ناوچەی سلێمانی داوای وڵاتێکی سەربەخۆی کوردان دەکەین، وەک چۆن ئەو پەیمانە لە کۆمەڵەی نێو نەتەوەییەکانەوە (عصبة الامم)ەوە درابوو.

شێخ نوری بریفکانی. Scheich Nuri Brifkani.

شێخ غیاثوددین. Scheich Giyathuddin.

شێخ ڕەقیب سورچی. Scheich Raqib Surchi.

شێخ شهاب زیبێر. Scheich Shahab Ziber.

شێخ ئوبید ئەفەندی. Scheich Abid Effendi.

ڕەییس بەلەدیەی ئامێدی Ras Baladiyah Amadiyah.

شێخ تیرخان حاجی. Scheich Tirkhan Hadschi.

رشید بەگ بەرواری. Raschid Beg Birwari.

تێبینی: ئەم نامەیەمان لە بۆ سەرۆکی کۆمیساری ئینگلیز لە بەغدا، و لە بۆ سەرۆکی وەزیران لە عێراق، و لە بۆ پەرلەمانی ئینگلیز لە لەندەن، و لە بۆ خەڵکی ناوچەی لیوای سلێمانی هەناردووە.

شێخ ئەحمەد نامەکەی پێچایەوە و نایەوە گیرفانی و گوتی:

دوێنێ چوار پیاو ئەو نامەیەیان لە دهۆکەوە بۆ هێناوم، و دەیانەوێ هەواڵی ئێمە بۆ شێخەکانیان بەرنەوە. و لە بڕیاری ئێمەیان ئاگادار بکەنەوە داخوا بڕیارمان لەسەر چییە. بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر بڕیارەکە ئەو چوار پیاوانە دەیانەوێ باسێکی بارودۆخی ئەو ناوچانەی ڕۆژئاواتان بۆ بکەن. ئەوجا (دین خات هورمز) هاتە تەنیشت شێخ ئەحمەد و سەڵاوێکی موسوڵمانانەی لە کوردەکان کرد و گوتی:



(ئەسسەلام و عەلەیکوم).

هەموو وەڵامی سەلامیان دایەوە و زۆر وریایانە سەیری ئەو پیاوەیان دەکرد کە خەنجەری بەر پشتێندێی بریسکە بریسکی بوو.

ئێمەی کورد هیچ ڕێگایەکی خەبات و تێکۆشان نەما تاقییان نەکەینەوە بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی خۆمان، ئەو مافەی کە ئینگلیز و عارەب لە بەیاننامەکانیاندا ددانیان پێدا هێنابوون و مۆریشیان کردبوو. بەڵام ئەمڕۆ وەک پاشگەز بووبنەوە لە بەڵێنەکانیان چونکە هیچیان دیار نییە، ئەدی کوان ئەو مافانە.

ئەو دەمەی کورد بیری لە ئۆتۆنۆمی دەکردەوە بۆ خۆی، عەرەب خەونی بەحوکمڕانی خۆیەوە دەدیت. کەچی وا ئەوڕۆ گوند و شار و شارۆچکەکانمان هەموو بۆردومان و وێران و خاپوور کراون و کاولکاری و بۆردومانیش هەر بەردەوامە و بۆمبی کاتیمان بەسەردا دەبارێنن. ئینگلیز بەتەن بۆمب و تەقەمەنیمان بەسەردا هەڵدەڕێژێ هەر بۆ ئەوەی بەرگری و پارێزگاری دەسەڵاتی شا فەیسەڵی پێ بکەن. بەداخەوە حوکومەتی عارەب چەند سەرکردەیەکی لە ئێمە دەستەمۆ کردن و ڕایکێشانە بن باڵی خۆی و وای لێ کردن بچنە مووسڵ، و لەوێ بەدەرزی و دەرمانی سڕکردن دەماری پیاوەتی و غیرەتی کوردانەی کوشتن و، ناچاری کردن بەملکەچییەوە لەسەر چەندین نامە و بڕواناماندا پەنجە مۆریان پێ بکەن.

حوکومەتی عارەبان باش دەزانێ کە کوردستان پارووێکە تاڵ و بەوی قووت ناچێ. کوردی ئێمە و کوڕە جگەر سۆزەکانمان تا ئەوڕۆ کەمیان خوێن نەبەخشیوە، و ئەوەشیان هەر لە ناو بیر و دڵ و دەروون و ناخدایە، کە هەر ڕۆژێک هەلێکیان بۆ هەڵکەوێ و دەستیان بڕوا، خۆ ڕزگار دەکەن و لە ژێر چەپۆکی عارەبان دێنە دەرێ، کە ئەوەش هیچ گومانێکی تێدا نییە و هەر دەبێ بێتە دی. عارەب ئەوەی چاک دەزانێ و تێی گەیشتووە بەڵام ئەوە ئینگلیزە کە بۆ پاراستنی شا فەیسەڵ وا دەکا.

ئێمە هەر تەنیا مافی خۆمان گەرەکە و هیچی دی، باشە ئێمە تا کەی هەر لەژێر چەپۆکاندا بین و ببینە قوربان و سەدەقەی دەهۆی سیاسی

(دسائس سیاسیة) ئەم و ئەو. کە (دین خات هۆرمز Dinkhat Hormiz) لە وتارەکەی بۆوە، خەنجەرەکەی لەبەر پشتێندێ دەرێنا و خستیە سەر سەری و پشتا و پشت کشایە دواوە، تا شێخ ئەحمەد جارێکی تریش بێتەوە و قسان بکا. خەڵکەکە دەستیان بەچەپڵە ڕێزان کرد و سەری ڕەزامەندییان لەقاند.

شێخ ئەحمەد گوتی: گوێتان لە (دین خات) بوو چی گوت. ئێستا نۆرەی (مەحموود عەلوان)یە قسان بکات.

مەحموود هەردوو دەستی لە بن هەنگڵێ نابوون و قاچەکانی لە ڕاوەستانێدا لێک بلاو کردبوونەوە:

ئێمە بەقسەی پیاوی دووزمان و شۆفار و زمان پیسان ناومان لە دنیایەدا زڕاوە کە گوایە میللەتێکی ڕەمەکی و ناشارستانی و نەزانین و جێی متمانە و باوەڕ نین. بەڵام ئێمەی کورد سەدان جارانمان سەلماند، کە نەدرندەین و نەپیاو خۆر و نەبێ ئەمەک، و هەرگیز کورد ستەم لە برادەر و ئاواڵی خۆی ناکات و پابەندی پەیمان و بەڵێنی خۆیەتی و هەر لەسەر قسەی خۆی دەمێنێتەوە. ئێمە چەندان ئینگلیزمان گرتن و نان و ئاومان دانێ و ڕێزمان گرتن و بەرهەڵداشمان کردوون هەر بۆ هێندێ سکالای ئێمە بەگەورەکانیان ڕابگەیەنن، کە ئێمە ئەوانە نین کە خراپیان تێگەیشتوون. من لە ئێوە دەپرسم تا ئێستا عارەبێک ئەوەی کردووە؟!.

ئینگلیز بۆ خۆیان ئەوەی چاک دەزانن، کە عارەب لە شەڕی دۆڵی ڕافیدەینێ، چۆن بوون و چۆن هیچ ڕوویەکیان پێشان نەدان بۆ پشتگیریی، و هەرگیز لای تێشکاوی نەبوون و کێ ئازابایە، ئەوان شێری وان بوون، هەر بۆ ئەوەی تالان و بڕۆ (سلب و نهب)یان دەسکەوێ و خەریکی پاتاڵی بن. ئەدی هەر ئەو عارەبانە نەبوون کە تورک و ئینگلیزیان لەلا وەک یەک بوون و بەیەک چاویان تەماشا دەکردن و لێیان دەخەفتن و تا بیانکوژن و پارە و چەکەکانیان بەرن؟ ئێستاش لە تورکیا زاراوەی (خائن عەرەب)یان هەر لەسەر زاریە.

باشە ئەگەر کورد و ئاسووری پێکەوە بەگژ ئینگلیزاندا چووبانایە و



باوەڕیان بەبەڵێن و پەیمانەکانی ئینگلیز نەکردبایە، ئینگلیز هێندە پاشەڵی خاوێن دەبوو، ئاوا نەوتی (ولایەتی مووسڵ)ی بەچنگ کەوێ...!. بەڵام ئەورۆ کە ئینگلیز ئاوا لەسەر عارەبان بەجوابە، هەر بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر ئێمەدا بشکێ. بۆیە وا باشترە هەر نەبێ ئەگەر خۆشمان تەسلیم بەدوژمن بکەین، با خۆمان تەسلیمی دوژمنی ئاشکرا بکەین، نەک دوژمنی فێڵباز و بەمەکر و دەهۆ. بۆیە دەبێ، تا پۆلیس و سەرباز و مووچەخۆر و حاکمی عارەبمان بنێرنە ناو و هەتا دادان بەو نامەیەدا نەنێن کە بۆیان دەنێرین و هەتا چارەسەرێک بۆ ئێمە نەبیننەوە، نابێ بەهیچ جۆرێک واز لە خەبات بێنین و لێی سارد بینەوە. مەحموود کشایەوە دواوە.

ئەوجا شێخ ئەحمەد بەدەنگێکی نزم و لەسەرخۆوە گوتی:

پێش ئەوەی چ بڕیاران بدەین و بیاندەینە دەست ئەو دوو پیاوانە، ئێستا گوێمان لە خەباتگێڕێکی گەورەی تر دەبێ کە سەرکردایەتی چەند شەڕێکی گەورەی دژ بەتورکان کردووە و لەوەتەی هەشە بەدرێژایی تەمەنی خۆی، ژیانی بۆ ئاریشە و کێشەی کورد تەرخان کردووە. هەر ئەو مانای ژێردەستی و چەپۆکی بێگانە دەزانێ، ئەو خەباتگێڕەش کاک عومەر قادری نەوەی شێخ سەعیدی پیرانە.

شێخ ئەحمەد کشایەوە و هەوڵی دا کاک عومەر بێتە پێشەوە.

کاک عومەر قادر تفەنگێکی بەشانیەوە و دەمانچەیەکی بەقایش و قوروشەوە بەپشتێندیەوە بوو و خەنجەرە زێڕەکەشی لەبەر پشتێندێ دەربریسکایەوە. خەڵکەکە کەوتنە پسکە پسک و وەکو گەڵاداران سەریان دینا و دەبرد، چونکە هەریەکەیان دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران شتێکیان دەزانی و قامچی لێدانەکەی سەر سەکۆی مزگەوتیش کرابووە گۆرانی و زۆربەیان دەیانزانی. کاک عومەر قادر، هەر لەو ڕۆژەیڕا کە لە مووسڵ گەڕایەوە، وەک خەباتگێڕێکی کۆن خۆی وا تەرخان کرد کە (موجاهید)ێکە بۆ ئاریشەی کورد و ئەو کێشەیەی لە لا لە هەموو شتێک گرنگترە. لە ئەنقەرە و بەغدایەش وا لە قەڵەم درابوو، تا ئەو پیاوەیان بەساغی دەستگیر نەبێ هێمنی و ئارامی ناگەڕێتەوە ناو ئەو چیا و دۆڵ و

شاخ و بەندەنانەوە.

ئینجا کاک عومەر قادر گوتی: من سڵاوی ئەو برایانەو پێ ڕادەگەیەنم کە لە چیاکانی ڕەواندز و هەکاری، و دەگلاری، و ئازەربایجانن. سەڵاوی ئەو برایانەو پێ ڕادەگەیەنم کە وەکو من بەشەوی تاریک و نووتەک و ئەنگوستەچاو لەو ناو چیایانەی نیشتماندا لە ترسی ئەوەی نەک بکەونە بەردەستی تورک و عارەبان هەدا نادەن و دەسووڕێنەوە. ئێمەی کورد هەر دەبێ بەم شێوەیە تەنانەت لە ناو چیا و زێدی خۆشماندا وەک دز و جەردە و ڕێگران خۆ حەشاردەین و خۆمان وەشێرین. تورک و عارەب لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کردووین، تەنانەت هەر بۆ ئەوەندەی بتوانن پێمان بوەستن و بەسەرماندا زاڵ بن، هەر بۆیەش پەیمان و بەڵێنەکانیان شکاندن و گرێبەندەکانیان دڕاندن و ستەمیان دەگەڵ شێخەکانماندا کرد و هەڵیانواسین.

هێشتا برینەکانی سەر پشتی باپیرم سارێژ نەببوون کە لە دیاربەکر بەدارێیانەوە کرد. برایەکم لە شەڕێدا شەهید بوو و ئەوی دیان لە سێدارە دا. خوشکەکانم تا ئێستا هەر بێ سەر و شوێن و بزرن و شێخ نوریش کەوتە زیندانێوە.

دوا وشەشی زۆر بەحەماسەتەوە بەسەر ئەو گۆڕەپانەدا تەقاندەوە: هەتا ماوەیەکی کەم پێش ئێستا شێخ ڕەحمانیش لە (شیرناخ)[(١)] سەربەست و ئازاد و سەربەخۆ بوو، وای خۆ پێشان دەدا کە لەگەڵ چەند شێخێکی کوردی تردا سەر بەعێراقن و ددانیان ناوە بەشایەتی شا فەیسەڵدا لە پاشایەتی عێراقێیدا. چونکە فەیسەڵ بەڵێنی ئۆتۆنۆمی (حوکمی زاتی) پێ دابوون. بەڵام ئەدی ئێستا شێخ ڕەحمان لە کوێیە؟ خۆ هەموو دەزانن کە عارەب کوشتیان. باشە ئێستا چەند لە سەرکردە کوردەکانمان ماون؟! چەندیان پەناهندە و چەندیان دوورخراوەی شوێنە دوورەکانن و لەوێ نیشتەجێی ناچارین و هەموو دەستبەسەرن؟. چەندین پیاوی کەڵەمێردی شۆڕشگێڕمان لە سێدارە دران؟ باشە دەبێ خوێنی هەموو ئەو شەهیدانە

(١) شیرناخ: ناوچەیەکە لە کوردستانی تورکیا.



هەروا بەخوت و خۆڕایی و بەمفتە بڕوا؟ یان دەبێ ئەو هەموو گوندە بۆمباران کراو و سووتاوانە و ئەو هەموو خەبات و شۆڕشگێڕییەمان هەروا بەئاسانی بڕوا و لێگەڕێین لەو ناو چیا و زێدی باب و باپیرانمان وەدەرنێن و دەنگێ نەکەین...!؟. باشە دەتوانین باوەڕ بەو پەیمان و بەڵێنانەی ئەنقەرە و بەغدایە بێنین؟

ئایا دەکرێ ئێمەش چاوەڕێی هەمان چارەنووسی ئەرمەن و ئاسووری و کیرکیزن بکەین، کە هەموویان قەڵاچۆ کردن و لە ناویان بردن و بزر بوون؟.

ئەبو نیسان نامەیەکی لە گیرفانی عەرەبێکی دیبلۆماتیکدا دیوەتەوە فەرموون بزانن چییە؟... ئەبو نیسان زەردەیەکی هاتێ و گوتی: سوپاسی ئەو چەپڵەڕێزان و ڕەزامەندیانەتان دەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی من هەر لە سەرەتای هەرزەکاریمەوە وەک شۆڕشگێڕێک هەر بەشاخییەوە بووم و نەمتوانیوە بخوێنم و قوتابخانە تەواوکەم بۆیە هیچ سەوادێکم نییە، با جەنابی شێخ ئەحمەد بۆتان وەخوێنێ.

کاک عومەر نامەکەی کردەوە و دایە دەست شێخ ئەحمەدی و بۆ خۆی کشایە دواوە و دەستی خستە سەر مشتووی خەنجەرە زێڕەکەی.

شێخ ئەحمەد سەرپێیی و بەخێرایی چاوێکی بەنامەکەدا خشاند و گوتی، لە نامەکەدا هاتووە دەڵێ بۆ شێخ ئەحمەد و ئەو کەسانەی لەگەڵیدان: دوای ئەوەی تۆ هەموو فەرمان و بەیاننامانەت خستنە پشت گوێی و بەهیچت دانەنان، وا پێت ڕادەگەیەنین، کە دەمانەوێ لە ئاسمانەوە هێرشتان بێنینە سەرێ و بۆمبارانتان بکەین. دەبێ لە مەودوا بەشەستیران هێرش بێنینە سەر خۆت و گوند و مەڕ و ماڵاتەکانتان و دەبێ ئەو جۆرە بۆمبایانەتان لێ بەکار بێنین کە هەریەکەیان دوای چەند سەعاتێک بتەقنەوە، بۆیە پێت دەڵێین، ژن و منداڵان لە جێیەکی پەنا حەشاردە و لە خۆتانی دوور خەنەوە. چونکە ئەو لێدان و هێرش و بۆمبارانە هەر بەردەوام دەبێت، تا ئەو دەمەی هەموو ڕابوونەکانتان دادەمرێتەوە و ئێوەش بەخۆتان و هەموو ئەوانەی لەگەڵیشتن، دێن و خۆ بەدەستەوە دەدەن. بۆیە وا بەهەڕەشەوە پێت دەڵێین، چونکە حوکمەت زۆر بەهێزە و تۆ بەرگەی ناگری و هەموو ڕابوونێکیش بێ سوود و ئامانجە، و با چیتریش خوێن نەڕژێ. شێخ

ئەحمەد هێشتا ناوەکەی تەواو نەکردبوو کە جەماوەری ناو گۆڕەپانەکە لە هەرایان دا و پێیان بەزەوی دادا مستیان گرێ کردن و هاواریان کرد، ئەوانە هەموو نەفرەتی خوایان لێ بێ. هەموو دەیانزانی مەبەستی ناو نامەکە مانای چییە، شەڕە، شەڕە، شەڕە...

هەریەکە لەبەر خۆیەوە ڕایکێشایە چەخماخی دەمانچەی و کەوتنە تەقەی هەوایی. شێخ ئەحمەد نەیتوانی کەف و کوڵ و هەڵچوونی ئەو کەڵەمێردە کوردانە دامرکێنێتەوە، و هێوریان بکاتەوە، بۆیە هەر یەکڕاست هەڵیان کوتایە سەر سەرایە. نۆبەتدارەکان هەر نەترە و هەترەشیان چوو، جەماوەر بەبێ تەقە چوونە ناو ژووری سەرایە و داگیریان کرد، مەفرەزە و دەوریەی پۆلیسەکانی سەر شەقام و ناو بازاڕیشیان دەستێک پێدا هێنا.

ئەبو نیسان چووبووە نێو بازاڕی مزگەران، تا لاشەی پۆلیسە عارەبان بەدارێوە نەبینێ. شەوێ بەسواری لێی دا و ڕۆیی.

پاش چوار ڕۆژان عارەب لە کەرکووکێ سەری بڕاوی لێپرسراوی لیوای سلێمانیان دەگەڵ نامەکەیدا دیتەوە، لەو نامانەی کە حوکومەت بەهەزارانی لە نێو ئەو چیا و چۆڵانەدا لێ بڵاو کردبۆوە. ئەوەی کە لە سلێمانی ڕووی دا ڕاست دەستپێکی هەستانەوەیەکی تر بوو پێشوازی لێ کرا.

کابرایەکی شێخ (یانی سەرەک عەشیرەتێک) لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٣١دا زۆر بەنامەردی و بەدزییەوە هێرش بۆ شێخ ئەحمەد دێنێ و چەند سەرێک مەڕ و ماڵات و وڵاغ و چەند ئافرەتێک دەدزێ و دەیانبا.

شێخ ئەحمەد دەزانێ مەسەلە چییە. لەسەر ئەوەشڕا خەبەری حوکومەت دەدا کە کارێکی وای دەرباره کراوە، بەڵام حوکمەت چاوی لێ دەپۆشێ و دەیخاتە پشت گوێ و لێی ناپرسێتەوە. ئەوجا شێخ ئەحمەد هەڵدەستێ بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە دوژمنەکەی خۆی وەرگرێتەوە، هێرشی دەکاتە سەرێ و زیانێکی زۆر لەوەی زیاتری لێ دەخا کە بۆ خۆی لێی کەوتبوو، لەمەوە خەڵکی چاوەڕێ بوون کە حوکمەت لەشکریان بکاتە سەرێ. بەڵام هەر دەروەستی شێخ ئەحمەدی نەهاتن و سەرەڕای هەموو ئەو لەشکرکێشی و شەڕ و هەرایەش، شێخ ئەحمەد لەگەڵیان ئاشت بۆوە و زیانەکانی سوپای هەموو بۆ قەرەبوو کردنەوە و ئەو سەربازانەی بەدیلیش گیرابوون و هەمووی



بەردان و ڕەوانەی کردنەوە و پێی وا بوو بەم هەنگاوە ئیدی چارەسەرێکی کۆتایی بۆ ئەو شەڕە دۆزیوەتەوە. حوکمەت ئەوەی زۆر بەڕاشکاوی وەرگرت و پێی وا بوو ئەو جار دەتوانێ دەروەستیان بێت و پاکیان کاتەوە.

دووبارە شەڕ دەستی پێ کردەوە، بەسەدەها بۆمب و خومپارە بەسەر ئەو گوند و لادێ و پێشمەرگانەدا، کە وەک شێر دەگەڵ شێخ ئەحمەدیدا دەجەنگێن. بەڵام فڕۆکە و بۆمباران هەموو وڵاتی کاول و وێران و خاپوور کرد، شێخ ئەحمەد گیرا و دەستبەسەر کرا، سەدان پێشمەرگەی کورد ڕووەو سنوورەکانی تورکیا هەڵاتن، بەڵام کە گەیشتنە ناوچە سنوورییەکان سوپای تورک بۆیان لە بۆسەدا بوو و هەمووی کوشتن، هەرچەندە سنوورەکەش لە ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عێراقیدا بوو، بەڵام بەفیتی ئینگلیزانیان کرد.

بەم جۆرە دووەم و دوایین ڕاپەڕین و هەستانەوەی کوردان دامرکێنرایەوە و کپ و خامۆش کرایەوە. حکومەت دەستوبرد، هات پادگان (معسکر)ێکی گەورەی لە ڕەواندز دروست کرد و پڕی کرد لە سەرباز و شەقامەکانی سیخناخ کردن لە تانک و چەکی کوردان ئەوەی مابووشەوە دەگەڵ سەربەستییەکەیان ژێر خاک کران و دەچاڵی نران. ئەو هەموو هاوار و داد و بڕۆیە ڕاستییانە بۆ سەربەخۆییە، کەس نەیبیست و ئەو نامانەی کە بەخوێنیش نووسرابوون و گەیبووە کۆمەڵەی نێو نەتەوەییەکان (عصبة الامم) خستبوویاننە نێو دۆسیە و لەگەڵ دۆسیەی ئەو میللەتە بچکۆلانانەی جیهاندا کە هاواریان دەبردنە بەرێ لە سویسرا هەڵدەگیران و بن گۆم دەکران.

جار جارەش وێنەی چەند شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرێکی کوژراویشیان، بەناوی جەردە و ڕێگر و دزەوە، لێرە و لەوێ پۆلیس بەدیوارانیەوە هەڵدەواسین کە پاش ماوەیەکیش لەبەر تیشکی ڕۆژێ و ناو تۆز و خۆڵ و با و گەردەلوولان ڕەنگی ڕەسمەکانیان دەچۆوە و کاڵ دەبوونەوە، پۆلیس سەرلەنوێ وێنەی تازەی دێنایەوە و هەڵیدەواسینەوە.